# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٨)- (١٤)ی نیسان ٢٠٢٥



## لۆژیکی سەرۆک بارزانی
## عێراق وەک بەشێک لە کێشەی ناوچەکە
## دەگۆڕێت بۆ بەشێک لە چارەسەر






# دیدار لەگەڵ قاسم سلێمانی
# لە ١٢ی تەمووزی ٢٠١٤

ڕۆژی ١٢ی تەمووزی ٢٠١٤، قاسم سلێمانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، کۆبوونەوەیەکی زۆر ڕاشکاوانەمان هەبوو لە بارەی پێشهاتەکان و هەڕەشەی داعشەوە. لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا سلێمانی ڕایگەیاند: (تێگەیشتنێک لە تاران دروست بووە کە لە شەڕی دژی داعشدا وەک پێویست یارمەتیی شیعەکان نەدراوە و هاوکاری نەکراون.) گوتیشی: (هەڵسوکەوتەکانتان نیگەرانیی دروست کردووە، بەتایبەت لە کەرکووک. دوێنێ لە تاران کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییمان هەبوو. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان کرا. ئەگەر بە نیازی جیابوونەوەن، بۆچی مالیکی لابدرێت و ببێتە هۆی پەرتەوازەیی ناومالّی شیعە، نەگەڕانەوەی وەزیرە کوردەکان بۆ بەغدا و گرتنەوەی نەوتی کەرکووک و دەرکردنی فەرمانبەرە عەرەب و تورکمانەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی و خراپی هەبووە، ئێمە نیگەرانین، چونکە ئێستا هاوپەیمانیەتی لە نێوان کورد و سوننەدا هەیە، نەک لەگەڵ شیعە).

دوای تەواوبوونی قسەکانی قاسم سلێمانی، منیش شیکردنەوەیەکی زۆر ورد و پوختم سەبارەت بەو زانیاری و دەنگۆیانەی بڵاو دەکرێنەوە خستە ڕوو کە لە بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکیان نییە و بە تەواوی دوورن لە ڕاستییەوەو، پێم ڕاگەیاند: نازانین بۆچی دژایەتیی مافەکانمان دەکرێت؟ ئێمەش گازندە و گلەییەکی زۆرمان هەیە و نیگەرانین. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە شیعەیە، نانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕی، هەڵوێستتان چی بوو و چی کرا لەم بارەیەوە؟ ئەگەر ئێمە کێشەی سەرەکین بۆ ئێوە، دوای ئەوەی بۆمبی ئەتۆمیتان دروست کرد لەسەرمان تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بەیەکجاری لە کۆڵتان بینەوە.) بۆ یەکەم جار کۆبوونەوەکەمان بە ناخۆشی کۆتایی پێ هات.

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٨)- (١٤)ی نیسان ٢٠٢٥




سیمای دەوڵەتمەداریی نێچیرڤان بارزانی لە کۆڕبەندی دیپلۆماتیی ئەنتاڵیادا

## هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی خێرە لە چارەسەرکردنی کێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

مستەفا شەفیق :



## جەنابی سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی ئاشتی و دیالۆگ کردووەتەوە

سەیدا یوسف موسلیم :



## کارێزمای سەرۆک بارزانی کاریگەریی گەورەی لە سەرخستنی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەبێت

د. نەبیل جەعفەر مەرسومی :



## ئەگەر نرخی نەوت لە داشکان بەردەوام بێت عێراق دەکەوێتە قەیرانێکی سەختی داراییەوە

پرۆفیسۆر ئەمانوئێل ڕۆبۆرتۆ گۆفی:



## بەرژەوەندیی دەوڵەت و کۆمپانیاکان ڕێگرن لە دانانی ستاندەری ئیتیکی بۆ دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد

ڕۆیا مستەفا :

**سەختییەکانی ئەم ڕێگایە نەک هەر بێزارم ناکات، بەڵکو پاڵنەرێکە بۆ بەهێزتر بوونم**



ئەسمەهان داود :



**لەوانەیە سووریا بە سەر کورد و عەلەوی و دروز و سوننەدا دابەش بێت**



دیدەن کەمال :

**دەمەوێت لە ڕێگەی ڤیدیۆ و پۆستەکانمەوە وزەی ئەرێنی و هەستی گەشبینی ببەخشمەوە**

**سوباهی ئەلهۆیێن چیا ل بەرامبەری دروستکرنا دیرۆکێنە**






ئالین بۆ گوڵان:

**گرنگیدان بە فۆلکلۆری کوردی و پاراستنی ئەرکی هەموومانە**



# لۆژیکی سەرۆک بارزانی عێراق وەک بەشێک لە کێشەی ناوچەکە دەگۆڕێت بۆ بەشێک لە چارەسەر

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ ، عێراقی نوێ لەسەر سێ بنەمای سەرەکی» هاوبەشی ، هاوسەنگی، سازان» بونیادنرایەوە، بەڵام بەداخەوە پێوەی پابەند نەبوون، ئێستاش چارەسەری بنەڕەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەو سێ بنەما سەرەکییە و پابەندبوون بە دەستوورەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەرچی بە ئێمە بکرێت ئامادەین، دەبێت هەموو هێزەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بوێریی ئەوەیان هەبێت دان بە هەڵەکاندا بنێن و دیسان لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە بۆ عێراق تووشی گرفتی گەورەتر نەبێت».

سەرۆک بارزانی – ٩ی نیسانی ٢٠٢٥
پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

**نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، ئەم سەردانەی سوودانی بۆ بارەگای بارزانی لەسەری بڵند پەیامێکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی حکومەتی عێراق ئامادەباشیی هەیە لەسەر بنەمای هاوبەشی و دیالۆگ و ڕێککەوتن کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات**

● **گەڕانەوە بۆ هاوبەشی.. هاوسەنگی ..سازان**

خاڵی گرنگ کە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەبارەت بەسەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتی بڵاویکردەوە ئەوەیە، کە ئامانج لەم سەردانە و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای هاوبەشی و پێکەوە گرێدانەوەی هەوڵەکان بگەنە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا بوونیان هەیە، هەروەها نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەشی بەوە کردووە، ئەم سەردانەی سوودانی بۆ بارەگای بارزانی لەسەری بڵند پەیامێکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی حکومەتی عێراق ئامادەباشیی هەیە لەسەر بنەمای هاوبەشی و دیالۆگ و ڕێککەوتن کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات، لەمەش زیاتر جەختکردنەوەی کەناڵە عەرەبییە عێراقییەکان لەسەر ئەم پرانسیپە بەوەی لەسەر بنەمای «هاوبەشی» محەمەد شیاع سوودانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها باردۆخی ناوچەکە و دوورخستنەوەی عێراق لەوەی ببێتە بەشێك لەو کێشەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو پەیامەی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ٢٠٢٥ و لە مەراسیمی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی لەسەر گرفتە سەرەکییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق هەڵوەستەی لەسەر کرد ، ئەمە لۆژیك و بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بووە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆ ئەوەی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای «هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان» بونیادبنرێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق هەموو کات ئامادە باشییان هەبووە ئیمزا لەسەر ئەو ڕێککەوتنانە بکەن، کە لەسەر ئەم پرانسیپانە گرێدراون، بەڵام لە بواری کرداریدا پێوەی پابەند نەبوون و جێبەجێ نەکراون، هەر بۆیەش لەبری ئەوەی عێراق ببێتە ئەو دەوڵەتە فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەییەی کە هەموو گەلانی عێراق ئومێدی بۆ دەخوازن، ئێستا عێراق بۆتە دەوڵەتێك کە ناتوانێت ڕێز لە سەروەریی خۆی بگرێت و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات.

**هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، وا ڕێککەوتین کە عێراقی نوێ لەسەر بنەمای «هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان» بونیادبنرێتەوە، بەڵام لە بواری کرداریدا پێوەی پابەند نەبوون و جێبەجێ نەکرا**

خاڵی سەرەکی و نوێ لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر کردەوە ئەوە بوو کە گوتی: ئێستاش چارەسەری بنەڕەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەو سێ بنەما سەرەکییە «هاوبەشی، هاوسەنگی، سازان، پابەندبوون بەدەستورەوە»، لەمەش گرنگتر داوای لە هەموو هێزە کوردستانی و عێراقییەکان کرد بەوەی «بوێریی ئەوەیان هەبێت دان بە هەڵەکاندا بنێن و لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە بۆ ئەوەی عێراق تووشی گرفتی گەورەتر نەبێت»، ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی هێندەی دووپاتکردنەوە و جەختکردنەوەیە لە لەسەر لۆژیك و هەڵوێستەکانی پێشتری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دووبارە بونیادنانەوەی هەیکەلی دەوڵەتی عێراق، وەك دەوڵەتێکی «فیدراڵیی ڕاستەقینە» لە هەمان کاتدا هۆشدارییەکیشە بۆ هێزە سیاسییە عێراقییەکان کە وەك دوا دەرفەت دان بە هەڵەکانیاندا بنێن و ڕێگە نەدەن عێراق تووشی «گرفتی گەورەتر!» بێتەوە.

**سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردووە و گوتی: ئێستاش چارەسەری بنەڕەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەو سێ بنەما سەرەکییە«هاوبەشی، هاوسەنگی، سازان، پابەندبوون بەدەستورەوە»، لەمەش گرنگتر داوای لە هەموو هێزە کوردستانی و عێراقییەکان کرد «بوێریی ئەوەیان هەبێت دان بە هەڵەکاندا بنێن»**

● **دەرفەتێك هاتۆتە پێشەوە شیعەی ئەقڵانی دەتوانێت خۆی لە شیعەی سیلاح جیابکاتەوە**

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی گفتوگۆیەکی بە ناونیشانی «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە» بۆ ژمارەیەك لە سەرکردە و سیاسەتمەداری عێراقی و کوردستانی ڕێکخست، ئامانج لەم گفتوگۆیە ئەوەبوو لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندن بۆ ئەو

وەرچەرخانە گەورەیە بکەین، کە ئاستی بەرزی دیپلۆماتییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کانوونی دووەم تا حوزەیرانی ٢٠٢٤ لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و نێودەوڵەتی دروستی کردووە، کە لێرەدا یەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لەو کاتەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە سویسرا بوو بۆ بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤوس، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەولێر بە ڕۆکێتی بالیستی قەدەغەکراو بۆمباباران کرا و، ڕۆژانەش لەلایەن گروپە چەکدارە وەلائییەکانی شیعەوە بە درۆن و کاتیویشا بۆ مباباران دەکرا.

٢- لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤ لە کۆنگرەی لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی، وتاری سەرەکی بۆ مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکرا، کە تیایدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە چۆن بتوانین بە هەماهەنگی هاریکاریی یەکتری کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

٣- هەر لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤ ئیدارەی ئەمریکیی سەردەمی بایدن بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی مسرور بارزانی و شاندی ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتیی ئەنتۆنی بلینکن، ڕاشکاوانە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند «سەلماندتان حکومەتێکی خۆڕاگرن، بۆیە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق ٣٦٠ پلە پشتگیریی هەرێمی کوردستان دەکەین».

٤- لە مانگی مارتی ٢٠٢٤ محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە سەرۆکایەتیی شاندێکی عێراقی سەردانی واشنتۆنی کرد و، لە ئاستێکی بەرز پێشوازی کرا، لەسەر ئەم پێشوازییە باڵایە، سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە پێیان گوتین «ئەگەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئیدارەی بایدن بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لە سوودانی بکات» ئەم پەیڤە لە لاپەرە ٤٠٣ ی کتێبی «کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی - ی بازنەی گفتوگۆ» تۆمار کراوە.

٥- لە مانگی نیسان کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەرمی بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، لەلایەن خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ڕەئیسی بەفەرمی و بە دانانی ئاڵای کوردستان پێشوازی لێکرا.

ئەم وەرچەرخانە گەورە دیپلۆماتی و سیاسییەی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ماوەی کەمتر لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی دروستی کرد، گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەی بەشی زۆری سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە هێنا کە ئێستا حکومەتی عێراقیان بەدەستەوەیە و، ڕاشکاوانە لە گفتوگۆکانی « بازنەی گفتوگۆ» پێیان گوتین «برایان ئێوە وەك هەرێمی کوردستان دەبێت وردتر لەگەڵ لایەنە شیعییەکانی عێراق مامەڵە بکەن، ئێمە وەك شیعە دوو بەشین «شیعەی ئەقڵانی کە بڕوامان بە دەستوور و هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان هەیە، بەشێکی دیکەمان شیعەی سیلاحە کە عەقیدین و بڕوایان بە ولایەتی فەقیهی هەیە و، نابێت هەردوولامان تێکەڵ بکەن».

هەر لەو گفتوگۆیە ئاماژەم پێکرد جیا لەسەرکردەکانی «دەوڵەتی یاسا، ڕێکخراوی بەدر، تەیاری حیکمە» کە سێ لایەنی سەرەکیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بوون، لە هەمانکاتدا سەرکردەی هاوپەیمانی عەزم و سکرتێری حزبی شیوعیی عێراقیش ئامادەبوون، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەی ئێمە بوو، وەك ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ ئەوە بوو، کە سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕاشکاوانە داوایان لێکردین ئێمە وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان زەمینەیەك دروست بکەین، تاکو پێش ئەوەی سەرۆك بارزانی لە تەمموزی ٢٠٢٤ سەردانی بەغدا بکات، لێکتێگەیشتنی زیاتر لەنێوان مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەشێوەیەکی گشتی و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا بەشێوەیەکی تایبەتی دروست بکەین، بۆ

**لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ ، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەولێر بە ڕۆکێتی بالیستی قەدەغەکراو بۆمباباران کرا و، ڕۆژانەش لەلایەن گروپە چەکدارە وەلائییەکانی شیعەوە بە درۆن و کاتیوشا بۆمباباران دەکرا**

**لە مانگی نیسان کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەرمی بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، لەلایەن خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ڕەئیسی بەفەرمی و بە دانانی ئاڵای کوردستان پێشوازی لێکرا**

**لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە دەڵێن ئێمە وەک شیعە دوو بەشین «شیعەی ئەقڵانی کە بڕوامان بە دەستوور و هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان هەیە، بەشێکی دیکەمان شیعەی سیلاحە کە عەقیدین و بڕوایان بە ولایەتی فەقیهی هەیە و، نابێت هەردوولامان تێکەڵ بکەن»**

**سەرۆک بارزانی لە تەموزی ٢٠٢٤ بە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقی ڕاگەیاند « ئەگەر دان بە هەڵەکاندا نەنرێت و نەگەڕێنەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی هاوبەشی ، هاوسەنگی، سازان - پابەندبوون بەدەستوور» ئەوا ناتوانرێت عێراق وەک دەوڵەت لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار بکرێت**

**هەر لە حەماسەوە تا دەگاتە حزبوڵڵا و ڕژێمی ئەسەد و حوسییەکان لەبەر یەکهەڵوەشان و، لە ئێستاشدا هێزەکانی حەشدی شەعبیش کە هاوتەریبی سوپای عێراق ناو دەبرێن، ئێستا ئەوانیش لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدان**

**سەردانەکەی ئەمجارەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە تەواوی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە خۆیان بە خاوەنی حکومەتەکەی سوودانی دەزانن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەبێ یارمەتیی سەرۆک بارزانی زەحمەتە بتوانرێت عێراق لەناو ئەم گێژاوە ڕزگاری بکرێت**

ئەوەی ئەو بەرنامەیەی بۆ کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرکردایەتیی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت ڕێکدەخرێت چڕ و پڕتر و بەرهەمدارتر بێت .

بێگومان سەرۆک بارزانی لە تەمموزی ٢٠٢٤ سەردانی بەغدای کردو، لەگەڵ سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و کۆی سەرکردەی لایەنەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کۆبووە و، زۆر ڕاشکاوانە سەرۆک بارزانی لەمیانەی کۆبوونەوەکانیدا بە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقی ڕاگەیاند «ئەگەر دان بە هەڵەکاندا نەنرێت و نەگەڕێنەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی هاوبەشی، هاوسەنگی، سازان - پابەندبوون بەدەستوور» ئەوا ناتوانرێت عێراق وەك دەوڵەت لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار بکرێت.

بێگومان ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی کاریگەریی گەورەی لەسەر هەردوو لایەنی «شیعەی ئەقڵانی و شیعەی سیلاح» دروستکرد بەوەی ڕێگە دروستەکە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە لێواری هەڵدێر گەڕانەوەیە بۆ لۆژیکی سەرۆك بارزانی، بەڵام وەرچەرخانی ئاستی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای شەڕی تەقاندنەوەی پەیجەرەکان «ئامرازی پەیوەندی» حزبوڵڵا لەلایەن ئیسرائیلەوە و پاشانیش کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و، لەسەرووی هەمووشیانەوە دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم بۆ سەرۆکی ئەمریکا، باردۆخەکە گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەر هات و، هەموو ئەو ملیشیا چەکدارانەی ناوچەکەش کە بەخۆیان دەڵێن «بەرەی مقاوەمە» و سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی پێیان دەڵێن «شیعەی سیلاح» زۆر بە خراپی هەر لە حەماسەوە تا دەگاتە حزبوڵڵا و ڕژێمی ئەسەد و حوسییەکان لەبەر یەك هەڵوەشان و، لە ئێستاشدا نەك هەر گرووپە چەکدارە وەلائییەکانی شیعەی عێراق کەوتوونەتە دووڕیانێك هیچیان لەوی دیکە باشتر نییە، لە هەمانکاتدا هێزەکانی حەشدی شەعبیش کە بە سوپای هاوتەریبی سوپای عێراق ناو دەبرێن، ئێستا ئەوانیش لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدان و، ئەگەر «شیعەی ئەقڵانی عێراق» زۆر بە ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەم باردۆخە نەکات، ئەوا گێڕانەوەی عێراق لەسەر لێواری هەڵدێر کارێکی مەحاڵ دەبێت.

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا « ٢٠٢٥» جارێکی دیکە لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی پەنێلێك بۆ مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکرابوو بەناونیشانی «تێپەڕاندنی ئالنگارییەکان و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان»، ناونیشانی ئەم پەنێلە لەم لوتکەیەدا بەو مەبەستە دانرابوو، کە حکومەتەکانی جیهان سوود لەو شێوازە دەوڵەتمەدارییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن، کە لەبەر ڕۆشنایی لۆژیکی سەرۆك بارزانی بەدروستی مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووداوە گەورانە کردووە، کە لەساڵی ٢٠٢٤ هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ کردووە و، پیایدا تێپەڕیوە و لەناو ئەو ئالنگاری و کارەساتە گەورانەدا دەرفەتی قۆستۆتەوە و، بەسەر ئالنگارییەکاندا زاڵ بووە.

بۆ ئێستای ئەزموونی محەمەد شیاع سوودانی، کە عێراق لەبەردەم هەڕەشە و ئالنگاریی زۆر مەترسیدارادایە و، گەیشتۆتە سەر لێواری هەڵدێر، سەرۆك بارزانی جیا لەوەی دەرفەتی بۆ ڕەخساندووە «دان بە هەڵەکاندا بنرێت و بگەڕێنەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی - هاوبەشی، هاوسەنگی ، سازان، پابەندبوون بەدەستوور» لە هەمانکاتدا هەموو ئامادەباشییەکی پیشانداوە، هەموو ئیمکانییەتی هەرێمی کوردستان بخاتە خزمەتی ڕزگارکردنی عێراق لە سەر لێواری هەڵدێر.

سەردانەکەی ئەمجارەی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە تەواوی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە خۆیان بە خاوەنی حکومەتەکەی سوودانی دەزانن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەبێ یارمەتیی سەرۆك بارزانی زەحمەتە بتوانرێت عێراق لەناو ئەم گێژاوە ڕزگاری بێت و، تەنیا بە لۆژیکی سەرۆك بارزانی، عێراق وەك بەشێك لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە بەشێك لە چارەسەر.






# سیمای دەوڵەتمەداریی نێچیرڤـان بارزانی لە کۆڕبەندی دیپلۆماتیی ئەنتاڵیادا




# هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی خێرە لە چارەسەرکردنی کێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا

ڕۆژی ١١ی نیسانی ٢٠٢٥ لەسەر بانگهێشتی فەرمیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە شاری ئەنتالیا بۆ بەشداریکردن لە چوارەمین کۆڕبەندی دیپلۆماتی لە جیهاندا کە ساڵانە لە شاری ئەنتالیای گەشتیاری ئەنجام دەدرێت.

ئەم کۆڕبەندە جیهانییە ساڵانە بە سەرپەشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی تورکیا لەلایەن وەزارەتی دەرەوە ڕێك دەخرێت و، بۆ کۆڕبەندی ئەمساڵیش ٤٨٠٠ کەسایەتی لە ١٤٨ دەوڵەتی جیهان تێیدا بەشدار دەبن کە لە ناویاندا ٢٠ سەرۆك دەوڵەت و حکومەت و ٦٠ وەزیر هەن، کە ٥٢ وەزیریان وەزیری دەرەوەی وڵاتانن، لەمەش زیاتر وەك ماڵپەری کۆڕبەندەکە ئاماژەی پێ کردووە، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسیش ناوی خۆیان تۆمار کردووە کە بە ڕێگەی پەخشی ئۆنلاین بەشداریی ئەم کۆڕبەندە بکەن.

لەم کۆڕبەندەدا، د.فوئاد حوسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە نوێنەرایەتی عێراق دەکات، لە هەمان کاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بەو مانایەی ئەو لۆژیك و ستراتیژییەی لەسەر ئاستی دیپلۆماتی هەرێمی کوردستانی کردووەتە فاکتەرێکی خێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئێستا هەمان لۆژیك و ستراتیژ، سەرکردایەتیی دیپلۆماتیەتی دەوڵەتێکی وەك عێراق دەکات، کە بە هەموو پێوەرەکان لەناو کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بەشێك لە کێشەکە سەیر دەکرێت، نەك بەشێك لە چارەسەر، هەر بۆیە بوونی ئەم لۆژیك و ستراتیژە لە نوێنەرایەتیی دیپلۆماتی عێراقیدا لەناو ئەم کۆڕبەندەدا گەرەنتییەکی باشە بۆ ئەوەی ڕووی دیپلۆماتیی عێراق وەك بەشێك لە کێشە وەربچەرخێنێت بۆ بەشێك لە چارەسەر.

مێژووی کۆڕبەندە جیهانییەکان لە دوای ڕاگەیاندنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٤٥ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و، بۆ ئەو ساتە وەختەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گەیشتە بنبەست لە چارەسەرکردنی تەنگژەی کەنداوی بەرازان لە کوبا و کار گەیشتە سەر لێواری هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەتۆمیی کاولکەر لە نێوان هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و هاوپەیمانیی وارشۆ بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، بەڵام لەسەر لێوار گەڕایەوە و شەڕەکە هەڵنەگیرسا، هەر بۆیە لە دوای ئەم ڕووداوە «دەوڵەتمەداران و بڕیارسازانی ڕۆژئاوا» بیریان لەوە کردەوە کە دەبێت ساڵانە کۆڕبەندێك بە ناونیشانی «کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی» لە ئەڵمانیا بەڕێوە بچێت، کە دەستپێکی یەکەمین کۆنفرانسی میونشن لە ساڵی ١٩٦٣ گرێ درا، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بۆ ئەو کات ئەم کۆنفرانسە سنووردار بوو، بۆ نوێنەری دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ و ساڵانە هەوڵیان دەدا، چارەسەر بۆ کێشەکانی نێوان هاوپەیمانیی ناتۆ و وارشۆ بدۆزنەوە و، مرۆڤایەتی لە کارەساتی شەڕێکی کاولکەر دوور بخەنەوە، سەرکەوتنی کۆنفرانسی میونشن لەم کارە قورسەدا بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان ببنە مودێلێك بۆ کێشەکانی دیکەی نێودەوڵەتی، هەروەك چۆن لە کۆتایی شەستەکانی ڕابردوو هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی باهۆزی پۆست مۆدێرنە و داکشانی سیستمی دیموکراتیی ڕۆژئاوا لە بەدیهێنانی دادپەروەری و خۆشگوزارانی بۆ هاووڵاتیان، کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری داڤۆسی سویسرا دامەزرا و هەتا ئێستا نەك هەر لە کارەکانی خۆی بەردەوامە، بەڵکو کۆپیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە

**سەرکەوتنی کۆنفرانسی میوشن لەم کارە قورسەدا بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان ببنە مۆدێلێك بۆ کێشەکانی دیکەی نێودەوڵەتی**

**بە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەی بۆ ئەم کۆڕبەندە و دیدارە تایبەتەکەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا و ئەحمەد شەرع سەرۆک کۆماری سووریا ڕەنگدانەوەی هەبووە**

**تا ئێستا سەرۆک بارزانی داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم کێشەیە دەکات کە بە شەڕ هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکرێت و دەبێت سەرەنجام هەر بگەڕێنەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە**

چەندین وڵاتی دیکەی جیهان کراوەتەوە کە نزیکترینیان «لوتکەی حکومەتەکانی جیهانە کە لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە ساڵانە لە دووبەی بەڕێوە دەچێت».

کۆڕبەندی دیپلۆماتیی ئەنتالیاش کە لە ساڵی ٢٠٢١ یەکەمین کۆڕبەندی لە سەردەمی مەولوود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی تورکیا بەڕێوە چوو، لە ساڵی ٢٠٢٣ بەڕێوە نەچوو، بۆیە کۆڕبەندی ئەمساڵ دەبێتە چوارەمین کۆڕبەندی دیپلۆماتی، هۆکاری سەرەکی بۆ دامەزراندنی ئەم کۆڕبەندە دیپلۆماتییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش لە سووریا و عێراق لە ٢٠١٤، هەر لەو ساڵەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا بە جیهانی ڕاگەیاند: «ئێمە میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیین و ماوەی چوار سەدە حوکمڕانیی بەشێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری و بەشێکی فراوانی ئەوروپامان کردووە، بۆیە ئەزموونی ئێمە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە»، بە هەمان شێوە لە وتارەکەشیدا کە ڕۆژی ١١ی نیسانی ٢٠٢٥ لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆڕبەندەکە لە ئەنتاڵیا پێشکەشی کرد، دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و گوتی: «سیستمی نێودەوڵەتی وای لێهاتووە کە ناتوانێت هاوشان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم هەنگاو هەڵبگرێت و ناتوانێت چارەسەری دروست بۆ کێشەکانی ناوچەکەمان بدۆزێتەوە»، ئەم پەیامەی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە سەرۆك کۆماری تورکیا لە سیستمی نێودەوڵەتی نائومێد بووبێت، بۆیە دەیەوێت لە مینبەری ئەم کۆڕبەندەوە ئەقڵە هاوبەشەکان بۆ چارەسەری ئاشتی پێکەوە کۆبکاتەوە و جارێکی دیکە دیپلۆماتیەت بگێڕێتەوە بۆ جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوە کە ئەمە بووەتە ناونیشانی کۆڕبەندی ئەمساڵی ئەنتاڵیا.

## قورسایی دیپلۆماتیی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لە دیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی «Utv Iraq» کە بە زمانی عەرەبی پەخش دەکرێت، هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا لە باسی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بوونیان هەیە، لە بەشێکیدا باسی سیمای دەوڵەتمەداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد کە چۆن بە لۆژیکانە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دەدات، ئەم قەناعەتەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەی بۆ ئەم کۆڕبەندە و دیدارە تایبەتەکەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا و ئەحمەد شەرع سەرۆك کۆماری سووریا ڕەنگدانەوەی هەبووە، لە دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆك کۆماری تورکیا یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکان پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بووە لە تورکیا، دەستپێشخەری بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، دەستپێشخەریی سەرۆك بارزانی بوو کە لە یەکەم سەردانی شاندی کوردستان بۆ لای تورکۆت ئۆزاڵ سەرۆك کۆماری ئەو کاتی تورکیا ئەم دەستپێشخەرییە خرایە ڕوو، و ئۆزال تا ڕاددەیەکی باش قەناعەتی بەم دەستپێشخەرییە هەبوو، لەو کاتەوە تا ئێستا سەرۆك بارزانی داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم کێشەیە دەکات کە بە شەڕ هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکرێت و دەبێت سەرەنجام هەر بگەڕێنەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە، لەم چوارچێوەیەدا نێچیرڤان بارزانی هەر لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، لەبەر ڕۆشنایی لۆژیکی سەرۆك

**نێچیرڤان بارزانی هەر لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت، لەبەر ڕۆشنایی لۆژیکی سەرۆک بارزانیدا کاری بۆ ئەوە کردووە، گرژییەکان خاو بکاتەوە و کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت و بە ئاشتی و دیالۆگ هەوڵ بدرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت**

**پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەمجارەش کە پشتگیریکردن بووە لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لە هەمان کاتدا پێشنیاریشی ئەوە بووە، نابێت هیچ لایەکیان لەم پرۆسە پەشیمان ببنەوە**

**پێویستە تورکیا وەک دەوڵەت پابەندی ئەو بەڵێنە بێت لە چوارچێوەی هەموارکردنەوەی دەستوورەکەی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا بسەلمێنێت، لە هەمان کاتیشدا پەکەکەش پابەندی پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێت کە ئیمراڵییەوە داوای ئاشتی و کۆتاییهاتنی بە شەڕ کردووە**

**هێزی لۆژیک بۆ چارەسەری ئاشتییانە، سەرەنجام چۆکی بە لۆژیکی هێز دادا، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ کێشەیەک بە شەڕ و زەبر و زەنگ چارەسەر نابێت**

**تورکیا وەک دەوڵەت بە تەواوەتی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی هیچ کێشەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە شەڕ چارەسەر ناکرێت بە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیشەوە**

**تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە ئەقڵە ئاشتیخوازەکان پێکەوە کۆببنەوە و چارەسەری ئەقڵانی و هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزنەوە کە بەردەوام هەرێمی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات**

**ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لەناو پاریسەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بە دۆناڵد ترەمپی ڕاگەیاند: «ئەگەر دەتەوێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتوو بیت، ئەوا دەتوانێت سوودێکی گەورە لە لۆژیکی ئەم دەوڵەتمەدارە وەربگریت کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە»**

بارزانیدا کاری بۆ ئەوە کردووە، گرژییەکان خاو بکاتەوە و کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت و بە ئاشتی و دیالۆگ هەوڵ بدرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت، بۆیە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەمجارەش کە پشتگیریکردن بووە لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لە هەمان کاتدا پێشنیاریشی ئەوە بووە، نابێت هیچ لایەکیان لەم پرۆسە پەشیمان ببنەوە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە تورکیا وەک دەوڵەت پابەندی ئەو بەڵێنە بێت لە چوارچێوەی هەموارکردنەوەی دەستوورەکەی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا بسەلمێنێت، لە هەمان کاتیشدا پەکەکەش پابەندی پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێت کە ئیمراڵییەوە داوای ئاشتی و کۆتاییهاتنی بە شەڕ کردووە.

هەروەها لە دیداری دووەمیشی لەگەڵ سەرۆک کۆماری سووریا، دیسان سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردووتەوە، ئەگەر سەرۆک کۆماری تازەی سووریا دەیەوێت کۆتایی بە شەڕ و کاولکاری لە سووریا بێت و هەنگاو بەرەو سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوە هەڵبگرێت، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە سووریا وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایینە و دەبێت مافی هەموو لایەک بسەلمێنێت و بە مافی گەلی کوردیشەوە لە سووریا، لە بەرانبەردا پێشاندانی نییەت باشی لەلایەن سەرۆک کۆماری تازەی سووریا بە پابەندبوونی بە مافی هەموو پێکهاتەکانی سووریا بە گەلی کوردیشەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیمای دەوڵەتمەداری نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی ئاشتییانە بە تەقدیرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

بێگومان هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و سووریا بە شێوەیەکی ئاشتییانە کە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە بە شەڕ و سەرکوتکاری کۆتایی بە کێشەی کورد بهێنرێت، ئەمە مانای ئەوەیە هێزی لۆژیک بۆ چارەسەری ئاشتییانە، سەرەنجام چۆکی بە لۆژیکی هێز دادا، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ کێشەیەك بە شەڕ و زەبر و زەنگ چارەسەر نابێت.

ئامانجی ئەم کۆڕبەندە دیپلۆماتییە کە زۆر بە ڕاشکاوی سەرۆك کۆماری تورکیا و وەزیری دەرەوەی تورکیا لە وتاری کردنەوەی ڕێوڕەسمی ئەم کۆڕبەندە ئاماژەیان پێکرد، ئەوەیە کە تورکیا وەك دەوڵەت بە تەواوەتی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی هیچ کێشەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە شەڕ چارەسەر ناکرێت بە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیشەوە، بۆیە تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە ئەقڵە ئاشتیخوازەکان پێکەوە کۆببنەوە و چارەسەری ئەقڵانی و هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزنەوە کە بەردەوام هەرێمی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم کۆڕبەندە، ئەو دیدار و کۆبوونەوانەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك و نوێنەرانی دەوڵەتانی جیهان ئەنجامیان دەدا. لە شوباتی ئەمساڵ و لە میانەی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخی بەشێکی زۆری سەرۆك دەوڵەتان و بڕیاربەدەستانی جیهانی بوو، کە بە سەرسامییەوە لە کەناڵە عەرەبییەکان و عێراقییەکان ئاماژەی پێ دەکرا و هەڵوەستەی لەسەر دەکرا، لەم کۆڕبەندەشدا بەهەمان شێوە و وەك ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لەناو پاریسەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ بە دۆناڵد ترەمپی ڕاگەیاند: «ئەگەر دەتەوێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتوو بیت، ئەوا دەتوانێت سوودێکی گەورە لە لۆژیکی ئەم دەوڵەتمەدارە وەربگریت کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە»،ئەمەش پێشاندەری قورسایی دیپلۆماتیی هەرێمی کوردستانە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.



# گەلی سووریا لە بەردەم ئالنگارییە چارەنووسسازەکاندا

دوای ڕووخانی ڕژێمی ستەمکاری دیمەشق و کۆتایی پەنجا ساڵ لە دیکتاتۆریەت لە هەشتی مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو و، هەڵاتنی خۆری ئازادی، گەلی سووریا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەتیش کورد کە لە پێکهاتەکانی دیکە زیاتر تووشی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی جۆراوجۆر و زەوتکردنی مافەکان بووە، چونکە بناغە تیۆرییەکانی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار، لەسەر ئەمانەی خوارەوە بنیاد نرابوون:

١- پشتگوێخستنی بوونی کورد وەك گەلێکی نیشتەجێبوو لەسەر خاکی باوك و باپیرانی و وەك دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەکە و، وای دانابوو کە کورد وەك کۆچبەری هاوشێوەی پێکهاتە عەرەبییەکانە لە ئەورووپا، هەر وەك لە گۆڤاری تیۆری بەعس - ئەلمونازل - لە ژمارەی هاوینەی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە، هەروەها لە تەواوی وتار و نووسینەکانی تیۆریزەکەی بەعس «میشێل عەفلەق»، ئاماژەی پێ کراوە.

٢ – سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و گۆڕینی هەیکەلبەندیی دیمۆگرافی بەپێی پلانی سەرژمێری و پشتێنەکە، وەك لە ڕاپۆرتی ئەفسەری ئەمنی بەعس- «محەمەد تالیب هیلال»دا هاتووە.

٣- لە کوردستانی عێراقیش لەوە زیاتر ڕووی دا، کاتێك بە چەکی کیمیاوی هێرش کرایە سەر هەڵەبجە.

زانراوە کە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەی حزبی بەعس بەرانبەر کوردی سووریا، کە زیاتر لە پەنجا ساڵ حوکمڕانیی ئەو وڵاتەی کرد، بەشێکی بنەڕەتیی لە کۆی هەڵوێستە تاوانکاری و پاوانخوازەکانی ڕژێم پێك دەهێنێت بەرانبەر بە گەلی سووریا بەگشتی، کە ئۆپۆزسیۆن و شۆڕش لەپێناو کۆتاییهێنان بەو هەڵوێست و سیاسەت و پراکتیکانە سەریان هەڵدا، لەپێناو جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی دیموکراسی و گەڕانەوەی حوکمڕانی بۆ گەل لە سایەی سیستمێکی سیاسیی فرەیی و بەشداربوودا.

بەڵێ، قۆناغێکی نوێ لە سووریا هاتووەتە ئاراوە و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیش لە خراپترین بارودۆخی خۆیدایە و بەدەست هەڵوەشانەوە و دابەشبوون و ململانێی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت. لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە دیدێکی یەکگرتوو و یەك بەرنامەی سیاسی و سەربەخۆیی لە بڕیارداندا نییە.

ئێستاش لەم قۆناغەی دوای ستەم و لە سەردەمی ئازادیدا، گرنگیی ئاوەدانکردنەوە و یەکخستنەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، زیاتر دەبێت لە ڕێگەی پڕۆژەی بەستنی کۆنفرانسێکی هەمەلایەنەی کوردیی سووریا، بە مەبەستی بەدیهێنانی کۆدەنگیی نەتەوەیی کورد، هەروەها دۆزینەوەی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراوی شەرعی و ڕزگارکردنی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە دەستتێوەردانی دەرەکی، هاوکات ڕێگریکردن لە ڕێگەی قۆستنەوەی دۆسێی کورد بۆ قازانجی لایەنانی دوژمن بە سووریا و نیشتمان و گەل، هەروەها توانای گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ سەردەمی نوێدا لە دیمەشق.

**دوو پڕۆژە لە گۆڕەپانی کوردی سووریا**

بۆ ماوەی چواردە ساڵ حزبەکانی هەردوو لا (پارتی یەکێتیی دیموکرات و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد) و ئەوانەی لە نێوانیاندا بوون، لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و لایەنگریدا ئەو بەر ئەوبەریان دەکرد، زۆرجاریش هەوڵیان دەدا لە ڕژێمی ستەمکار نزیك ببنەوە و، لێکتێگەیشتنی لەگەڵدا بکەن بە هۆکاری بەرژەوەندیی حزبی، نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و خواست و ئامانجی زۆرینەی ڕەهای کوردی سووریا، بەڵام کاتێك ڕژێمی ستەمکار ڕووخا، لایەنە کوردییەکان ڕووبەڕووی سەرلێشێواوییەکی ڕوون بوونەوە، چونکە لەناکاو هەموو کەناڵەکانی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا داخران، هەروەها



سەڵاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بەهۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە پرۆسەی ڕزگاریخوازییەوە نەبوو، سەرەڕای بانگەشەی درۆیینەیان کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی کوردی سووریا دەکەن، کە بە تەواوی لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمەکەدا بوو، هەروەها بە ڕوونی هاوسۆزی ئەو ڕزگارکەرانە بوون کە ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی سووریایان بەدەست هێنا.

بزووتنەوەی «بزاڤ» هەر لە سەرەتای قەیرانەوە پڕۆژەی خۆی خستووەتەڕوو بۆ بنیادنانەوەی بزووتنەوەی کوردی سووریا و زیندووکردنەوەی ئامرازەکانی خەبات و پتەوکردنی پێگە و ڕۆڵی خۆی لە خەبات و پێشکەشکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەی ئاشتیی کورد بە هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیی سووریا و، چەسپاندنی پرەنسیپی سەربەخۆیی بڕیار و دوورکەوتنەوە لە بوونی پەیوەندی لەگەڵ میحوەرەکانی دەرەکیدا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی ستەمکار، نوێنەرانی «بزووتنەوەی بزاڤ»، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی، پەیوەندییان لەگەڵ حزبەکانی هەردوو لادا دەست پێکرد، پڕۆژەکەیان بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش کرد:

## پڕۆژەی «بزووتنەوەی بزاڤ»

بۆ ئەوەی کۆنفرانسی گشتیی کوردی سووریا سەربکەوێت، دەبێت بە کۆدەنگی لیژنەیەکی ئامادەکاری لە ١٥ کەس (لە هەردوو ڕەگەز) بە سازان پێك بهێنرێت، ئەمەش لە زۆرینەی نیشتمانپەروەرانی سەربەخۆ و بێلایەن لە ناوچە جیاوازەکان و بە بەشداریی حزبەکانی هەردوولا و ئەوانەی نێوانیان، کە لە یەك لەسەر سێ زیاتر نەبێت. لیژنەکە سەرپەرشتیی ئامادەکارییەکانی کۆنفرانسەکە دەکات، لە دیاریکردنی شوێن و کات و ئامادەکردنی کارنامە و بانگهێشتکردنی نوێنەرانی ناوچەکانی (عەفرین و کۆبانێ و ئەلجەزیرە) و دیمەشق و حەلەب و ئەوانەی نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن، کۆنفرانسەکە دەبێتە خاوەن بڕیاری خۆی لە گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پڕۆژە و بەرنامە و سیاسەتەکان و، بە هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەرپرسیار بۆ سەرکردایەتیکردنی قۆناغی داهاتوو کۆتایی دێت.

## پڕۆژەی لایەنەکان

کاتێك «بزووتنەوەی بزاڤ» نۆ ساڵ لەمەوبەر پڕۆژە هەمەلایەنەکەی خۆی بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی هەمەلایەنەی کوردی سووریا پێشکەش کرد، لایەنەکانی هەردوولا و نێوانیان بە دوژمنایەتیکردن و ڕەتکردنەوە و بێ بایەخەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو پڕۆژەیە گۆڕا بۆ خواستێکی گشتیی جەماوەری و، لەژێر فشاری ڕای گشتیدا، بە مەبەستی دەربازبوون لە پڕۆژە بنەڕەتییەکە، پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە)، بانگەشەی ئەوەی کرد کە گوایە دەستپێشخەرییەکیان هەیە بۆ بەستنی کۆنفرانسی کوردی و، ئەوانی دیکەش بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە دەکەن، بۆیە لیژنەیەکی ئامادەکاریی حزبی دامەزراند و پشتی بە دووانەی شکستخواردووی کۆن بەست، واتە پارتەکانی ئەنجومەنی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

گرووپەکانی پەکەکە و ئەوانی دیکە بە ئەنقەست «بزووتنەوەی بزاڤ»یان دوورخستەوە، تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشکەشکردنی پڕۆژەکەی لێ بگرن، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن گەلەکەمانەوە قبووڵ کراوە، لە هەر مەکۆیەکدا کە پەیوەندیی بە کوردی سووریاوە هەبێت، ئەمەش لە کۆنفرانسی حەسەکە ڕووی دا. گومانی تێدا نییە ئێمە بە دوای کورسی و بەرژەوەندیی تایبەتیدا نین، هیوای خێر و خۆشیی بۆ هەر هەوڵێکی ڕاستگۆیانە دەخوازین، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا هیچ ئاسۆیەکی هاندەر نابینین، بەو پێیەی ئەوەی لەسەر لایەنە شکستخواردوو و چەواشەکارانە و ناسەربەخۆکان بنیادنراوە، بەتاڵە.

# ترەمپ کار بۆ هاوکێشەیەکی نوێی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەکات

**ئێش و ئازاری لەدایکبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ دەستی پێکردووە**

**پێویستە کورد لۆژیکانە و یەکگرتووانە لەم قۆناغەدا هەڵسوکەوت بکات، بۆ ئەوەی بە هاوشێوەی سەردەمی ڕووخانی سەدام پشکی لە گۆڕانکارییەکان بەرکەوێت**

**ئەم گۆڕانکاریی و خواست و ویستەی ترەمپ و ئیدارە نوێیەکەی بێ کەوتنەوەی کێشەی سیاسی و تەنانەت سەربازیش نابێت**

دوای هاتنی ترەمپ و ئیدارەکەی، کۆمەڵێك وەرچەرخان بەسەر هاوسەنگیی هێزی ئیقلیمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هات. کەوتنی ئەسەد و لاوازبوونی هێزەکانی حەماس و حزبوڵڵا و حوسییەکان و میلیشیاکانی عێراق و هاتنی هێزەکانی شەرع و داگیرکارییەکانی ئیسرائیل، سەرەتای گۆڕانکارییە، نەك تەنیا لە بواری هێزی سەربازی، بگرە لە بواری گۆڕانکاریی جوگرافیای ناوچەکەش، هەروەکو ئەوەی نەتەنیاهۆ بەڵێنی گۆڕانکاریی نەخشەی سنوورەکانی ناوچەکەشی دا. بەمەش ترەمپی ئەمجارە و ئیدارەکەی، نەك تەنیا بەراورد بە دیموکراتەکان و بگرە بەراورد بە کۆمارییەکانی پێشوو، تەنانەت بەراورد بە ئیدارەی یەکەمی خۆی جیاوازیی زۆری دەبێت، چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی سیاسی سەربازییەوە، بگرە کار بۆ ڕێکخستنەوەی تەواویی سیستەمی ئابووریی جیهانیش دەکات، بە شێوازێك سوودی تەواوی ئەمریکای تێدا بێت. هەروەکو ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات، ئەمریکایەکی بەهێز و ئابوورییەکی بەهێزتر لە جاران و ناردنەوەی پەنابەرانی ناشەرعی و دەستکردن بە دەرهێنانی زیاتری نەوت و ڕێگاگرتن لە بەرزنەبوونەوەی نرخی نەوت و دانانی تاریفەی گومرگی لەسەر هەموو کاڵا و شمەکی هاوردە بۆ ئەمریکا، کە ئەمانە نموونەیەکی بچووکی ئەو کارانەیە کە لەم چەند ساڵەی حوکمڕانیی خۆیدا دەستی بە پیادەکردنی کردووە و دەیکات.

ئەم گۆڕانکاریی و خواست و ویستەی ترەمپ و ئیدارە نوێیەکەی بێ کەوتنەوەی کێشەی سیاسی و تەنانەت سەربازیش نابێت. ئەوەتا لە شەڕی حوسییەکان و هێنان و جووڵانی هێز بۆ ناوچەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئێران، سەرەتای ئەم ململانێیانە دەرکەوتووە، لەمەش زیاتر لەگەڵ زلهێزەکانی وەکو ڕووسیا و چین کە هەرگیز ئەم وڵاتە زلهێزانەی جیهان و زۆر وڵاتانی دیکە وا بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆیان نابن و نایانەوێت لە ڕووی ئابوورییەوە سیاسەتە نوێیەکانی ترەمپ زیانی گەورە بە وڵاتەکانیان بگەیەنێت، بۆیە ئەمانە هەموویان ئاماژەن بەوەی کێشەکانی جیهان لە ڕووی سیاسییەوە قووڵتر ببنەوە، ئەمەش ئاساییە لە قۆناغەکانی داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ، تا ئەو کاتەی لە دواجاردا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ لە دایك دەبێت.

لەم واقیعەدا ئیسرائیل وەکو کوڕە بچووکەکەی ئەمریکا خۆی بە براوەی شەڕەکە دەناسێنێت و ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت و، هەروەکو نەتەنیاهۆ دەڵێت: «ئێمە کورد نین تاوەکو ئەنفال بکرێین»، ئەمە وەکو ئاماژەیەك بۆ سەرجەم ڕژێمەکانی ناوچەکە کە کوردیان ئەنفال و جینۆساید و کۆمەڵکوژ کردووە. ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی ئیسرائیل جددییە کە ڕێگا بە هیچ هێز و گرووپ و میلیشیاتێکی ناوچەیی نادات، نزیك بێت لە سنوورەکانی، یان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر جوو و هەرچی باڵ و لایەنگر و پاشکۆی چەکداری وڵاتانی تورکیا و ئێران هەیە، کۆتاییان پێ دەهێنێت، یان هێز و دەسەڵاتیان کۆت و بەند دەکات و ناوچەی ئاسایشی ئیسرائیلیش گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و دەیبینێت، لەمەشدا ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی خۆی دەبینێت.

عێراقیش وەکو بەشێکی ناو نەخشە نوێیەکەی کە بۆ نەشتەرگەریی ئامادە کراوە و لە ئێستاوە میلیشیا چەکدارەکانی بێدەنگ بوون و خۆیان بۆ گورزێکی سەربازیی بەهێز ئامادە کردووە، پێش لێدانەکە لاوازییەکی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانە گەورەکەی ڕژێمی بەشار ئەسەد و لاوازبوونی حزبوڵڵا و داڕمانی هیلالی شیعە،



**دڵشاد میران**

**سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئەو هیلالەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کار و بودجەیەکی زەبەلاح و قوربانییەکی زۆریان بۆ داوە، بە شەو و رۆژێك رووخا و سیستەمەکەیان شڵەژاوە و هێزە سوننەکانی دژ بە هیلالی شیعە جێگایان گرتەوە. بۆیە عێراق و حکومەتەکەی و ئیتاری تەنسیقی شیعە لە مەوقفێکی زۆر ئیحراجن، لەلایەك ئەمریکا و ئیسرائیل سەرەیان بۆ لێدانی داناوە و لەلایەکی دیکەوە شەقام و هاووڵاتیانی (عەرەبی سوننە و کورد و شیعەش) لە حوکمڕانییان ڕازی نین و سەرەتای نارەزایەتی و خۆپیشاندان و بەرزبوونەوەی دەنگی گۆڕانکارییەکان دەستی پێکردووە.

نە گەلی کورد برسیکردن و گەمارۆدانی هێزە شیعەکانی لەبیر کردووە، نە سوننەکان پەراوێزخستن و داگیرکردنی خاك و زیندانیکردنی ڕۆڵەکانیان لەیاد کردووە، نە خەڵکی شیعە تووڕەیی و خۆپیشاندانەکانیان لە دژی وێرانیی شار و بێکاری و هەژاری و خراپی خزمەتگوزارییەکانیان نیشتووەتەوە.

ئەم بارودۆخە نوێیەی عێراق و ناوچەکە پێویستی بە کەسانی عەقڵمەند و حیکمەتێکی وا هەیە، کە خۆی بۆ گەردەلوول و زریانی ئەم هاوینە ڕابگرێت. ئەمە ئەگەر هێزەکانی بەرەی موقاوەمە و سەر بە ئێران بە هانی تەهران بارودۆخەکە تێك نەدەن و عێراقیش بە هاوشێوەی سووریا و لوبنان و یەمەن نەکەوێتە ناو گێژاوی شەڕ وماڵوێرانی و ناسەقامگیرییەوە، چونکە ئەمجارە محەمەد شیاع سوودانی ناتوانێت تەنیا هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئێران بێدەنگ بکات، بەڵکو دەبێت چەکەکانیان پێ دانێت و چیتر هێزی میلیشیاتی سەر بە ئێران لە عێراق نەمێنێت و کار بۆ ئەجندەی ئەو وڵاتە بکەن لە دژی ئەمەریکا و هاویشتنی مووشەك و درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەنبار و هەولێر.

حوکمی شیعە نەیتوانیوە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکات، بەڵکو لەبری چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و قەرەبووی قوربانییەکانی ئەنفال و جینۆساید و تێکدانی گوندەکان و ناردنی تەواوی پشکی هەرێم لە بوودجە، کاریان بۆ برسیکردنی مووچەخۆران و دانانی بازگەی نایاسایی کردووە و گەمارۆی ئابووریشیان داون.

ئەمریکا فشاری زۆری لەسەر عێراق هەیە کە ڕێگا بەو میلیشیاتە چەکدارانەی سەر بە ئێران نەدات و چیتر دۆلار و قاچاخچێتیکردنی نەوت بۆ ئێران نەکەن و وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی مامەڵە بکەن و دەستبەرداری ئێرانچێتی بن.

لەناو هەناوی ئەم خواست و ویستە ناکۆك و ئاڵۆزانەدا، کورد هاوکێشەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بە حیکمەتی سەرۆك بارزانی هەروەکو ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، لەناو ئاڵۆزییە سەربازی و سیاسییەکاندا بە ژیری و حیکمەتانە مامەڵە دەکات، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە جیهان بە چاوێکی دیکە سەیری دۆزی کورد لە ناوچەکەدا دەکات. نەوەکو ئەوەی لە دوای شەڕی داعش لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بینیمان کە هێزێکی سیاسی و سەربازی دەستبەرداری یەکگرتوویی و یەکڕیزی نێوماڵی کورد بوو، لە ئاکامدا زیانێکی گەورەی بەر کورد و خۆیشی کەوت و هەرێم یەك لەسەر سێی خاکەکەی بە کەرکووکیشەوە لەدەست دا و کەوتینە پێگەیەکی لاواز و هەموو مافەکانمان پێشێل کرا.

لەم قۆناغە و لەبەردەم ئەم وەرچەرخانە گەورانەدا کە زلهێزەکانی جیهان و هێزە ئیقلیمییەکان ڕۆڵیان تێدا دەبینرێت، ئەمریکا کاراترین هێزە و کۆتاجار لە بەرژەوەندیی ئەمریکا تەواو دەبێت، بۆیە دەبێت کورد لەگەڵ بەرەی براوە و بەهێزدا خۆی بگونجێنێت و گرنگە بزانێت چۆن گەمەکە و خۆگونجاندنی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت.

**لە شەڕی حوسییەکان و هێنان و جووڵانی هێز بۆ ناوچەکە و هەرەشەکانی بۆ سەر ئێران، سەرەتای ئەم ململانێیانە دەرکەوتووە**

**ئەو هیلالەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کار و بودجەیەکی زەبەلاح و قوربانییەکی زۆریان بۆ داوە، بە شەو و رۆژێک رووخا و سیستەمەکەیان شڵەژاوە و هێزە سوننەکانی دژ بە هیلالی شیعە جێگایان گرتەوە**

**نە گەلی کورد برسیکردن و گەمارۆدانی هێزە شیعەکانی لەبیر کردووە، نە سوننەکان پەراوێزخستن و داگیرکردنی خاك و زیندانیکردنی ڕۆڵەکانیان لەیاد کردووە**



مستەفا شەفیق
نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی بۆ گوڵان:

# جەنابی سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی ئاشتی و دیالۆگ کردووەتەوە

**وێڕای ئەوەی ڕوون نییە گفتوگۆکانی ئاشتی لە تورکیا لەسەر پرسی کورد بە کوێ دەگات، بەڵام هاتنی شاندی دەم پارتی و پەیامی ئۆجەلان بۆ سەرۆك بارزانی و پرۆسەی ئاشتی و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرچەرخانێکی مێژووییە بۆ گەلی کوردی باکوور و ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەگەر دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە هەنگاوی پراکتیکی بنێن، بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ و جێگیرکردنی مافی گەلی کورد لەو وڵاتە و گەڕانەوەی متمانە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مستەفا شەفیق نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی و شارەزا لە کاروباری سیاسیی تورکیا ساز دا و بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** شاندی دەم پارتی پەیامی ئاشتیی ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و، سەرۆك بارزانی پشتگیریی ناوەڕۆکی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، کە ئامانج لێی چارەسەری ئاشتییانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، خوێندنەوەی ئێوە چۆنە بۆ سەردانی شاندی دەم پارتی بۆ لای سەرۆك بارزانی و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان؟**

- شەڕی پەکەکە و تورکیا شەڕێکە لە چوارچێوەی دەوڵەت و سنوورەکانی تورکیا دەرچووە، هەر لە دەستپێکی سەرهەڵدانی شەڕەکە لە ساڵانی هەشتاکانەوە بەشێکی زۆر گرنگی شەڕ و پێکدادانەکان لەناو خاکی هەرێمی کوردستانە، دوای ڕووداوەکانی سووریا و بەهاری عەرەبی بەشێکی ئەم شەڕانەش کەوتنە ڕۆژئاوای کوردستانەوە، چەند جارێك لەشکرکێشی بەرفراوانی تورکیا کرایە سەر ئەم پارچەیەی ڕۆژئاوای کوردستان بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەم هۆکارانە ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی ئاشتی، یان پرۆسەی چارەسەریی بۆ پرسی کورد لە باکووری کوردستان بێتە ئامانج، پێویستە هەموو ئەو لایەن و هێزانەی پەیوەندیدارن بەم شەڕەوە، (بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ) بەشدارییەکی کارایان لەناو پرۆسەی ئاشتییەکەدا هەبێت، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە لەڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و سەربازیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم بابەتەی ئاشتی و چارەسەرییەوە هەیە، بەو پێیەی بەشێکی زۆری ئەو ململانێ و پێکدادانە سەربازییانە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ڕوو دەدات. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لە پرۆسەی ئاشتیی نێوان پەکەکە و تورکیا و بابەتی چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا هەیە. لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە غەززە ڕوویان دا و دواتر ڕووداوەکانی سووریا و لوبنان و یەمەن و لە دوارۆژێکی نزیکدا لەسەر عێراق و ئێران و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات، هەر هەمووی کاریگەریی سەرەکی لەسەر گرنگی و پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەناویشیدا پرسی کورد لە تورکیا، چونکە ئەمریکا و ئیسرائیل دەخوازن هێزە هەرێمییە گەورەکان، هەژموونییان لەسەر ئاستی هەرێمی کەم ببێتەوە، نەك بەپێچەوانەوە لە هەڵکشاندا بێت، وەکو ئەوەی بەسەر ئێران و هیلالی شیعە و میلیشیاتە چەکدارەکانی ئێراندا هات لە سووریا و لوبنان و یەمەن. بۆیە هەموو ئەگەرەکان بەو ئاراستەیەدا دەچن کە ئەم گۆڕانکارییانە بەسوود و بەرژەوەندیی کورد تەواو بێت. ئەوەتا پێگەی کورد لەناو ئەم هەرێمە و ناوچەکەدا بە شێوەیەکی زۆر باش بەهێز بووە و کاریگەریی باشی لەسەر هەبووە. بەتایبەتی کە ئەم هەرێمە (باشووری کوردستان) هەرێمێکی دەستووری و یاساییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەناو عێراقدا دەسەڵاتێکی کارای هەیە، پێشتریش خەبات و

**ئەمریکا و ئیسرائیل دەخوازن هێزە هەرێمییە گەورەکان، هەژموونییان لەسەر ئاستی هەرێمی کەم ببێتەوە، نەک بەپێچەوانەوە لە هەڵکشاندا بێت**

**ئەم هەرێمە (باشووری کوردستان) هەرێمێکی دەستووری و یاساییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەناو عێراقدا دەسەڵاتێکی کارای هەیە**

**ئەردۆگان خوازیارە پرسی کورد بۆ جەهەبە و دەم پارتی نەڕوات و لەسەر ئاستی ڕەهەندی دەرەکییش دۆسێی کورد لە دەستی ئەمریکا دەربهێنێت**

**هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازی و ئەمنی و پێکدادانەی لێرە و لەوێ دەکرێت، خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەریی ناکات**

ڕێککەوتن و واقیعێکی نێودەوڵەتی دروستی کردووە و کەس ناتوانێت ئینکاری و نکۆڵی لێ بکات، تەنانەت تادێت وێڕای ئالنگاریی و دژایەتییەکان پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر و قایمتر دەبێت. نەك تەنیا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ گرنگی لەنێوخۆی عێراقدا هەیە، بگرە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە تەواوی ناوچەکە و جیهانیشدا هەیە.

ساڵانی ڕابردوو دەریانخست چەند گەمارۆ و سزا و هێرش بکرێتە سەر ئەم پێگەیەی هەرێمی کوردستان، هەر بە خۆڕاگری و بەهێزی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەمە لە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد، بارزانی و هەرێمی کوردستان و هەر دوو (سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی بۆ پرسی کورد لە باکووری کوردستان. بێگومان پێش ئەوەی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڵاو بکرێتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو، سەردانی شاندەکان بۆ لای ڕێزدار بارزانی دروست بوو، کە گرنگترینیان سەردانی بەڕێز مەزڵووم عەبدی و شاندی دەم پارتی بوو، کە پەیامی ئاشتییان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنابوو، هەموو ئەمانە بەشێکن لە ئامادەکاری و زەمینەسازییەکی بەرفراوانتر بۆ ئەوەی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەکەکە و هەموو هێزەکانی ڕۆژئاوا و تورکیاش لەناو پرۆسەی ئاشتی بن و کاری جددی بکرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، ئەمەش تەنیا بۆ زەمینەسازی و لایەنی ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژکردن نییە، بەڵکو بۆ لایەنی کرداریشە، بۆ نموونە ئەگەر سبەینێ بمانەوێت پەکەکە بڕیاری چەك داماڵین بدات، خۆ جگە لە هەرێمی کوردستان لە حاڵی حازردا شوێنێکی دیکە نییە ببێتە دەرگای ئەم هەنگاوە و بە کردار پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێشەوە ببرێت. دوای ئەم هەنگاوە دەبێت هەرێمی کوردستان بە هەموو هێز و لایەنەکانەوە بەتایبەتی کاراکتەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکییان لەم پرۆسەیەدا هەبێت. ئەم واقیع و ڕۆڵە سەرەکییەی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و عێراق و ڕۆژئاوای کوردستانیش وایە، ئەگەر ئەم پرۆسەی ئاشتییە لە باکووری کوردستان بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست بڕوات، هەرێمی کوردستان کاراکتەری هەرە سەرەکی دەبێت لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا.

*** کورد لە باکووری کوردستان و لە دەرئەنجامی شەڕی پەکەکە و تورکیا تووشی شەڕ وماڵوێرانییەکی زۆر بووەتەوە، هەڵبەتە وەکو ئاماژەتان پێدا، دەستی دەرەکی و ئەجیندەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لە نێوخۆشدا گەلێك هێزی شۆڤێنیی دژ بە کورد دەستیان لەم شەڕەدا هەیە. ئایا پەکەکە و تورکیا لە قۆناغی داهاتوودا لە توانایاندا هەیە، بەشێك لەو متمانەیە بگەڕێننەوە و بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی هەنگاوی پراکتکی بنێن؟**

- لە ڕابردوودا چەند جارێك هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان درا، بەداخەوە نەك تەنیا هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، بەڵکو لەدوای ئەو دانوستان و هەوڵانە قۆناغێکی خوێناوی و شەڕ و کوشتار دەستی پێکردەوە، کە قۆناغێکی زۆر خراپ و خوێناوی بوو بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان و ڕۆژئاواش، لەو دوو بەشەی کوردستان کورد شەڕی توندتری بە خۆیەوە بینی و قوربانی و ئاوارەبوون و ئاژاوە و بارودۆخێکی خراپتر ڕووی لە کورد کرد. بۆیە لەم پرۆسەی ئاشتییەدا جۆرێك لە بێمتمانەیی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی دەستتێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەم شەڕەدا هەیە و لە نێوخۆی تورکیاشدا هێزی شۆڤێنیی دژ بەکورد بوونیان هەیە، دەستی ناحەزانی ئاشتی و ئارامی لە نێوخۆی تورکیا و لە دەرەوەش زۆرە، بۆیە دەبێت هەموو ئەو لایەن و هێزانەی کە بەڕاستی نیازی چارەسەری ئاشتییان بۆ پرسی کورد لە تورکیا هەیە، بەتایبەتی پەکەکە و تورکیا بە هەموو توانایانەوە ڕێگری لەو دەستتێوەردانە دەرەکی و نێوخۆییانە بکەن و لەئاست ئەو ئامادەکاری و پێشوازییە باشەدا بن، کە بۆ پرۆسەی ئاشتی و دەستپێشخەرییەکان هەیان

بووە و، زەمینە بۆ یەکتر خۆش بکەن، بۆ چارەسەری ئەو بێمتمانەییەی لە ڕابردوودا هەبووە، ئەمەش بە شەڕ ڕاگرتن دەست پێ دەکات. لە بەرانبەردا ئەردۆگان بەهۆی هەردوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکییەوە ویستی ئەو نزیکبوونەوە و گەڕانەوەی دۆسێی کوردی بۆ ژێر دەستی خۆی هەیە. ئەردۆگان خوازیارە پرسی کورد بۆ جەهەبە و دەم پارتی نەڕوات و لەسەر ئاستی ڕەهەندی دەرەکییش دۆسێی کورد لە دەستی ئەمریکا دەربهێنێت .

*** ئۆجەلان بە فەرمی داوای کردووە کە پەکەکە چەك دابنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت. سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکەش بە زارەکی پێشوازییان لەم پەیامە کردووە. ئایا پەکەکە بە کردەیی ئەم پەیامەی ئۆجەلان جێبەجێ دەکات؟**

- پەکەکە و سوپای تورکیا دەزگا ئەمنییەکانیش دەبێت بە پراکتیکی شەڕ ڕابگرن و هەموو ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازی و ئەمنی و پێکدادانەی لێرە و لەوێ دەکرێت، خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەریی ناکات. ڕەنگە هەندێك هێز و لایەن بەرژەوەندییان لە ئاشتیدا نەبێت و بەرژەوەندییان لەشەڕدا بێت، بەڵام خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا بەرژەوەندیی ئێستا و داهاتووشیان لە ڕاوەستانی شەڕ و چارەسەری ئاشتییدایە، بۆیە دەبێت پەکەکەش لەگەڵ داوای سەرۆکەکەی و خەڵکی باکووری کوردستاندا بێت و، نەچنە ژێر باری هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لێرە و لەوێ لە بەردەم پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دادەنرێت. بەداخەوە ئەو بێمتمانەیی و دوودڵییە ڕەنگە هەندێکجار بگۆڕدرێت بۆ دروستبوونی حاڵەتی نەخوازراو، بۆیە هێزە شەڕکەرەکان ئەگەر بۆ ئامانجێك شەڕیان کردووە، دەبێت زیاتر لەوە بۆ ئامانجی ئاشتی خەبات بکەن، بەڕاستی شەڕی ئاشتی لە شەڕی چەکداریی زۆر زۆر قورستر و زەحمەتترە، چونکە دوژمنانی ئاشتی و سەقامگیری هەمیشە زۆرترن.

*** ئەگەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بوو، ئایا ئەمە نابێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی پرسی کورد بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا پرۆسەی ئاشتی پێویستی بە پشوودرێژی و سازشکردن هەیە. لە سۆشیال میدیا باس لەوە دەکرێت، لە قۆناغی داهاتوودا ڕەنگە بەڕێز ئۆجەلان ببرێتە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی ئیمراڵی بۆ ئەوەی ئاسانتر گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ لایەنەکان بکات، ئەگەرچی سەرۆك کۆماری تورکیا (ئەردۆگان) زۆرجار باسی ئەمەی کردووە کە ئۆجەلان نایەوێت بێتە خانوویەکی ژێر چاودێرییەوە، بەڵام بە تەئکید ئۆجەلان کاراکتەری سەرەکییە لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی و لەگەڵ ئەردۆگان و دەوڵەت باخچەلی، کەواتە بۆ ئەوەی ئۆجەلان ئەو کاراکتەرە بتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت، پێویستە دەرفەت و ئیمکاناتی زیاتری پێ بدرێت. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتادایە و داواکاریی کورد بەستراوەتەوە بە پێگەی لایەنەکان لە شەڕدا، لایەنی سەرکەوتووش مەرجەکانی زیاتر دەبێت، لەم شەڕەدا تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بە باڵادەستتر دەبینێت، بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا، لە بەرانبەردا هەلومەرجی هەرێمی لە بەرژەوەندیی کورددایە و تورکیاش حیساب بۆ ئەم هەلومەرجە نێودەوڵەتی و هەرێمییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بەڵام دواجار تورکیا دەخوازێت پرۆسەی ئاشتی بەو ئاراستەیەدا ببات، کە خۆی دەخوازێت، واتا ئاشتی لە باکووری کوردستان زیاتر ئاشتییەکە بە ئاراستەی هێزی باڵادەستدایە، بۆیە جارێ زووە پێشبینی و پێشهاتی ئەوە بکەین کە ئەم پرۆسەیە تا چەند دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لە تورکیا بە هەموو مافە ڕەواکانی بگات. لەلایەکی دیکەوە هەموو گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی و سوودی کورددایە، ئەگەر کورد بە واقیعبینانە سەیری هاوکێشە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات و یەکگرتوو بێت.

*** پرسی سووریا، تا دێت ئاڵۆزتر و ناجێگیرتر دەبێت، عەلەوییەکان کۆمەڵکوژ دەکرێن و سزاکانی سەر دیمەشق درێژیان هەیە و کوردەکانیش ئەگەرچی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە، بەڵام لە پەراوێزخستنیان نیگەرانن، خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی ئێستای سووریا چۆنە؟**

**خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا بەرژەوەندیی ئێستا و داهاتووشیان لە ڕاوەستانی شەڕ و چارەسەری ئاشتییدایە**

**شەڕی ئاشتی لە شەڕی چەکداریی زۆر زۆر قورستر و زەحمەتترە، چونکە دوژمنانی ئاشتی و سەقامگیری هەمیشە زۆرترن**

**تورکیا دەخوازێت پرۆسەی ئاشتی بەو ئاراستەیەدا ببات، کە خۆی دەخوازێت، واتا ئاشتی لە باکووری کوردستان زیاتر ئاشتییەکە بە ئاراستەی هێزی باڵادەستدایە**



**پەیام و لێدوانی ئیسرائیلییەکان سیاسەتێکی نیمچە نوێیان بۆ کورد بەگشتی هەیە و بەتایبەت بۆ کوردانی ڕۆژئاوا**

- ڕووداوەکانی غەززە و ڕۆڵی ئەمریکییەکان و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەیە، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا هاتنە پێشەوە و بۆ ڕاگرتنی باڵانسی نێوان هێزە جیهادی و توندڕۆکان و پاراستنی پێکهاتەی جۆراوجۆری دیمەشق و سووریای نوێی دوای ڕژێمی ئەسەد، تەنیا پەیوەست نین بە کورد و تورکیا و دیمەشقەوە، بەڵکو پەیوەندییان بە ویست و خواستی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە، بەتایبەتی دوای کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئێران لە سووریا و ناوچەکە. ئێستا دوو جەمسەری سەرەکی لە سووریا هەن (جەمسەری بەهێزی ئەمریکا و ئیسرائیل و جەمسەری تورکیا). ئەم دوو جەمسەرە سیاسەتی تایبەت بەخۆیان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا هەیە. پەیام و لێدوانەکانی ئیسرائیلییەکان سیاسەتێکی نیمچە نوێیان بۆ کورد بەگشتی هەیە و بەتایبەت بۆ کوردانی ڕۆژئاوا، ئیتر ئەمە تەکتیکە، یان ستراتیژیەت و گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکانە، هەرچۆنێك بێت، دیمەشق بەو پێکهاتەیەی ئێستای تاك جەمسەریی و زیاتر خواستی تورکیا جێبەجێ دەکات و، زیاتر تەرکیز لەسەر پێکهاتەی سوننەی عەرەبە و پێکهاتەکانی دی لەناو دەسەڵاتی سووریادا نین و کورد بەو شێوەیەی کە خواستیەتی، لە حیسابی دیمەشقدا نییە، لە کاتێکدا هێزێکی زۆر کاریگەرترە لە دروزەکانی سووریا و ناو گۆڕەپانەکە، بۆیە ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژئاوا نیگەرانیی خۆیان نەشاردووەتەوە لەو هێزە ئیسلامییە توندڕەوەی تاکە جەمسەری سووریا، لە بەرانبەردا ڕەنگە پێویستیان بە هێزێك بێت، لە قۆناغەکانی داهاتوودا باڵانسێك بۆیان ڕاست بکاتەوە، بگرە هێزەکانی دروزی و عەلەوییش هەموو پێکەوە باڵانسی تاك جەمسەری هێزی توندڕۆی ئیسلامی نەهێڵن.

هەر خۆی لە خۆیدا سووریای نوێ ئەگەر نەکەوێتە ناو گێژاوی شەڕی ناوخۆ و ململانێی توندەوە، دەبێت ڕەچاوی پێکهاتەی جۆراوجۆری



خۆی بکات، بەتایبەتی لە نێوان سوننە و کورد و عەلەوی و دروز، ئەمە بۆ تورکیاش وایە، چونکە ڕەنگە بۆ دوورمەودوا ناتوانێت تەنیا پشت بە دەسەڵاتی نوێی دیمەشق ببەستێت. ڕاستە لە ئێستادا ڕەنگە وەبەرهێنانێکی زۆری لەسەر ئەم هێز و گرووپە چەکدارانە کردبێت، بەڵام بۆ مەودایەکی دوورمەودا تورکیاش پێویستی بەوە هەیە، هێزی دیکە هەبێت، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی ئەم هێزانەی سەر بەخۆی لە جڵەوگیری و دەسەڵاتی خۆی دەرنەچن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرچی دانوستان و گفتوگۆ و لێرە و لەوێ ڕێککەوتن لە نێوان هێزە کوردییەکان و حکومەتی شام هەیە، بەڵام دانوستانەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجامی ویستراو بۆ کورد، یان بەشداریی کورد لە حکومەتەکەی شەرع لە دیمەشق بەڵام دەتوانین بە ئیجابییش سەیری بکەین، بەوەی شەڕی توند ڕووی نەداوە و ڕێگری لەوەش کراوە، شەڕێکی بەرفراوان لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان دروست بێت، ئەمەش زەمینە سازییە بۆ کورد بەوەی کار بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی خۆی بکات و، دیمەشقیش چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی بکات و ڕۆڵ و بەشدارییەکی کارا بە کورد لە حکومەتی دیمەشق بدات. تا کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بتوانێت پەرە بە دیالۆگ بدات، کە جەنابی سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی ئاشتی و دیالۆگ کردووەتەوە، بەتایبەتی لە سەردانی مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆك بارزانی کە بەڕێزیان بە مەزڵووم عەبدی وت: لە دانوستان و گفتوگۆ و دیالۆگ کۆڵ نەدات و هەوڵ بدات بە دانوستان لەگەڵ شام کێشەکان چارەسەر بکرێن. ئەمەش سیاسەتێکی ڕاست و تەندروستە لە کاتێکدا کە کورد لە سووریا سیاسەت و ئاراستە و ستراتیژیەتەکانی دیار و ڕوون نییە، بۆیە لەم قۆناغەدا ڕەنگە بۆ هێورکردنەوە و زەمینەخۆشکردن و وەرگرتنی متمانە لە شام، پێویستە و سیاسەتێکی باشە و دەتوانرێت لە قۆناغەکانی داهاتوو زیاتر سەرمایەگوزاریی لەسەر بکرێت.

**کورد بەو شێوەیەی کە خواستیەتی، لە حیسابی دیمەشقدا نییە، لە کاتێکدا هێزێکی زۆر کاریگەرترە لە دروزەکانی سووریا و ناو گۆڕەپانەکە**





## د. نەبیل جەعفەر مەرسومی

توێژەر و شارەزای ئابووریی عێراقی بۆ گوڵان:

# ئەگەر نرخی نەوت لە داشکان بەردەوام بێت عێراق دەکەوێتە قەیرانێکی سەختی داراییەوە

# نابێت ئەوەندە پشت بە داهاتێکی ناجێگیری وەک نەوت ببەسترێت کە زیانی گەورە بە فرەچەشنکردنی ئابووری گەیاندووە

**پرۆفیسۆر دکتۆر نەبیل جەعفەر مەرسوومی مامۆستای کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی بەسرا، توێژەر و لێکۆڵەرە لە بواری زانستی ئابووری و وزە و نەوت، هەروەها بەوە ناسراوە کە خاوەنی بۆچوونی زانستییانەی تایبەت بە خۆیەتی و ڕاوبۆچوونەکانی ئەکادیمییانە دەخاتەڕوو. گۆڤاری گوڵان لەسەر پرسی دابەزینی نرخی نەوت و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی لەسەر ئابووریی عێراق و کورتهێنانی بوودجە دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** با سەرەتای پرسیارمان لە دابەزینی ئەم دواییەی نرخی نەوتەوە دەست پێبکەین، ئایا وەکو شارەزایەکی بواری وزە و نەوت، هۆکار و کاریگەرییەکانی ئەم دابەزینەی کتوپڕی نرخی نەوت چۆن دەبینیت و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری و کورتهێنانی بوودجە چی دەبێت؟**

- داکشانی بەهای نەوت بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، هاتنی ترەمپ و بەرنامەی داکشانی نرخی بەنزین لە وڵاتەکەیدا، کە بە داشکانی بەهای نرخی نەوت جێبەجێ دەکرێت، هەروەها هەوڵەکانی ڕاوەستانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەمە وێڕای ئەوەی مەترسیی پووکانەوە و سستبوونی گەشەی ئابووری لەئارادایە، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواست، ئەمانەش هەمووی هاوکاتە لەگەڵ خستنەڕووی بڕە نەوتێکی زۆر لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ڕێکخراوی ئۆپێك پلاس. سەبارەت بە کاریگەری و شوێنەواری خراپی ئەم دابەزینەی نرخی جیهانیی نەوت لەسەر ئابووری و دارایی عێراق، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، عێراق خاوەنی ئابوورییەکی تاکە سەرچاوەی نەوتە و خەرجییەکانی ناو بوودجەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بە نرخی فرۆشتنی نەوت بەستووە، بۆیە ئەم ئابوورییە بە ئابوورییەکی تاکە سەرچاوە دادەنرێت و ئابوورییەکی فرەچەشن نییە لە بەرهەمهێنان و هەنارده و داهاتدا، بەڵکو ئابوورییەکە بەرهەمهێنانی ٦٠٪ی پشتی بە نەوت بەستووە و ٩٠٪ی داهاتەکانی لە نەوتەوەیە و ٩٩،٥٪ هەناردەکردنیشی نەوتە، لەمەش خراپتر، حکومەتی عێراق بەم داهاتە بەرزەی کە لە هەناردەکردن و فرۆشتنی ٣،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە دەستی دەکەوێت، نەیتوانیوە لە

**حکومەتی عێراق بەم داهاتە بەرزەی کە لە هەناردەکردن و فرۆشتنی ٣،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە دەستی دەکەوێت، نەیتوانیوە لە بوارەکانی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان خەرجی بکات**

**عێراق بە دووەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک دادەنرێت، کەچی بەردەوام بوودجەکەی بەهۆی پشتبەستن بە داهاتی ناجێگری نەوتەوە کورتهێنانی هەیە**

**بۆ ئەوەی عێراق تووشی کورتهێنانی بوودجە نەبێتەوە، دەبێت نرخی بەرمیلێک نەوت لە سنووری ٧٣ دۆلاردا بێت**

**ئەگەر نرخی نەوت بۆ شەش مانگ بۆ هەر بەرمیلێک لەسەر ٧٠ دۆلار و کەمتر بمێنێتەوە، ئەوا گرفتی کەمبوونەوەی سیولەی پارە دروست دەبێت**

بوارەکانی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان خەرجی بکات، بگرە ٧٥٪ی ئەم بوودجەیە بۆ مووچە دەڕوات، ئەمە لەکاتێکدا عێراق بە دووەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتی ناو ڕێکخراوی ئۆپێك دادەنرێت، کەچی بەردەوام بوودجەکەی بەهۆی پشتبەستن بە داهاتی ناجێگری نەوتەوە کورتهێنانی هەیە، ئەم داهاتەی عێراقیش لەسەر نەوت پشتی بە دوو هۆکاری ناجێگیر بەستووە، یەکەمیان: بڕی ئەو نەوتەی بەرهەمی دەهێنێت و هەناردەی دەرەوەی وڵاتی دەکات، هۆکاری دووەم: بەرزیی نرخی جیهانیی نەوتە کە بوودجەکەی لەسەر بنەمای ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت دانراوە، بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی خراپ لەم دوو فاکتەرەدا ڕوو بدات، ڕاستەوخۆ بۆ عێراق دەبێتە کارەساتێکی گەورەی ئابووری و دارایی، هەرچی بڕە نەوتی عێراقە کە لەلایەن ڕێکخراوی (ئۆپێك پلاسەوە) بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە عێراقیشەوە دیاری کراوە، لەکاتی داکشانی بەهای نەوتدا بڕی فرۆشتنی نەوتەکە و نرخەکەشی ڕوو لە دابەزین دەکات، بۆیە ئەو فاکتەرەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عێراقدایە نرخی جیهانیی نەوتە، کە هەرگیز لە مێژووی دوور و درێژی نەوتدا بە نرخێکی جێگری بەرز خۆی ڕانەگرتووە، هەر کاتێك ئەم نرخە بە بەرزی مابێتەوە، بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق بووژاوەتەوە، هەرکاتێکیش ئەم نرخە نزم بووبێتەوە، بۆ بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق کارەساتبار بووە، هەروەکو ئەوەی لە سەردەمی تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا ڕووی دا، ئەمڕۆش خولێکی دیکەی دابەزینی بەهای نەوتی جیهانی ڕووی دا، ئەمەش بە هۆی سەپاندنی تاریفەی گومرگیی نوێی ترەمپەوە لەسەر هەناردەکردنی کاڵا و بەرهەمەکانی ژمارەیەکی زۆری وڵاتان کە زیاتر لە ١٠٠ وڵات دەگرێتەوە، هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی پووکانەوەی ئابووری و سستبوونی گەشەی ئابووریی جیهان کە بووژانەوەی ئابووریی جیهان کەم دەکاتەوە و جۆرێك لە بێبازاڕی ڕوو دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خواستی جیهانی بۆ پترۆڵ و دابەزینی نرخەکەی، ئەم دابەزینە زۆرە لە بەهای نەوتی جیهانی پێشبینی نەکراو بوو، کە وای کرد نرخی بەرمیلێك نەوت ١٠ دۆلار لە بەهای خۆی کە ٧٥ دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلێك ببێتە ٦٢-٦٥ دۆلار بۆ هەربەرمیلێك.

*** شوێنەواری دابەزینی بەهای نەوتی جیهانی لەسەر کورتهێنانی بوودجەی عێراق چەندە مەترسیدارە، بەتایبەتی کە یاسای بوودجەکەی کورتهێنانی هەیە؟**

- بۆ ئەوەی عێراق تووشی کورتهێنانی بوودجە نەبێتەوە، دەبێت نرخی بەرمیلێك نەوت لە سنووری ٧٣ دۆلاردا بێت، تەنانەت لەم نرخەشدا پێویستی بە مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی دارایی هەیە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٤ تێکڕای نرخی نەوت لە نێوان ٧٦-٧٧ دۆلاردا بوو، کەچی وڵاتەکە تووشی کورتهێنان و قەیرانی دارایی بووەوە و عێراق ١٣ تریلیۆن دینار قەرزی کرد. شوێنەوارەکانی ئەم قەیرانەی داشکانی نرخی بەرمیلێك نەوت ڕاوەستاوەتە سەر ئەو ماوەیەی کە نرخی نەوتەکە بە نزمی دەمێنێتەوە و وڵاتەکە دەتوانێت بۆ چەند مانگێك خۆی بگرێت، بەڵام ئەم نرخە کەمە بۆ چەندین مانگ و ساڵ و دوو ساڵ درێژ ببێتەوە، ئەوا بە تەئکید لە توانای دارایی و نەختینەیی عێراقدا نییە ئەم کورتهێنانە هەروا بە ئاسانی تێپەڕێنێت. بە بڕوای من ئەگەر نرخی نەوت بۆ شەش مانگ بۆ هەر بەرمیلێك لەسەر ٧٠ دۆلار و کەمتر بمێنێتەوە، ئەوا گرفتی کەمبوونەوەی سیولەی پارە دروست دەبێت، چونکە وەزارەتی دارایی بڕە پارەی نەختینەیی پێویستی نییە بۆ پێدانی مووچەکان و بەشێکی زۆری خەرجییە حاکیمەکانیش کە مەجالی دواخستنی تێدا نییە، بۆیە شوێنەوارەکانی بۆ سەرجەم خەرجی حکومەت و وەبەرهێنان و پڕۆژەکان زۆر توند دەبێت و ناچار دەبێت خزمەتگوزارییەکانی کەم بکاتەوە و زۆر لەو پرۆژە و کارانەی بەڵێنی داوە لەم ساڵدا جێبەجێیان بکات، پاشگەز ببێتەوە لێی و جێبەجێکردنی دوا بخات، چونکە دابەزینی بەم شێوەیەی نرخی نەوت وا دەکات بوودجەکەی عێراق تەنیا

بەشی خەرجکردنی مووچە بکات کە ٧٥٪ی بوودجەکە پێك دەهێنێت، بۆیە ئەگەر دابەزینی نرخی نەوت شەش مانگی دیکە بخایەنێت، ئەوا عێراق دەکەوێتە ناو قەیرانێکی ڕاستەقینە و بە دۆخێکی دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێت، بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی قەیرانەکانیش سەرەتا دەبێت ئەو هەڵە و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییە چارەسەر بکەین کە کۆمەڵێك هەڵەی کەڵەکەبووی سیاسی و ئابوورییە لە ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا بە میراتی بۆمان ماوەتەوە، دەبێت هەر لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵییەوە دەست پێ بکەین، ئەو گەندەڵییەی سەرجەم دامەزراوەکانی تووشی بوون و کاریگەریی توندی لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ئابووری و دارایی و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و ژێرخانی وڵاتەکە هەیە، دواتر نابێت ئەوەندە پشت بەداهاتی نەوت ببەسترێت کە بەردەوام بەها و نرخێکی ناجێگری هەیە و زیانی گەورە بە فرەچەشنکردنی ئابووری گەیاندووە.

*** داشکانی نرخی بەرمیلێك نەوت بەم شێوەیە و ئەگەر درێژە بکێشێت، ئایا تا چەند کاریگەریی لەسەر دارمانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دەبێت؟**

- ئەم پرسیارە گرنگە. ڕەنگە شوێنەوارە مەترسیدارەکەی دابەزینی نرخی بەرمیلێك نەوت ئەگەر درێژە بکێشێت لە داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دەربکەوێت، کە ئەمەش بۆ سەرهەڵدانی هەڵاوسانی نرخ و خراپبوونی زیاتری بار و گوزەرانی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان دۆخێکی سەختە، لە ساڵێکدا کە وڵات بەرەو پرۆسەی هەڵبژاردن و بارودۆخێکی نارەزایەتیی زۆری چین و توێژەکان بووەتەوە، ئەمە وێڕای ئەو شەڕ و ئاڵۆزی و ئەگەری تێوەگلانی وڵاتەکە بە پرووشك و ئاگری ئەم شەڕەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و هێوربوونەوە و چاکبوونی ناسەقامگیرییەکە، لە مەودایەکی مامناوەندیشدا دیار و ڕوون نییە، بۆیە عێراق لە بەر دەم چەند بژاردەیەکدایە کە سەرجەمیان سەختن، تەنیا ئەوە نەبێت پەنا بۆ قەرزێکی ناوخۆیی و دەرەکی ببات، بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەهای ئەو دینارە دەبێت کە ئێستا جۆرێك لە جۆرەکان نرخەکەی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی پاڵپشتی دەکرێت و سەقامگیرە.

*** باسی ئاڵۆزبوونی سەقامگیری و ئارامیی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستت کرد. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا نرخی نەوت تا چەند بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بارگرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟**

- هەڵبەتە شەڕ و ئاڵۆزییەکان و ناسەقامگیری لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زیانی گەورەی بۆ سەر ئابووری و دارایی سەرجەم وڵاتان بە عێراقیشەوە هەیە، هاوکات بابەتی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەو ٣٥٠-٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتەی لە بۆریی (کەرکووک- جەیهان) ـەوە هەناردە دەکرێت و لەگەڵ شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت هەیە، ئەگەر ئەم شەڕە ڕاوەستێت، بڕە نەوتێکی زیاتری ڕووسیا لە بازاڕەکاندا خۆی دەبینێتەوە و دەبێتە هۆی دابەزینێکی دیکەی بەهای نەوتی جیهانی، ئەمە وێڕای ئەوەی ڕەنگە ئەمریکا و ئێران لە دواجاردا بگەنە ڕێکەوتنێك و ئاڵۆزییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر هێور بێتەوە و گەمارۆ ئەمریکییەکانیش لەسەر ئەم وڵاتە کەم بکرێتەوە و نەوتێکی دیکەی ئێران بڕژێتە ناو بازاڕەکانی جیهانەوە، چونکە لە ئێستادا گەمارۆ و سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران ڕۆژانە زیانی بۆ کەمبوونەوەی ١،٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی ئێران هەیە، بۆیە نرخی نەوت بەپێچەوانەوەیە تا شەڕ و ئاڵۆزییەکان زیاتر بێت لەبەرژەوەندیی بەرزی نرخی نەوت تەواو دەبێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە ئەگەری لێدانی گورزی سەربازی و تەشەنەکردنی شەڕەکە بەرە و ئێران و تێوەگلانی زۆر لایەنی دیکە لە عێراقدا، تێچووەکانی ئەم شەڕە لەسەر عێراقیش مەترسیدار دەبێت و باجەکەی عێراق دەیداتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و دارایی و ئەمنییەوە.

**دابەزینی بەم شێوەیەی نرخی نەوت وا دەکات بوودجەکەی عێراق تەنیا بەشی خەرجکردنی مووچە بکات کە ٧٥٪ی بوودجەکە پێك دەهێنێت**

**عێراق لە بەر دەم چەند بژاردەیەکدایە کە سەرجەمیان سەختن، تەنیا ئەوە نەبێت پەنا بۆ قەرزێکی ناوخۆیی و دەرەکی ببات**

**لە ئێستادا گەمارۆ و سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران ڕۆژانە زیانی بۆ کەمبوونەوەی ١،٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی ئێران هەیە**



هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك داڕشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی- ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا، هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیرئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە ڕەت کرایەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پێگەی ئێستای ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئێران و ئەگەری پێکدادانی سەربازی، یان ڕێککەوتنی نێوان ئەم دوو وڵاتە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی بۆ گوڵان:

# ئێران حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتیی دەوێت

*** ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەندین گۆڕانکاریی گەورەدا تێدەپەڕێت، لە ماوەی ڕابردوودا چەندین پێشهات و پەرەسەندن ڕوویان داوە، کە هاوکێشە و هاوسەنگییەکانیان گۆڕیوە. ئێوە چۆن لە هەلومەرجی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوونە لە ئێستادا ئەوەیە کە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بووەتەوە، ئەمە هیچ گومان هەڵناگرێت. هەموو ئەوانەش پەیوەندیدارن بە شەڕی دژ بە حزبوڵڵا لە لوبنان، و بزوتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە و شەڕی حوسییەکان و داڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەل ئەسەد، هەروەها نابێت هەندێ پێشهاتی دیکەی ناو ئێرانیش لەبەرچاو نەگرین، بەتایبەتی دۆخی ئابووریی ناو ئەم وڵاتە، کە ڕوونە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی هێز و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەدا کەم ببنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، کە هێز و توانای سوپای ئێران وەك خۆی ماوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە ئێران خاوەنی هەمان سوپای پێشووە و هەمان ژمارەی سەربازان و ژمارەی مووشەکەکانیشی کەمیان نەکردووە، ئەگەر زیادیشیان نەکردبێت. کەواتە ئەگەر وەڵامەکەم زیاتر ڕوون بکەمەوە، ئەوا بەڵێ دەستڕۆیشتوویی ئێران داکشاوە، بەڵام ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ویست و ئیرادەی ئێران بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی کەم بووەتەوە، واتە ئێران پێداگری و سووربوونێکی کەمتری هەیە لەسەر گرتنەبەر و بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی پێشووی. کەواتە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان لە پێگە و بارێکی خراپدان، بەڵام بابەتەکە پتر پەیوەستە بە ویست و خواستی ئێران و برەودان بە هێزی خۆی کەم بووەتەوە، من کێشەکە لێرەدا دەبینمەوە.

**ئێران خاوەنی هەمان سوپای پێشووە و هەمان ژمارەی سەربازان و ژمارەی مووشەکەکانیشی کەمیان نەکردووە، ئەگەر زیادیشیان نەکردبێت**

**ئەم لاوازبوونەی ئیرادەی ئێران بۆ برەودان بە هێزی خۆی بووەتە هۆی ئەوەی دوژمنەکانی ئێران بەهێز بن**

**هیوا لەسەر ئەوە هەڵناچنم کە ترەمپ ئەوە ئەنجام بدات کە دەڵێت و بە نیازی ئەنجامدانیەتی**

**ترەمپ دەتوانێت نزیکەی ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ی خواستەکانی لە ئاست ئێراندا بەدەست بهێنێت**

**پەنابردنەبەر شەڕ تەنیا لە هۆشیاری و ژیرییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو هەندێ جار سەرچاوەکەی گەمژەییە و هەمیشە ئەگەری ئەوەش هەیە، کەسانێکی گەمژە ببنە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ**

*** زۆر باشە، چۆن لە دەرئەنجامەکانی ئەم حاڵەتە دەڕوانیت؟**

- ئەوەی ڕوونە لەم ڕووەوە، ئەوەیە ئەمە بە مانای بەهێزبوونی هەر هێزێك دێت -لە ناوچەکە، یان لە دەرەوەی ناوچەکە بێت- کە دژ بە موقاوەمە و بە گرووپە چەکدار و شۆڕشگێڕەکان بێت، بەتایبەتی شۆڕشگێڕە ئیسلامییەکان و دژ بە خودی ئێران خۆی بێت. کەواتە ئەگەر ئێران ویست و ئیرادەی هێزی نەبێت و ئەگەر پێداگری لەسەر نەکات، ئەوا هەموو هێزەکانی دیکە سوود لەم دۆخە وەردەگرن، بۆ نموونە، ئیسرائیل سوود لەم دۆخە بەدەست دەهێنێت و وڵاتە عەرەبییەکانیش لەسەر حیسابی ئێران سوود لەم هەلومەرجە دەبینن. بە داخەوە، لە ئێستادا ئێران لە ژێر گوشارێکی زۆردایە و پێناچێت هیچ لایەك ئێران بە جددی وەربگرێت و هەمووان دژ بە ئێران گەمە دەکەن، کەواتە ئەم لاوازبوونەی ئیرادەی ئێران بۆ برەودان بە هێزی خۆی بووەتە هۆی ئەوەی دوژمنەکانی ئێران بەهێز بن.

*** باشە ئێوە چۆن لە کاریگەری و لە جددییەتی ئەو سزا و گوشارانە دەڕوانن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوونی بەسەر ئێراندا، بەتایبەتی کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییش دەکات، ئەگەر گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران دەرئەنجامێکی خوازراویان لێ نەکەوێتەوە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سوود لەو دۆخە وەردەگرێت کە بە هۆی لاوازبوونی ئیرادەی ئێرانەوە دروست بووە، سوود لە دۆخی خراپی ئابووریی ناو ئێرانیش وەردەگرێت، لەم ڕووەوە ئومێدی ئەوە دەکات کە مەرجەکانی خۆی بەسەر ئێراندا بسەپێنێت لە پەیوەندی بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتەوە، هەروەها پرسەکانی دیکە بە چەشنێك کە بە تەواوتی لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دیکە بشکێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دۆناڵد ترەمپیش کێشەی هەیە، کێشەی پێداگری و کێشەی نەبوونی هەڵوێستێکی جێگیر، واتە ئەوەی ترەمپ خۆیشی نازانێت، دەتوانێت و دەبێت چی بکات، کەواتە پێم وایە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەم ڕووەوە ئاراستەیەکی ڕوون و ئاشکرای نییە. بۆ نموونە، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ پەیامی تێکەڵ دەنێرێت، نەك هەر تەنیا بۆ ئێران، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتێك، لەبەر ئەوەی پێشبینی ئەوە دەکەم کە هەوڵی برەوپێدانی هێز- ئیدی هێزی سەربازی بێت، یان ئابووری- لەلایەن ترەمپەوە بەرەو داکشان دەچێت و، بە چەشنی ئێران تووشی دۆخێك دەبێتەوە کە هەمووان سوودی لێ وەربگرن، لەبەر ئەوە من هیوا لەسەر ئەوە هەڵناچنم کە ترەمپ ئەوە ئەنجام بدات کە دەڵێت و بە نیازی ئەنجامدانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی دۆخی ئێرانەوە و بە هۆی بڕیاری تارانەوە بۆ برەونەدان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی، ئەوا پێم وایە لە پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکادا، ئەوا ئەمریکا لە پێگەی باڵادەستیدایە، بەداخەوە ئەمەش بەهۆی دۆخی ناوخۆیی ئێرانەوەیە و پێم وایە لەم ڕووەوە ترەمپ دەتوانێت نزیکەی ٦٠٪ بۆ ٧٠٪ی خواستەکانی لە ئاست ئێراندا بەدەست بهێنێت.

*** بەڵام لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی زۆری سەربازیی کۆ کردووەتەوە لە ناوچەکەدا، هاوشان بە چەندین فڕۆکە و چەکی پێشکەوتوو، وەزیری بەرگریی ئەمریکاش لە پرسیاری ئەوەدا کە ئایا ئەمان پەیوەندییان بە ئەگەری لێدانی ئێرانەوە هەیە، لە وەڵامەکەدا گوتی: دەبێت ئێران ئەوە یەکلا بکاتەوە، ئایا ئەمە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، یان نا، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟**

- من پێم وانییە پێکدادانێکی سەربازی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو بدات، بەلای کەمەوە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئێمە دەزانین پەنابردنەبەر شەڕ تەنیا لە هۆشیاری و ژیرییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو هەندێ جار سەرچاوەکەی گەمژەییە و هەمیشە ئەگەری ئەوەش هەیە، کەسانێکی گەمژە ببنە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ، تا ئەم گفتوگۆیانەش بەردەوام بن، ئەوا شەڕ بەرپا نابێت. دواتر من پێم وایە ئێران سازشی زۆری کردووە لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە بۆ ئەوەی شەڕ ڕوو نەدات. دواتر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سیاسەتی



بەڕێز خامنەئی بریتی بووە لە حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی. هەر کاتێك ئەگەری شەڕ زیادی کردبێت، ئەوا بەڕێز خامنەئی مرونەتی نواندووە، واتە ئەو هەمیشە توانیویەتی دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی بهێڵێتەوە، پێم وایە گرتنەبەری بژارەی نە شەڕ نە ئاشتی بژارەیەکی باشە.

*** پەیوەست بە ئێرانەوە، ئایا پێتان وایە هۆکارەکان چی دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سڵ بکاتەوە لەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ببات؟**

- من پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەگەر هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری ئەوەی ئێران پەنا بۆ دروستکردنی چەند بۆمبی ئەتۆمی ببات، لەبەر ئەوە پێم وانییە پەنابردنە بەر شەڕ بژارەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ئێران پەنا بۆ دروستکردنی بۆمب ببات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی چوار دەیەیە هێرشی نەکردووەتە سەر ئێران، بەڵکو هەمیشە پەنای بردووەتەبەر گرتنەبەری سزاکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە ئەم سیاسەتە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی خەڵکی ژیر لە ئارادا بن. لەبەر ئەوە دەمەوێت ئەوە دووبارە بکەمەوە، کە پێم وانییە، لە مەودای کورتدا، پەنابردنەبەر شەڕ یەکێك لە بژارەکان بێت.

**ئێران سازشی زۆری کردووە لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە بۆ ئەوەی شەڕ ڕوو نەدات**



**جوێڵ میگداڵ، زانایەکی سیاسییە و پسپۆڕ و تایبەتمەندی سیاسەتی بەراوردکارییە و لە ئێستادا پرۆفیسۆری دیراساتی نێودەوڵەتییە لە سکووڵی هێنری جاکسۆن لە زانکۆی واشنتۆن، پێشتریش پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی تەل ئەبیب. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و ئەگەری ئەوەی کە ئەم دوو دەوڵەتە بتوانن لە ڕێی گفتوگۆوە بگەنە ڕێککەوتن، بەتایبەتی لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، هەروەها ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا لە کەرتی غەززە لە ئارادایە، لەگەڵ چەند پێشهات و پەرەسەندنێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

## جوێل میگداڵ

پرۆفیسۆری دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی واشنتۆن بۆ گوڵان:

# ترەمپ تێگەیشتنێکی دروستی بۆ ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە

*** هەر وەك ئاشکرایە، سەرەڕای ئەوەی ئیدارەی دووەمی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کات و کۆششی خۆی بۆ چەندین دۆسیە تەرخان کردووە، لە نێویاندا ئەوەی پەیوەست بێت بە سەپاندنی ڕسوماتی گومرگییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیەی داگیر کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بپرسین: ئایا پێتان وایە بنەڕەت و بنچینەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا، من دەمەوێت لەم ڕووەوە ئەوە بڵێم کە پێم وانییە فەلسەفەیەکی ڕوون و جێگیر لە بناغە و بنچینەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو ئەوەی هەیە، ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە کۆمەڵێك بۆچوون و دید و تێڕوانینی پێشوەختی هەیە. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەم ئیدارەیە باوەڕێکی پێشوەختەی هەیە بەوەی ئیسرائیل هێزی خێرە و ئێرانیش بەرجەستەکاری هێزی شەڕە. دواتر نابێت ئاماژەش بەوە نەکەین، کە خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ خۆی زیاتر تەفزیلی ئەوە کەسانە دەکات کە پەرە بە بەرژەوەندییە تایبەتییە بازرگانییەکانی خۆی دەدەن. مەبەستم ئەوەیە کە جگە لەو پرسانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەوا دۆناڵد ترەمپ هیچ دەرکپێکردنێکی نییە بۆ تێکڕای ئەو هەلومەرجەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە و دروست بووە، هەروەك تێگەیشتنێکی دروستی نییە بۆ ئەو ڕۆڵەی دەکرێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیبێت لە مەودا و لە ئایندەی دووری ئەم ناوچەیەدا.

*** خاڵێکی دیکە کە دەمانەوێت پرسیاری**

**ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا باوەڕێکی پێشوەختەی هەیە بەوەی ئیسرائیل هێزی خێرە و ئێرانیش بەرجەستەکاری هێزی شەڕە**

**ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل دەبوایە کاریان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە بکردایە کە پەیوەستە بە پرسی چارەنووسی فەلەستینییەکانەوە**

**لە ئێستادا بارێکی نالەبار و ڕەشبینی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە و کێشە بنەڕەتییەکە لە سەرکردایەتییکردندایە**

**لە نێو بزووتنەوەی حەماس و ئیسرائیل و ئەمریکا، ئەو سەرکردایەتییە بوونی نییە کە بە ئاراستەی بەدیهێنان و گەیشتن بە چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە کار بکەن**

**لەبارەوە بکەین، پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکانە، کە لە سەردەمی ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپدا ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرد. ئایا پێتان وایە ترەمپ لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا کار بەم ئاراستەیەدا بکات، یان هەوڵ و کۆششەکانی بخاتەگەڕ بۆ هێنانەئارای ڕێککەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و سعودیەدا؟**

- ئەوە هیچ گومان هەڵناگرێت، کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ، بەو شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانێت کە هێنانەئارای ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیەدا، دۆخێك دەخولقێنێت کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت. مەبەستم ئەوەیە پێی وایە ئەمە دەرفەت و هەلومەرجێك دروست دەکات، کە لە بەرژەوەندیی خودی خۆی و هەم لە بەرژەوەندیی کارە بازرگانییەکانیدا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەکە ئەوەیە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کێشەیەکی هەیە کە بریتییە لە مەودای کورتی بایەخپێدانەکانی، بۆ نموونە، لە کاتێکدا مانگێك پێش ئێستا بە گرنگییەکی گەورەوە لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیەی دەڕوانی، بەڵام پێناچێت کە ئەم پرسە ئەم گرنگی و گەرم و گوڕییەی مابێت لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا.

*** یەکێکی دیکە لە پرسەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە ئەو دۆخەیە کە لە کەرتی غەززە دەگوزەرێت، کە دۆخێکی بێ ئەندازە سەخت و دژوارە، واتە لە کاتێکدا کە پێدەچوو هەلومەرجی ئەم ناوچەیە لە بارێکی هێمن و ئاساییدا بێت، بەڵام ئەوە بوو کە هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کاردانەوەکانی دواتری ئیسرائیل، دۆخی ناوچەکەی بەرەو قۆناغێکی نوێ بردووە. ئایا دەبووا و دەکرا چی بکرایە بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بەم بارە کارەساتبارە نەگات؟**

- بە تێڕوانینی من، ئەوەی دەبووایە هەر لە سەرەتای هاتنەئارای ئەم دۆخە و هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە شێوەیەکی تایبەتی دەوڵەتی ئیسرائیل کاریان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە بکردایە کە پەیوەستە بە پرسی چارەنووسی فەلەستینییەکانەوە. واتە کاریان بکردایە لەسەر گرتنەبەری ئەو سیاسەت و ڕێگاچارانەی کە سەریان بکێشایە بۆ هاتنەئارای دەوڵەتی فەلەستین لە مەودای دووردا، چونکە ئەگەر بهاتایە بەم ئاراستەیەدا کاریان بکردایە، ئەوا بوار و زەمینەیەکیان دەڕەخساند کە دەبووە هۆی پەراوێزخستنی پێگەی بزوتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، ئەو کاتەش دەیانتوانی لە دۆخێکی هێمن و ئاساییدا بیریان لەوە بکردایەتەوە کە چۆن کاروباری کەرتی غەززە و هەروەها کەناری ڕۆژئاوا بەڕێوە ببردرێن.

*** زۆر باشە، بەڵام ئێستا دۆخەکە بە چەشنێکە کە نەهامەتی و بارێکی کارەساتباری مرۆیی لە ئارادایە، و سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئاگربەست ڕاگەیەندرا و چەندین زیندانیی فەلەستینی و چەند بارمتەی ئیسرائیلی ئاڵوگۆڕیان پێکرا، بەڵام دواتر ئەم ئاگربەستە شکستی هێنا و شەڕەکە قورستر دەستی پێکردووە. ئایا پێتان وایە لە ئێستادا دەتوانرێت، یان پێویستە چی بکرێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە لە ئێستادا بارێکی نالەبار و ڕەشبینی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە. دواتر من پێم وایە کێشە بنەڕەتییەکە لە سەرکردایەتییکردندایە، ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە، ئەوا مەبەستم ئەوەیە کە پێم وانییە نە لە نێو بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، نە لە نێو دەوڵەتی ئیسرائیل و نە لە نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو سەرکردایەتییە بوونی هەیە کە کار بکەن بە ئاراستەی بەدیهێنان و گەیشتن بە چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە.

*** پرسی دیکەی ئەم ناوچەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە، پرسی ئێران و پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتەیە، ئەوەتا لە ئێستادا ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوشارێکی گەورەی لەسەر ئێران دروست کردووە و داوای لێدەکات، یان دەبێت لە ڕێی گفتوگۆوە ڕێککەوتن بکرێت، یان دەبێت خۆی بۆ بژارەی خراپ ئامادە بکات. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا**



**ئـەم گوشـارانەی ئەمریـکا هیـچ دەرئەنجامێکـی خوازراویـان لـێ دەکەوێتـەوە؟**

- سـەرەتا بـا ئـەوە بخەینـەڕوو کـە ئێمـە لـە بـەردەم ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتێکی دیکەدایـن، کـە گۆڕانکارییەکـی زۆری بەخۆیـەوە بینیـوە، بـە چەشـنی ئـەو شکسـتەی کـە تووشـی حزبوڵـڵای لوبنانی بووە، هەروەها ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئـەل ئەسـەد، لەگـەڵ لاوازبوونـی پێگـەی ئێـران. لێـرەوە دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم کـە ئێـران دەرك بـەوە دەکات کـە پێگـەی بەهێـزی پێشـووی نەماوەتـەوە، کـە ڕەنگـە ئەمـەش زەمینەیـەك بڕەخسـێنێت کـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی ئێران پتر کراوە و ئامادە بێت، بـۆ ئـەوەی بگاتـە ڕێککەوتنێـك لەگـەڵ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە بـارەی پرۆگرامـە ئەتۆمییەکەیـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت چاوەڕێ بکەیـن و ببینیـن.

*** بـا کۆتـا پرسـیارمان پەیوەسـت بێـت بـە پێشـبینییەکانتانەوە لەبـارەی ئاینـدەی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە، هەندێـك دەڵێـن: ڕاسـتە ناوچەکـە لـە بارێکـی ئاڵوگـۆڕ و وەرچەرخاندایـە، بـەڵام دەکرێـت ئەمـە دەرفەتێـك بێـت بـۆ ڕاسـتەڕێکردنی بارودۆخەکـە و کارکـردن بـەوەی دۆخێکـی سـەقامگیر و ئـارام بهێنێتـە ئـاراوە، لەلایەکـی دیکەشـەوە دەکرێـت بـەو شـێوەیە لـە دۆخەکـە بڕوانیـن کـە ئەگـەری ئـەوە هەڵدەگرێـت، بـەرەو هەڵکشانی زیاتـر و ناتارامیی زیاتر بڕوات، ئێـوە لـەم بارەیـەوە ڕاتـان چییـە؟**

- بە داخـەوە ئـەوە دەڵێـم، کـە پێناچێت ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست لەبارێکدا بێـت کـە بتوانیـن بڵێیـن بـە ئاقـار و ئاراسـتەی ئـەوە دەڕوات کـە سـەقامگیری و ئارامـی باڵـی بەسـەردا بکێشـێت. هەرچەنـدە دەبێـت ئـەوەش بڵێیـن کـە دۆخەکـە بەسـەر زیاتر لەسـەر ئەگەرێکدا کراوەن. واتـە ناکرێـت هـەر لـە ئێسـتادا ئاراسـتەیەك دیـاری بکەیـن و بڵێیـن دۆخەکـە تەنیـا و تەنیـا بـەم ئاقـارەدا دەڕوات. ئەگـەر لـە نەخشـەی ناوچەکـە بڕوانیـن، ئـەوا ڕوونـە کـە تورکیـا و ئیسـرائیل دوو هێـزی هەرێمیـن و ئێرانیـش لـە بارێکدایـە کـە دەتوانێـت دۆخەکەیـان لـێ تێکبـدات. واتـە ئـەوەی وەك پرسـێکی کـراوە دەمێنێتـەوە لـەم ڕووەوە، ئەوەیـە کـە کارلێکـی نێـوان ئـەم سـێ دەوڵەتـە ناعەرەبییـە چـۆن دەکەوێتـەوە و چ دەرئەنجامێـك دەهێنێتـە ئـاراوە.

# دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر سۆزان ئەرییل ئارنسۆن، ئوستادی تۆێژەرە لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، هەروەها توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردی خاوەن متمانە لە یاسا و کۆمەڵگە «TRAILS»، لە ساڵی ٢٠١٩شەوە بووەتە بەڕێوەبەری «سەنتەری بازرگانیی دیجیتاڵی و داتا و حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد. بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەرییەکانی تێکەڵبوونی تەکنەلۆژیا و سیستمی زیرەکیی دەستکرد بە هەموو بوارەکانی ژیان و کۆی بوارەکانی حوکمڕانی و بازرگانی و پیشەسازی، ئەم دیدارە تایبەتەمان لەگەڵ ئەنجام دا.

## پڕۆفیسۆر سۆزان ئەریبل ئارنسۆن بۆ گوڵان:

# لە ساڵی ٢٠٣٠ بازرگانیی دیجیتاڵی هاوشانی دروستکردنی بەرژەوەندیی ئابووریی بەهای سیاسیش بەرهەم دەهێنێت

**بازرگانیی دیجیتاڵی و سەقامگیریی ئابووری**

*** هاوکات لەگەڵ زیادبوونی نیگەرانی و مەترسییەکان سەبارەت بە پاراستنی دیجیتاڵی «digital protectionism» لەسەر ئاستی جیهان، پرسیار ئەوەیە، ئایا گەرەنتی بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان تێکەڵی ئابووریی دیجیتاڵیی جیهانی بکەن، بەبێ ئەوەی ئابوورییەکەیان لەبەر یەك هەڵبوەشێت؟**

- زۆر جار پاراستنی دیجیتاڵی « Digital protectionism» وەڵامێکە بۆ مەترسی و نیگەرانییە ڕەواکان، ئەوجا پەیوەندیی بە ئاسایشی سایبەرییەوە هەبێت، یان تایبەتمەندی و نهێنیی داتاکان، یان پەیوەندیی بە سەروەریی ئابوورییەوە هەبێت، کە ئەمانە دەتوانن ببنە هۆکاری ئەوەی ئابوورییەکە لەبەر یەك هەڵبوەشێنێت و زیانێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو ئاراستەیە کار بکەن کە هاوئاهەنگ بن لەگەڵ سیاسەتە دیجیتاڵی و پێوەرە جیهانییەکاندا، هاوکات بەرگری لە پێداویستییەکانی پرۆسەی پەرەپیدانی خۆی بکات، ئەمەش دەکرێت بە ڕێگەی هاریکاریی ئابووریی ئیقلیمی، یان لەوانەیە بە ڕێگەی دامەزراندنی میساقی دیجیتاڵی عەرەبییەوە بێت، کە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەمتر پشت بە هێزی دەرەکی ببەستن، یان دەبێتە فاکتەرێك کە پێگەیان لە سەر ئاستی ناوەندە فرەلایەنەکاندا بۆ دانوستاندن بەهێزتر بکات. دەبێت کرانەوە لەسەر بازرگانیی دیجیتاڵی لەگەڵ ستراتیژیەتی ناوخۆ هاوتا بکرێت و گەشەی گشتگیر و گونجاوی دیجیتاڵی لەخۆ بگرێت.




**دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو ئاراستەیە کار بکەن کە هاوئاهەنگ بن لەگەڵ سیاسەتە دیجیتاڵی و پێوەرە جیهانییەکاندا**

**دەبێت کرانەوە لەسەر بازرگانیی دیجیتاڵی لەگەڵ ستراتیژیەتی ناوخۆ هاوتا بکرێت و گەشەی گشتگیر و گونجاوی دیجیتاڵی لەخۆ بگرێت**

### هاوسەنگی لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و کرانەوەی دیجیتاڵیدا

*** لە چوارچێوەی ئەو مەترسییە جیۆسیاسی و ئەمنییە بێوێنەیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئایا سیاسەتسازانی ئەم ناوچەیە چۆن دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان پێویستیی بۆ کرانەوە لەسەر بازرگانیی دیجیتاڵی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیاندا بکەن؟**

- ئاسایشی نەتەوەیی و کرانەوە بە ڕووی بواری دیجیتاڵیدا دوو پرسی دژی یەکتری نین، بەڵکو هەر لایەکیان لایەکەی دیکە بەهێزتر دەکات. دەبێت حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بەو پرۆگرامانە ببەستن کە لەسەر بنەمای مەترسی «risk-based ap-proaches» داڕێژراون و، هەڵسەنگاندنی ورد بکەن بۆ ئەوەی بزانن کام ژێرخانی دیجیتاڵی مەترسیی ڕاستەقینە دروست دەکات. دەبێت توانای دامەزراوەیی پێویست بونیاد بنێن، کە دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مەترسییانە بکات و کەمیان بکاتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت خۆی لەو بیروبۆچوونە ڕزگار بکات، کە بەردەوام ئاسایش دەکاتە بیانوویەك بۆ ڕێگرتن لە دانانی داتاکان، یان پەنا بۆ چاودێریکردنی گشتگیر دەبەن، دەبێت بزانن کە حوکمڕانیی شەفاف، سەروەریی یاسا، گفتوگۆی فەزای گشتی، فاکتەری سەرەکین بۆ پارێزگاریکردن لە متمانەی بازرگانیی دیجیتاڵی.

### بەهێزکردنی ئابوورییە تازە پێگەیشتووەکان بە ڕێگەی بازرگانیی دیجیتاڵی

*** چۆن ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵیشیدا بازارە تازەپێگەیشتووەکان، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی سوود لە بازرگانیی دیجیتاڵی وەربگرێت، ئەمە بەو مەرجەی پشت بە هێزە تەکنەلۆژیا گەورەکانی وەك ئەمریکا و چین نەبەستێت؟**

- بازرگانیی دیجیتاڵی دەتوانێت ئابوورییە تازە پێگەیشتووەکان بەهێز بکات، ئەگەر بزانێت بنەما و ڕێساکانی بە باشی دابڕێژێت، نەك هەر شوێنیان بکەوێت. دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەبەرهێنان بکەن بۆ بەهێزکردنی توانای دانوستاندنیان لەسەر ڕێککەوتننامەی بازرگانیی دیجیتاڵیی جیهانی، کە ڕەنگدانەوەی ئەولەوییەتەکانی حکومەتەکەی خۆی بێت، ئەوجا پرسەکان پەیوەندییان بە داهێنانە ناوخۆییەکان، یان مافەکانی مرۆڤ، یان سەروەریی داتاکانەوە هەبێت، هەروەها دەبێت داتاکان لە پێناوی گەرەنتیی پەرەپێدان لە ڕێککەوتنەکانی بازرگانیدا دابنێت، دڵنیا بن




لەوەی کە دانانی ئەو داتایانە خزمەتی ئامانجە نیشتمانییەکانیان دەکات، نەك بە تەواوتی پشت بە پلاتفۆرمە باڵادەستەکای ئەمریکا و چین ببەستن.

## حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد و نیگەرانییە ئیتیکییەکان

*** لەناو ئەو چوارچێوە جیهانییە زیرەکییەی دەستکرد، وەك یاسای یەکێتیی ئەوروپی کە ئایندەی زیرەکیی دەستکرد ڕێك دەخات، ئایا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت کام هەنگاوانە بگرنە بەر بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە نێوان پێشکەوتنی زیرەکیی دەستکرد لە ناوچەکەدا لەگەڵ پێوەرەکانی داهێنان و مافەکانی مرۆڤ دروست بکەن؟**

- یاسای یەکێتیی ئەوروپا بۆ ڕێکخستنی زیرەکیی دەستکرد، دەستکەوتێکی دیارە، بەڵام چارەسەرێکی گشتگیر نییە بۆ هەموو کێشەکان، دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو جۆرە سەیری حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد بکەن، کە دەرفەتێکە بۆ سەرکردایەتی، نەك پاشکۆیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە پرانسیپی ئیتیکی تایبەت بە خۆیان دابنێن لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەی لە سەر ئاستی هەرێمەکەیان و مافەکانی مرۆڤ و ئامانجەکانی پەرەپێدان ڕیشەی داکوتیوە، هەروەها مانای ئەوەیە کە دەبێت بەشداریی گفتوگۆ جیهانییەکان بکەن، وەك ئەو کۆڕبەندانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی هاریکاریی ئابووری و پەرەپێدان، یان یونسکۆوە سەرکردایەتی دەکرێت، بۆ ئەوەی گوێیان لەو دەنگانە بێت، کە لەو دیوی سنووری دەوڵەتەکانیانەوە ستاندەرەکان دادەڕێژن.

## چارەسەرکردنی بێلایەنی لە سیستمی زیرەکیی دەستکردا

*** لەگەڵ زیادبوونی کاریگەرییەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە بوارەکانی «چاودێریی تەندروستی، جێبەجێکردنی یاسا، خوێندن و... هتد»، ئایا ئەو ڕێوشوێنانە چین کە پێوستە بیگرنەبەر بۆ ئەوەی بێلایەنیی زیرەکیی دەستکرد پارێزراو بێت و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێن؟**

- بێلایەنیی سیستمی زیرەکیی دەستکرد ڕەنگدانەوەی شێوازی دروستکەرەکەی و ئەو داتایانەیە کە سیستەمەکە لەسەر ڕاهێنانی پێ دەکرێت. سەبارەت بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات کە فرەییەکی دیموگرافی و زمان و کەلتووری گەورەی هەیە، سیستمی زیرەکیی دەستکردی هاوردە کراو پێداویستییەکانی هەموو کۆمەڵگەکان

**دەبێت حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بەو پرۆگرامانە ببەستن کە لەسەر بنەمای مەترسی « risk-based approaches» داڕێژراون**

**بازرگانیی دیجیتاڵی دەتوانێت ئابوورییە تازە پێگەیشتووەکان بەهێز بکات، ئەگەر بزانێت بنەما و ڕیساکانی بە باشی دابڕێژێت، نەک هەر شوێنیان بکەوێت**

پڕ ناکاتەوە، بۆیە لەسەر حکومەتەکانە کە داوای شەفافییەت بکەن، سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕاهێنانی ئەو ئەلگۆریتمانەی بەکاری دەهێنن، بەتایبەتیش لە سێکتەر هەستیارەکاندا، دەبێت پشکنینێکی سەربەخۆ و بێلایەنانەی گشتگیر بۆ داتاکا بکەن و ئاسانکاری بکەن بۆ ئەوەی هەمووان بەشداریی تێدا بکەن، ئەمانە دەبنە گەرەنتی بۆ ئەوەی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد، ئاکامێکی دادپەوەرانە بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکات.

## داتاکانی حوکمڕانی و نهێنی و تایبەتمەندی

*** لە ئێستادا سەروەریی داتا «Data Sover-eignty» بووەتە پرسێکی سەرەکی لەسەر ئاستی ئاستی جیهان، ئایا ئێمە چۆن پارێزگاری لە پاراستنی داتای هاووڵاتیانمان بکەین، کە دەمانەوێت بەشداری لە ئابووریی دیجیتاڵیی پێکەوە گرێدراوی جیهاندا بکەین؟**

- دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی ئالنگارییەکی دووسەرە دەبێتەوە، یەکەمیان: پاراستنی داتای هاووڵاتیانیەتی کاتێك بەشداریی ئابووریی جیهان دەکەن کە لەسەر بنەمای داتاکان دامەزراوە، ئەم ئالنگارییە بەوە چارەسەر دەکرێت پەرە بەوە بدات کە داتاکانی حوکمڕانی لەسەر بنەمای مافەکان « rights-based data» مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەمەش بەو مانایەی جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە ئەو داتایانە تەنیا ئابووری نین، بەڵکو داتاکان هۆکارێکن کە کاریگەرییان لەسەر شکۆ و ناسنامە و سەربەخۆیی هاووڵاتیانی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر سیاسەتسازانی ئەو دەوڵەتانە بە شێوازێکی شەفافانە یاساکان بۆ پاراستنی داتاکان جێبەجێ بکەن، کە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا بگونجێت و نەبنە ئاستەنگ لە بەردەم بازرگانیدا.

## ئاسایشی سایبەری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

*** ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڕەشەکان لەسەر ئاسیشی سایبەری زیاتر دەبن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ڕەوتی بازرگانی و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، ئایا دەوڵەتان دەبێت چی بکەن بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنەکان بۆ ئەوەی ئاسایشی سایبەری لە ڕێککەوتنی بازرگانییە دیجیتاڵییەکاندا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە مەترسییە سایبەرییەکان کە بەردەوام لە هەڵکشاندایە؟**

- دەبێت هەموو لایەنەکانی ئاسایشی سایبەری تێکەڵی سیاسەتی بازرگانیی دیجیتاڵی بکرێت، کە ئەمەش دانانی ستاندەر لە ڕێککەوتنە بازرگانییە دیجیتاڵییەکان بۆ هاوکاری و وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان و بونیادی توانایەکی بەهێز بۆ ژێرخانێکی ژیاری لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەم پرسە پێویستی بەوەیە کە پرانسیپەکانی دیموکراتی لەگەڵ ئاسایشی سایبەری پێکەوە گرێ بدرێنەوە، هەروەها دەبێت حکومەتەکان شەفافییەتی تەواو لە بواری چاودێریکردن «surveillance» پیشان بدەن و، کۆمەڵگەی مەدەنی لە داڕشتنی ئاسایشی سایبەری بەشداری پێ بکەن، هەروەها گەرەنتیی ئەوە بدرێت، کە یاساکانی ئاسایشی سایبەری نەبنە پەردەیەك بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن و ئازادیی ڕۆژنامەگەری.

## ئایندەی بازرگانیی دیجیتاڵی و زیرەکیی دەستکرد

*** ئەگەر سەیری ساڵی ٢٠٣٠ بکەین، ئایا چۆن ئەو وەرچەرخانە دەبینیت کە لە هاوسەنگیی هێز لە ئابووریی دیجیتاڵیی جیهانیدا دیتە ئاراوە؟ ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت چ ڕۆڵێك لەو داهاتووەدا بگێڕێت، بەتایبەتیش لە بواری بازرگانیی دیجیتاڵی و حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرددا؟**

- لە ساڵی ٢٠٣٠دا، بازرگانیی دیجیتاڵی و حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد تەنیا بەرژەوەندیی ئابووری دروست ناکەن، بەڵکو بەهای سیاسییش بەرهەم دەهێنن، دەرەفەتێك دێتە پێشەوە کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن ڕۆڵێکی پێشەنگ و هاوبەش لە پێکهێنانی ئەو ئایندەیەدا بگێڕن، بەتایبەتیش ئەگەر کاراکتەری سەرەکیی ئەو مودێلانە بن کە جەخت لەسەر گشتگیری و ماف و داهێنانی بەرپرسیارانە دەکەنەوە، دەبێت هەوڵ بدەن، هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەت و ئاراستە هاوشێوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئابووریی دیجیتاڵی فرەیی جیهانییە، نەك تەنیا خواستی چەند دەوڵەت و کۆمپانیایەکی گەورە و بەهێز بێت.

**دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست بەو جۆرە سەیری حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد بکەن، کە دەرفەتێکە بۆ سەرکردایەتی، نەک پاشکۆیەتی**

**بێلایەنیی سیستمی زیرەکیی دەستکرد ڕەنگدانەوەی شێوازی دروستکەرەکەی و ئەو داتایانەیە کە سیستمەکە لەسەر ڕاهێنانی پێ دەکرێت**

**سیستمی زیرەکیی دەستکردی هاوردە کراو پێداویستییەکانی هەموو کۆمەڵگەکان پڕ ناکاتەوە، بۆیە لەسەر حکومەتەکانە کە داوای شەفافییەت بکەن، سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕاهێنانی ئەو ئەلگۆریتمانەی بەکاری دەهێنن**

**لە ساڵی ٢٠٣٠دا، بازرگانیی دیجیتاڵی و حوکمڕانیی زیرەکیی دەستکرد تەنیا بەرژەوەندیی ئابووری دروست ناکەن، بەڵکو بەهای سیاسییش بەرهەم دەهێنن**

دیمانەی تایبەت



**پڕۆفیسۆر ئەمانوئێل ڕۆبۆرتۆ گۆفی**

پسپۆڕ لە ئیتیکی زیرەکیی دەستکرد بۆ گوڵان:

# بەرژەوەندیی دەوڵەت و کۆمپانیاکان ڕێگرن لە دانانی ستاندەری ئیتیکی بۆ دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد

**پرۆفیسۆر ئەمانئێل ڕۆبۆرتۆ گۆفی، فەیلەسووفێکی فەرەنسییە لە بواری تەکنەلۆژی و بەتایبەتی پسپۆرە لە ئیتیکی زیرەکیی دەستکرددا، ماوەی ٢٧ ساڵ لە هێڵی ئاسمانیی سەربازیی فەرەنسا کاری کردووە و لە ئەکادیمیای هێزی ئاسمانیی فەرەنسادا وانەکانی پەیوەنییە نیودەوڵەکانی و یاسا لە تەنگژە سەربازییەکاندای گوتووەتەوە، هەروەها یەکێکە لە دامەزرێنەران هاوبەڕێوەبەری ئامۆژگای جیهانی ئیتیکی زیرەکیی دەستکردە لە پاریس، توێژەری باڵای سەنتەری توێژینەوەی بەرگری و ئاسایشە لە زانکۆی مینۆتا لە کەندا. سەرەتا کاری لەسەر ئیتیکی سەربازی کردووە، ڕاشکاوانەتر لەسەر ئەو ئیتیکانەی کە پێویستە لەسەر چەکە کوشندە خۆبزوێنەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام دواتر بایەخی گۆڕاوە بۆ ئەو ئیتیکانەی کە پێویستە لەسەر زیرەکیی دەستکرد جێبەجێ بکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە کە ئێستا زیرەکیی دەستکرد زۆر بە فروانی تێکەڵی چەکە جیاوازەکان بووە و لە شەڕەکاندا تاقی دەکرێنەوە، گوڵان پەیوەندیی بەم فەیلەسووفەوە کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

## تێکەڵبوونی زیرەکیی دەستکرد لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا

*** ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن ئەو دۆرنانەی زیرەکیی دەستکردیان تێدا بەکار دەهێنرێت، زۆر بە وردی توانای پێکانی ئامانجەکانیان هەیە، بۆ نموونە وەك شەڕی ئێستای ئۆکرانیا، ئایا ئەو بنەما ئیتیکییانە چین کە دەبێت لە کاتی بەکارهێنانی چەکی کوشندە و خۆبزوێنەکان لە گۆڕەپانی شەڕی سەربازیدا جێبەجێ بکرێن؟**

- کۆی گفتوگۆ و مشتومڕەکان لەو چوارچێوەدا دەکرێن کە چۆن دەتوانین بنەمایەکی ئیتیکی پەسەند بکەین بۆ ئەو چەکانەی خۆبزوێن و کوشندەن و تیایدا کۆنترۆڵی مرۆڤ سنووردارە، یان لە داهاتوودا لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ دەردەچن، هەروەها پرسێکی دیکە ئەوەیە ئەگەر لە کردەوەیەکی سەربازیدا تاوانکارییەك ڕووی دا، بەرپرسیاریەتیی ئەو تاوانە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەم پرسانە نوێ نین و پێش دەرکەوتنی چەکی نیمچە خۆبزوێن و تەواو خۆبزوین هەبووە، بەڵام پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی گۆڕەپانی شەڕەکان ئاسانتر نییە، لە مامەڵەکردن سیستمی چەکە نیمچە خۆبزوێن و تەواو خۆبزوێنەکاندا و هەردووکیان کارێکی ئاڵۆز و قورسن.

لەکاتی کێشەکاندا کۆمەڵێك پێوەری جیاواز جێبەجێ دەکرێن، کۆمەڵێك کاراکتەری جیاواز هەن، ئەوجا ئاڵۆزیی ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکەدا دەگیرێتەبەر، دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەلماندنی بەرپرسیاریەتی لە تاوانەکە قورس بێت، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت. یەکێك لەو هەڵە باوانەی لەم پرسەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە پێشوەختە بەرپرسیاریەتی ڕادەگەیەندرێت، زۆرێك لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر پرسی بەرپرسیاریەتی دەکەنەوە، پێش ئەوەی ئەم سیستمانە بڵاو بکرێنەوە، یان بەکارهێنرابن، بۆیە ناکرێت بەرپرسیاریەتی بۆ تاوانێك دابنرێت کە هێشا ڕووی نەداوە.

سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێت واز لە ئامێرەکان بێنین بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن، کێ دەکوژن، یان کێ بریندار دەکەن، ئەمە پرسیارێکی کۆنە، بە دیاریکراوی ئەم پرسیارە سەبارەت بە مینی دژە تاك کە بە بێ ئەوەی مرۆڤ چاودێریی بکات دەتەقێتەوە.

بە بۆچوونی من ئەم گفتوگۆیانە پەراوێزی و کەم بایەخن، پرسیاری ئیتیکی ڕاستەقینە ئەوەیە ئایا لایەنە دیاریکراوەکان ئامادەباشییان هەیە لە هەندێك حاڵەتدا هەموو هۆکارێکی بەردەست بەکار بهێنن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی خۆیان؟ هەر بۆیە پرسیاری ئیتیکی پەیوەندیی بەو میتۆد و ئامرازانەوە نییە کە بەکار دەهێنرێن، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە ڕاستگۆیی و نییەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە.

*** ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سوپای ئیسرائیل ئامێرێکی زیرەکیی دەستکردی بە هاوشێوەی «چات جی پی تی» پەرە پێ**

**زۆرێک لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر پرسی بەرپرسیاریەتی دەکەنەوە، پێش ئەوەی ئەم سیستمانە بڵاو بکرێنەوە، یان بەکارهێنرابن، بۆیە ناکرێت بەرپرسیاریەتی بۆ تاوانێک دابنرێت کە هێشا ڕووی نەداوە**

**سیستمی زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت بە ئاسانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چارەسەری زۆرترین داتا بکات، زۆر زیاتر لەوەی هەتا ئێستا مرۆڤ توانیویەتی بەدەستی بهێنێت**

داوە، کە داتایەکی گەورە بۆ چاودێریکردن بەکار دەهێنێت. ئایا دەرهاویشتە ئیتیکییەکانی بەکارهێنانی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد کە ڕاهێنراون بۆ کاری هەواڵگری و بە کار دەهێنرێت، چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، ناتوانرێت وەڵامی بدرێتەوە، تەنیا بە ڕێگەی دیراسەتی یەك کەیسی دیاریکراوەوە، هەڵسەنگاندنی ئیتیکی هەموو کات لە کۆنتێکستدا دەکرێت، بە پێچەوانەی حوکمدانی ئیتیکی، بۆیە پێویستی بەوەیە بە وردی بچیتە ناو نییەتی ئەو لایەنانەی بەشدارن، هەروەها ئەو میتۆدانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانانیارییەکان بەکار هێنراون، ئەو کەیسانەی مەزندە کرێن تیایدا بەکار بهێنرێت، ئەو بنەما یاساییانەی لەسەری جێبەجی کراون، هەروەها ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئامانجە بەرگرییان لێ بکرێت لەگەڵ هەزاران فاکتەری دیکە. بەشێوەیەکی گشتی بە مەزندەی من، کۆی ئەو داتا هەواڵگرییانەی بە کار دەهێنرێن بۆ مەبەستی بەرگری و ئاسایش شتێکی تازە نین، سیستمی زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت بە ئاسانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چارەسەری زۆرترین داتا بکات، زۆر زیاتر لەوەی هەتا ئێستا مرۆڤ توانیویەتی بەدەستی بهێنێت.

## چەکە خۆبزوێنەکان و یاسای نێودەوڵەتی

*** لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤، ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەسەند کرد کە سیستمی چەکە خۆبزوێنە کوشندەکان دەگرێتەوە، کە نیگەرانیی نێودەوڵەتیی دروست کرد، ئایا ئەو ئالنگارییە ئیتیکییانە چین کە چەکە خۆبزوێنە کوشندەکان لەسەر یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی دروستیان دەکات؟**

- من قەناعەتم بەوە نییە کە سیستمی چەکە خۆبزێوە کوشندەکان کێشەی تازە تایبەت بە یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی دروست بکات، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بە تەئکید یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی گرنگە، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و سرووشتی شەڕە پێشکەوتووەکانەوە، سەردەمی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی بەسەر چووە و ئەو یاسایانە لەگەڵ ئەم سەردەمە تازەیەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا ناگونجێن.

پرسەکانی وەك دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی، بەئامانجگرتن لە دوورەوە و داماڵینی سیفەتی مرۆڤایەتی «dehumanization»، ئەمانە چەمکگەلێگن گومان لە دروستییان هەیە، لەبەر ئەوەی شەڕ لە بنەڕەتدا چالاکییەکە تایبەتە بە مرۆڤ کە باش نییە، بۆیە ئەو ئالنگارییانە لە کرۆکی خۆیاندا تازە نین، بەڵکو بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئالنگارییەکان زیاتر ئاڵۆز بوون. سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانی لەوە خۆی حەشار داوە، کە سیستمی چەکە خۆبزوێنەکان لە ناو دەقەکانی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتیی ئێستادا نییە، بەڵام پرسی لەمە گرنگتر ئەوەیە کە کۆدەنگییەکی پێویستیش نییە بۆ ئەوەی ئەم سیستمانە لە ناو یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێك بخرێن. بۆیە بە بۆچوونی من ئالنگاریی ئیتیکی لەوەدا خۆی بەرجستە دەکات کە کاراکتەرەکانی ئەم بوارە ڕاستگۆ نین و، هێندەی بیر لە فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، هێندە بیر لە ڕێکخستنی ئەم سیستمی چەکانە ناکەنەوە.

*** لەگەڵ زیادبوونی هەوڵەکان بەرەو دانانن بە پەیماننامەیەکی نیودەوڵەتیدا سەبارەت بە چەکە خۆبزوێنەکان « autonomous weapons،» ئایا ئەو پرانسیپە ئیتیکییانە چین کە پێویستە پشتگیریی ئەو جۆرە پەیماننامانە بکات، بۆ ئەوەی گەرەنتیی پێشکەوتن و بڵاوکردنەوەی بەرپرسیارنەی زیرەکیی دەستکردی سەربازی بکات؟**

- من مەزندەی ئەوە ناکەم کە بگەینە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چەکە خۆبزوێنەکان، بەتایبەتی لە سایەی کۆنێکستی جیوسیاسی کە ئێستا هەیە، لەبەر ئەوەی ناڕوونی و مەترسییەکان، ئەوجا ئەوانە ڕاستەقینە بن، یان تەنیا مەزندەکراو بن، ڕێگە نادات هەندێك پێوەری پابەندکراو بۆ هەندێك لایەن دابنرێت، کە ئەو لایانانە ئەو جۆرە سیستمانە بە ئامرازێك دەزانن بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشەکەیان.

گرنگە ئەوەیە بە بیرخۆمان بهێنینەوە کە کارکردن لەسەر ئەگەری ڕێکخستنی ئەم سیستمانە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دەستی

**بە هۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و سرووشتی شەڕە پێشکەوتووەکانەوە، سەردەمی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی بەسەر چووە و ئەو یاسایانە لەگەڵ ئەم سەردەمە تازەیەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا ناگونجێن**

**سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانی لەوە خۆی حەشار داوە، کە سیستمی چەکە خۆبزوێنەکان لە ناو دەقەکانی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتیی ئێستادا نییە**

**ئالنگاریی ئیتیکی لەوەدا خۆی بەرجستە دەکات کە کاراکتەرەکانی ئەم بوارە ڕاستگۆ نین و، هێندەی بیر لە فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، هێندە بیر لە ڕێکخستنی ئەم سیستمی چەکانە ناکەنەوە**

**مەزندەی ئەوە ناکەم کە بگەینە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چەکە خۆبزوێنەکان، بەتایبەتی لە سایەی کۆنێکستی جیوسیاسی کە ئێستا هەیە**

**هەوڵەکان بۆ پێشخستن و بڵاوکردنەوەی زیرەکیی دەستکردی سەربازی دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن وشەی «بەرپرسیاریەتی» پێناسە دەکەین، کە ئەمەش چەمکێکی فرەڕەهەندە و کراوەیە بۆ ئاستێکی فراوانی تەفسیری هەمەجۆر**

**ناتوانرێت تەنیا بە نیشانەکان ئاستی ئیتیکی بەکارهێنانی ئەو سیستمانە دیاری بکرێت، بەڵکو ئەوە پێویستی بە بەرنامەیەکی یاسایی، تێڕوانێکی ورد و بەرزی تەکنەلۆژی هەیە**

**ئیتیک بوارێکی زۆر ئاڵۆزە و دەبێت لەسەر بنەمای هەر کەیس و دۆخێک بە ڕەچاوکردنی پڕۆگرامێکی گفتوگۆی جددی جێبەجێ بکرێت**

پێ کردووە، کە هاوکاتە لە گەڵ پێکهێنانی گرووپێك لە پسپۆڕان و گرێدانی کۆنگرەگەیەك بۆ داماڵینی سیستمی چەکی خۆبزێوی کوشندە «LAWS»، ئەم کۆنگرە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی چەکی تەقلیدی «CCW» ‹گرێ درابوو، بۆیە هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی نابینم پرسێك لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا نەتوانرابێت جێبەجێ بکرێت، ڕەنگە بتوانرێت لە چەند مانگی داهاتوو و لە ناو ئەو ناسەقامگیرییە توندە جیوسیاسییەی ئێستادا ئەم کارە بکرێت.

بۆ وەڵامی پرسیارەکە، پرانسیپێکی دیارکراوی پێشوەختە نییە هەتا بۆ ڕێکخستنی ئەم سیستمە پشتی پێ ببەسترێت. پرانیسپەکان بەرەنجامی بەها ڕەگ داکوتراوەکانی کەلتوور و کۆنێکستی جیوسیاسیی دیاریکراون لەسەر ئاستی جیهان، بەهایەکی پەسەندکراو نییە کە بتوانرێت وەك بنەمایەك پرانیسیپێکی ئاراستەکراوی یەکگرتوو دیاری بکات، بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی سسیتمی چەکە خۆبزوێنە کوشندەکان «LAWS»، ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوەیە ئاسۆی ئیتیکیی هەموو لایەنەکان هەتا ئێستاش بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هیچ کام لەم لایەنانە ئامادە نین دستبەرداری ئەو هۆکارانە بن کە ئامانجەکانیانی پێ بەدی دێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە پێی دەڵێن سیاسەتی واقیعی «Real Politik»، بێگومان تێگەیشتن لەم پرسەش قورسە کە تایبەتمەند نین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، سەرباری ئەمانەش، هەوڵەکان بۆ پێشخستن و بڵاوکردنەوەی زیرەکیی دەستکردی سەربازی دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن وشەی «بەرپرسیاریەتی» پێناسە دەکەین، کە ئەمەش چەمکێکی فرەڕەهەندە و کراوەیە بۆ ئاستێکی فراوانی تەفسیری هەمەجۆر.

## چوارچێوە ئیتیکییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری بەرگریی سەربازیدا

*** وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هەوڵەکانی بۆ دانانی بنەما ئیتیکییەکانی زیرەکیی دەستکرد گرتووەتەبەر، بە ئامانجی ئەوەی لە پەرەپێدانی بەکارهێنیانی ئەم تەکنەلۆژیایەدا ئەو بنەما ئیتیکییانە ڕەچاو بکرێت. ئایا تا چ ئاستێك ئەم بنەما ئیتیکییانە کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانە دەبێت کە پەیوەندیدارن بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری سەربازیدا؟**

- پێنج پرانسیپی ئیتیکی بۆ زیرەکیی دەستکرد کە بریتین لە «بەرپرسیاریەتی، مامەڵەکردنی یەکسان، توانای چاودێریکردن، متمانەپێکراو، توانای بەڕێوەبردن» لە ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە بڵاو کراونەتەوە، بەڵام ئەمیش وەك پرانسیپەکانی دیکە زۆر پرانسیپی گشتیین، ئەمەش وای کردووە، کاریگەری نەبێت، ئەم پرانسیپانە دەبنە چوارچێوەیەك بۆ ئاراستەی بڕیار دروستکردن، بەڵام لە هیچ حاڵەتیدا گەرەنتیی کوالێتیی بڕیارەکە بەرجەستە ناکات، هەر بۆیە وەك هەموو ئەو پرانیسیپانەی دیکە لەسەر ئاستێکی بەرزی داماڵدراو «abstraction» داڕێژراون، بۆیە پێویستی بەوەیە تەفسیرێکی سیستماتێکی بۆ بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کەیسانەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، بۆیە ئەم پرانسیپانە نابنە جێگرەوەی ئەو بیرکردنەوە قووڵانەی کاتێك دۆخێك دێتە پێشەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئیتیکییانە هەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی سیستمە تایبەت و گشتییەکانی بواری زیرەکیی دەستکرد، قەناعەتیان بەو جۆرەیە کە دانانی پرانسیپەکان بەسن بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخانەی کە کێشەی ئیتیکی دروست دەکەن و، ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتووە کە ئەم پرانسیپانە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەها و پرانیسپانەدا پێویستیان بە گفتۆگۆ و گفتوگۆی ئییتکی هەیە، کە ئەمەش تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیارێکی ماقووڵ بۆ ئەو جۆرە دۆخانە بدرێت.

بە مەزندەی من، ئەو پێنج پرانسیپەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا وەك زۆربەی پرانسیپەکانی دیکە کە ئێستا لەبەردەستن، بۆ دوو ئامانجە، لە لایەك لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە نییەتی باش پیشان بدات، ئەوجا نازانرێت لەمەدا ڕاستگۆیە، یان نا، لەلایەکی دیکە بۆ دڵنیاییدانە بە لایەنێکی دیاریکراو، سەرەنجامیش ڕێنمایی گشتین لە کاتی دروستکردنی بڕیاردا.



*** ئاژانسی پرۆژەی توێژینەوەی بەرگریی پێشکەوتوو «DARPA» بەرنامەیەکی بۆ دانانی کۆمەڵێك پێوەری چەندی ڕاگەیاندووە، کە ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری ئیتیکی سیستمەکانی زیرەکیی دەستکردە لە ژینگە سەربازییەکاندا، ئایا سوود و ئالنگارییە چاوەڕوانکراوەکان چی دەبن، کاتێك ئەم ستاندەرانە جێبەجێ دەکرێن؟**

- ئامانجی بەرنامەکەی ئاژانسی توێژینەوەی بەرگریی پێشکەوتوو «DARPA» ئەوەیە کە وەك ستاندەرێکی سەربەخۆ لەگەڵ بەها باڵاکانی هەڵسەنگاندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان « ASIMOV» پەرە بە پێوەرەکان بدەن، بۆ دیاریکردنی ئەو کێشە ئیتیکییانەی کە لە حاڵەتی بەکارهێنانی چەکە خۆبزوێنەکانی زیرەکیی دەستکرددا دروست دەبن، هەروەها ئامانجیان ئەوەیە ئەم چەکە خۆبزوێنانەی زیرەکیی دەستکرد لە چوارچێوەی بەها باڵاکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بە شێوەیەکی بابەتی و چەندی بەکار بهێنرێت، ئەم ڕوونکردنەوانە لە پەیجی ئاژانسەکە دانراون.

یەکەم نیگەرانی من جەختکردنەوەیە لەسەر بابەتیبوونی پێوەرەکان، واتە هەر ئامرازێکی هەڵسەنگاندن و ئەو میتۆدەی بۆ هەڵسەنگاندنەکە پەیڕەو دەکرێت، لەمەش زیاتر ئەم پرۆگرامە ئامانجی ئەوەیە کە «زمانێکی ئیتیکیی هاوبەش بۆ هەموو سیستمە خۆبزوێنەکان» دابنرێت، کە ناکرێت بابەتی نەبن، بۆیە ئەگەر ئەمە سەرکەوتوو بوو، دەتوانرێت هەیکەلێکی گشتی بۆ «زمانێکی هاوبەشی ئیتیکی و پێوەرەکانی هەڵسەگاندن» دابنرێت، کە ئەمە کرا، مەزندەی ئەوە دەکرێت، بتوانرێت ئەو کێشە ئیتیکییانە چارەسەر بکرێن.

**بەکارهێنانی سیستمی زیرەکی دەستکرد بۆ چاودێری بە شێوەیەکی گشتیر بۆ مەبەستی سەربازی زۆر بەخێرایی کاریگەریی لەسەر بوارەکانی دیکە دەبێت، بۆ نموونە ئاسایشی ناوخۆ، لەگەڵ ئەگەری پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە کەسییەکان**

**سێکتەری بەرگریی سەربازیی بەرژەوندیی ژیارییە لایەنە چالاکەکانی کەرتی گشتی (حکومەت) و هەروەها بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیێژیشە بۆ لایەنە چالاکەکانی کەرتی تایبەت**

**کارێکی بێهودە دەکەین، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە دەتوانین ڕێگە لە خراپ بەکارهێنان، یان ئاکامە نەخوازراوەکانی سیستمی زیرەکیی دەستکرد بگرین**

ناتوانرێت تەنیا بە نیشانەکان ئاستی ئیتیکی بەکارهێنانی ئەو سیستمانە دیاری بکرێت، بەڵکو ئەوە پێویستی بە بەرنامەیەکی یاسایی، تێڕوانینێکی ورد و بەرزی تەکنەلۆژی هەیە، بۆ ئەوەی دەرگامان بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ستاندەرەکانی ئیتیك دیاری بکەین. من وەك فەیلەسووفێك بە توندی دژی ئەم بۆچوونەم. ئەوەی لە ئێستادا تا ئەو پەڕی دەتوانین بیکەین، ئەوەیە تا چەند دەتوانین پابەند بین بە ڕیسا و بنەماکانەوە، ئیتیك بوارێکی زۆر ئاڵۆزە و دەبێت لەسەر بنەمای هەر کەیس و دۆخێك بە ڕەچاوکردنی پڕۆگرامێکی گفتوگۆی جددی جێبەجێ بکرێت، بۆیە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی نیشانەکان یەك بخرێن، سەرەنجام شکست دەهێنێت، بەمەش نیشانەکان ناتەواون و کەموکورتییان تێدا دەبێت و پەیوەندیدار نابێت بە کۆنتێکستەکەوە.

## نیگەرانییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد

*** هەتا ئێستاش لە عێراق و هەرێمی کوردستان نیگەرانییە ئەمنییەکان لە ئاستێکی باڵادایە، ئەوجا لەگەڵ زیادبوونی بایەخدان بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بۆ چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و داڕشتنی ستراتیژیەتی بەرگریدا، ئەم نیگەرانییانە زیاتر بوون. ئایا ئەو مەترسییە ئیتیکییانە چین کە دەبێت لەم دوو ناوچە پەیوەندیدارە بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بکرێتە ئەولەویەت، بەتایبەتی لەم ناوچەیەدا کە دینامیکیەتی سیاسەتێکی ئاڵۆز بەڕێوە دەچێت؟**

- بۆ پرسێکی ئاڵۆزی لەم جۆرە ناتوانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەت بدەمەوە، لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی نازانم سرووشتی مەترسییەکان چین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی زیرەکیی دەستکرد لەو ناوچانەدا لە ڕوانگەی بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان، کە لە دۆخە زۆر هەستیارەکاندا ئەم بەرژەوەندییانە دروست دەبن، بە شێوەیەکی سیستماتیکیش ئاسۆی سەرەکیی ئیتیك بڕیارەکان ئاراستە دەکەن.


بە بۆچوونی من ئەو نیگەرانییانەی لە ناوچەیەك سەر هەڵدەدەن پەیوەندیدارن بەوەی کە سیستمی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی گشتگیر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکار دەهێنێت، کە دانیشتووانی ناوچەکە تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، بەبێ ئەوەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو پرسەدا بەشدار بن. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی سیستمی زیرەکیی دەستکرد بۆ چاودێری بە شێوەیەکی گشتیر بۆ مەبەستی سەربازی زۆر بەخێرایی کاریگەریی لەسەر بوارەکانی دیکە دەبێت، بۆ نموونە ئاسایشی ناوخۆ، لەگەڵ ئەگەری پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە کەسییەکان.

## پێشبینییەکان بۆ ئایندە

*** هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی پێشکەوتنی خێرای زیرەکیی دەستکرد، ئایا ئەو بنەما ئیتیکییانە چین کە پێویستە بخرێنە ناو ستراتیژیەتە سەربازییەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لە خراپ بەکارهێنانی ئەوچەکانە بگیرێت و کارەساتی نەخوازراوی لێ نەکەوێتەوە؟**

- دەبێت بێ ئاگا نەبین، سێکتەری بەرگریی سەربازیی بەرژەوندیی ژیارییە لایەنە چالاکەکانی کەرتی گشتی (حکومەت) و هەروەها بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیێژیشە بۆ لایەنە چالاکەکانی کەرتی تایبەت، بۆیە هەر دوو لایەنەکە نابنە بەشدار بۆ پرانسیپی ئیتیکییەکان، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەگەینە ئەوەی دەقێکی یاسایی پابەندنەکراو «غیر ملزم» بەدەست بهێنین، کە پێك دێت لە کۆمەڵێك پرانسیپی گشتی و ڕووکەش و هەر لایەك بە ئارەزووی خۆی تەفسیری بۆ دەکات و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیگونجێنێت.

پرانسیپەکانی ئیتیکی کە دەمانەوێت لەسەر سیستمی زیرەکیی دەستکرد جێبەجێی بکەین، زۆر زۆر فراوانن، ئەمڕۆ ژمارەیەك لە ڕاسپاردە و پرانسیپی تەوجیهی و چارت و هەندێك بنەمای پێوەر دەبینین، کە هێزی پابەندبوون پێیانەوە زۆر کەمە، یان هەر نییەتی، خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا بە تەواوەتی ئاڵۆز و گشتین و بوارێك دروست دەکات بۆ هەر کەسێك کە بتوانێت




کاتێک پێویستی بێت، خۆی لێ بدزێتەوە.

کارێکی بیهودە دەکەین، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە دەتوانین ڕێگە لە خراپ بەکارهێنان، یان ئاکامە نەخوازراوەکانی سیستمی زیرەکیی دەستکرد بگرین. مێژووی شەڕەکان سەلماندوویانە کە تەنانەت ڕەچاوکردنی ئیتیک لە شەڕەکاندا ئەوەی پێشی دەگوترێت تیۆری شەڕی دادپەوەرانە «Just War theory» یان ئامرازە یاساییەکان، وەک ڕێککەوتننامەی ژنێڤ و پرۆتۆکۆڵەکانی، زۆر بە کەمی کاریان پێ کراوە و ڕێزیان لێ گیراوە.

*** چۆن دەتوانین هاریکاریی نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەک «پسپۆرانی ئیتیک و تەکنەلۆژیا و سیاسەتسازان و سەرکردە سەربازییەکان» پتەوتر بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەوەی بتوانین بنەما ئیتیکییەکان لە کاتی بەکارهێنانی سیستمی زیرەکیی دەستکردا بۆ بەرگریی سەربازی جێبەجێ بکەین؟**

- پێم وایە زانایانی بواری ئیتیک « Ethic-its» دەتوانن ڕۆڵی سەرەکیی لەم گفتوگۆیانەدا بگێڕن، بە مەرجێ وەک موژدەهێنەری ئیتیک «Proselytizin moralists» خۆیان دەرنەخەن، ئەوان دەتوانن یارمەتیدەر بن لە گفتوگۆکاندا لە میانی ورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتی، کە دەکرێت هەموو لایەنە جیاوازکان گفتوگۆی لەسەر بکەن، هەتا ئەگەر وەڵامیشی نەدەنەوە.

دەمەوێت ئاماژە بەو چەمکە بکەم «پێشخستن و جێبەکردنی ئیتیکی» ئەم چەمکە هیچ مانایەکی نییە لەبەر ئەوەی وشەی «ئیتیک» مانای «پەسەندکردن، خوازیاریی باش» ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بواری ئیتیکییەکان هەموو شەبەنگەکان بە «پەسەندکراو» و «ڕەتکردنەوە» دەگرێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەمانەشدا، لەو هاوکێشە ئاڵۆزەی دەبێت دروستکەرانی بڕیار چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەوەیە کە دەبێت پرسی ئیتیکەکان زۆر بە جددی و بوێرانەتر هەڵوستەی لەسەر بکەن.

من قەناعەتم بەوە هەیە کە ئاڵوێر و بۆچوونەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاو و ڕاستگۆیانە لە نێوان ئەوانەی بەرگری لەم پرسە دەکەن، لە ناویاندا زانایانی ئیتیک، دەمانگەیەنێتە ئەو وتارە باڵایەی کە بتوانێت ڕێگەپیشاندەر بێت بۆ ئەوەی پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە شێوازی بەرکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایانە لە بواری بەرگریی سەربازیدا لە خۆمان بکەین.

ئەسمەهان داود

سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی – سووریا لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لەوانەیە سووریا بە سەر کورد و عەلەوی و دروز و سوننەدا دابەش بێت



# لە دیداری نێوان سەرۆک بارزانی و مەزڵووم عەبدی جەخت لە یەکڕیزیی گەلی کورد کرایەوە

**وەکو دەزانین ماوەیەکی زۆری نەبرد لە لابردنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتی سووریا، هێزەکانی جۆلانی پەلاماری عەلەوییەکانیان دا و کۆمەڵکوژیان کردن، بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی سووریا بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کوردەکان پەراوێز خراون. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ خاتوو ئەسمەهان داود، سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی- سووریا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ماوەیەکی زۆری نەبرد دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، جارێکی دیکە بارودۆخی سووریا ئاڵۆزی و شەڕی تێکەوتەوە. خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی ئێستای سووریا چۆنە، بەتایبەتی کە عەلەوییەکان شەڕێکی سەختیان دەست پێکردووە و دروزەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەژێر کۆنترۆڵی دیمەشقدا نین؟**

- بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ ماڵباتی ئەسەد کە لەسەر حوکم و دەسەڵاتداریەتی سووریا بوون، ئەوەی توانییان لە کوشتن و ماڵوێرانکردن و زیندانیکردنی گەلی سووریا ئەنجامیان دا. ڕژێمی ئەسەد خراپترین ڕژێمی دنیا بووە لە دیکتاتۆریەت و خوێنڕێژیدا کە دوور لە هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی دەرهەق بە گەلی سووریا بە هەموو پێکهاتەکانەوە پیادەیان کرد. هەر بۆیە لە ساڵی(٢٠١١)دا گەلی سووریا لە ڕێگای جۆراوجۆر دەستیان بە خۆپیشاندان و شۆڕش لە دژی بەشار ئەسەد کرد. ئەگەرچی بە پشتگیریی وڵاتانی وەکو تورکیا، ئێران، ڕووسیا و هێزەکانی حزبوڵڵا و حەماس توانییان بۆ ماوەی (١٤) ساڵ ئەو شۆڕش و خۆپیشاندانانەی گەلی سووریا سەرکوت بکەن، بەڵام لە ناکاو هێزێك بە ناوی «هەیئەی تەحریر شام» بە سەرکردایەتیی کەسێکی تیرۆریست و توندئاژۆی وەکو جۆلانی لە ماوەیەکی زۆر کەمی چەند ڕۆژێکدا توانییان ڕژێمی شام و بەشار بڕووخێنن، ئەمەش وەکو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بە پشتگیریی نێودەوڵەتیی و ئەمریکا و ئیسرائیل و چەند وڵاتی دیکە بووە. لە سەرەتادا خەڵکەکەی سووریا بە هەموو لایەن و پێکهاتەکان دڵخۆشییان بەرانبەری دەربڕی. هاتنی ئەحمەد شەرع کە خۆی وەکو کەسێکی مۆدێرن و دیموکرات نیشان دا و گوایە وازی لە توندوتیژی و چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو و تیرۆریستی هێناوە و دەیەوێت سیستەمێکی دیموکرات بۆ هەموو گەل و پێکهاتەکانی سووریا دەستەبەر بکات، زۆری نەبرد دیتمان عەلەوییەکان بە هاندان و پاڵپشتیی ئێران، حزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی عێراقی و ئێرانی لە دژی جۆلانی خۆپیشاندانیان کرد، سەرئەنجام هێزەکانی ئەحمەد شەرع بە دڕندەترین شێوە پەلاماریان دان و کۆمەڵکوژیان دەرهەق ئەنجام دا، ئەمەش بووە جێگای تێڕامانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و چەندین وڵاتی دیکە و بووە هۆکاری ئەوەی کە بگوترێت، جۆلانی هەر ئەو کەسەیە کە لە ناو قاعیدە و داعش بووە، هاوکات دروزەکان تا ئێستاکەش بە پاڵپشتیی ئیسرائیل نەهاتوونەتە ژێر باڵ و کۆنترۆڵی ئەحمەد شەرع، هەروەها ئەحمەد شەرع لە سەرەتادا کۆنگرەیەکی نیشتمانیی بەست کە بە چەند کاتژمێرێك کۆتایی پێهات و کورد و عەلەوی و پێکهاتەی دیکەش نە بانگهێشت کرابوون، نە تێیدا بەشدار بوون، هەمدیسان هەستا بە ڕاگەیاندنی دەستوور و دانانی موفتی و حکومەتی کاتیی دامەزراند، بەبێ ئەوەی پێکهاتەکانی سووریا تێیدا بەشدار بن، بەتایبەتی

**داواکاریی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوەیە کە ئێمە دوور بین لە شەڕی یەکتری (کورد و کورد) وەکو کوردی باشوور نەکەوینە ناو ئەو نەهامەتی و براکوژیەی کە ڕووی دا**

**بە پشتگیریی وڵاتانی وەکو تورکیا، ئێران، ڕووسیا و هێزەکانی حزبوڵڵا و حەماس توانییان بۆ ماوەی (١٤) ساڵ ئەو شۆڕش و خۆپیشاندانانەی گەلی سووریا سەرکوت بکەن**

**عەلەوییەکان بە هاندان و پاڵپشتیی ئێران، حزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی عێراقی و ئێرانی لە دژی جۆلانی خۆپیشاندانیان کرد**

**دروزەکان تا ئێستاکەش بە پاڵپشتیی ئیسرائیل نەهاتوونەتە ژێر باڵ و کۆنترۆڵی ئەحمەد شەرع**

**جۆلانی ناچێتە ژێر باڵی ئەوەی مافی پێکهاتەکانی سووریا بەتایبەتی کورد بدات و دۆخی سووریا بەو جۆرە بڕوات زیاتر ئاڵۆز دەبێت**

**لە ناو هێزەکانی شەرعدا هەندێ گرووپی زۆر توندڕەو هەن، کە شەرع ناتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت**

**ئەگەر شەرع لەسەر بارودۆخە نەخوازراوەکان بەرانبەر گەلی سووریا و پێکهاتەکان هەر بەو شێوەیە بجووڵێتەوە، ئەوە سزای توندتر لەوەی ڕژێمی بەشاری بە سەردا دەسەپێنن**

کورد، کە نەتەوە و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی سووریایە، هەر بۆیە ئەوەی ئێمە لەو جۆلانییەی دەخوێنینەوە، ئەوەیە کە جۆلانی ناچێتە ژێر باڵی ئەوەی مافی پێکهاتەکانی سووریا بەتایبەتی کورد بدات و دۆخی سووریا بەو جۆرە بڕوات زیاتر ئاڵۆز دەبێت و پێشبینی ئێمە ئەوەیە شەڕی ناوخۆ لە سووریا ڕوودەدات، بەتایبەتی لەگەڵ کورد و عەلەوی و دروزەکان، لە لایەکی دیکەوە لە هەموو دنیا حکومەتی کاتی، یان ڕاگوزەر، نابێت لە (١٨) مانگ ماوەکەی زیاتر بێت، کەچی ئەوەی جۆلانی بۆ ماوەی پێنج ساڵە، ئەمەش نیازی خراپ و خۆسەپاندن و مەترسی لێ دەخوێندرێتەوە.

*** ڕەفتارە توندەکانی شەرع و دەستەی تەحریری شام لەگەڵ چەکدارانی عەلەوی گەیشتووەتە ئاستێك هەموو بنەما و مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووە و، کاردانەوە نێودەوڵەتییەکانیش بەرانبەر ئەم کردەوانەی شەڕع و تەحریر شام توندن. ئایا ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمان هەڵوێست وەك سەردەمی ئەسەد دووبارە بکەنەوە و سزای توند بخەنەوە سەر دیمەشق؟**

- وڵاتانی بیانی و نێودەوڵەتی هەر هەموویان پێش هەموو شتێك بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان لە سووریا دەکەنەوە، وەکو ئەوەی سنوورێکی گرنگ و ستراتیژییە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی بۆ ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسرائیل، هەر بۆیە ئەو وڵاتانە و وڵاتانی عەرەبی و ئێرانیش چاودێریی وردی بارودۆخی سووریا و جووڵانەوە و بڕیارەکانی ئەحمەد شەرع و هێزەکانی دەکەن. ئەوەی ئەحمەد شەرع بەرانبەر عەلەوییەکان کردی، زۆر قێزەوەن و نامرۆڤانە و کۆمەڵکوژی و تیرۆریستی بوو، بەتایبەتی بە ڕا و بۆچوونی ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و وەکو ئەوەی ئێمە ئاگادارین لەلایەن نێودەوڵەتییەوە بە توندی ئاگاداری شەرع لەسەر ئەو تاوان و بارودۆخە کرایەوە، هەر بۆیە ئەگەر شەرع لەسەر بارودۆخە نەخوازراوەکان بەرانبەر گەلی سووریا و پێکهاتەکان هەر بەو شێوەیە بجووڵێتەوە، ئەوە سزای توندتر لەوەی ڕژێمی بەشاری بە سەردا دەسەپێنن. ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئەحمەد شەرع قبووڵ ناکەن، بارودۆخەکە بەرەو هەڵدێر و تیرۆر ببات. ئەگەرچی لە ناو هێزەکانی شەرعدا هەندێ گرووپی زۆر توندڕەو هەن، کە شەرع ناتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەمەش زیاتر بارودۆخی سووریا بەرەو ناسەقامگیری و خراپی دەبات.

*** هەتا ئێستا بارودۆخی ڕۆژئاوا و هێزەکانی دیموکراتی سووریا، بارودۆخێکی نیمچە سەقامگیر بووە و تا ڕاددەیەك لەگەڵ هێزەکانی تەحریر شام نەکەوتوونەتە شەڕەوە. ئایا پێتوایە هەڵوێستی ڕۆژئاوا لەسەر ئەم گۆڕانکارییانەی سووریا دەبێت چۆن بێت؟**

- بارودۆخی سووریا بەو شێوەیەی هەیە، نامێنێت. واتە دابەش دەبێت بۆ سێ تا چوار پارچە، کە هەر پارچەیەك بۆ کورد و عەلەوی و دروزەکان و سوننەی سەر بە ئەحمەد شەرع دەبێت. ئەو نەخشەیەش من وای بۆ دەچم کە لەلایەن وڵاتانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ترەمپ ئامادە کراوە، بۆ ئەوەی چیتر گەلی سووریا لە نەهامەتی نەبێت. لە لایەکی دیکەوە ئەحمەد شەرع لەگەڵ مەزڵووم عەبدی ڕێککەوتنی کردووە کە زیاتر لەسەر لایەنی سەربازییە، ئەمەش وادەکات کە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێستا و تا ئایندەیەکی دیکەش بە بێ شەڕ و کێشە بێت، هەر چەندە هەندێ گرووپ و لایەنی ناو هێزەکەی شەرع کە هەیانە سەر بە تورکیان، لێرەو لەوێ کێشە و گرفت بۆ ناوچە کوردستانییەکان دروست دەکەن. بە گشتی بۆ ئەوەی بارودۆخی ڕۆژئاوی کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت و زیاتر سەقامگیر بێت، ئەوا دەبێت هەموو لایەنە کوردییەکان ڕێککەوتن بکەن و یەکڕیز بن، ئەمەش ئومێد و هەوڵی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە و هەموو کات لە گفتوگۆ و دانیشتنەکانی لەگەڵ ئێمە،دەڵێت، دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئامانج و بەرژەوەندیی باڵاکانی گەلەکەمان هەمووتان یەك بگرن.

وەکو دەزانین گەلی کورد لە سووریا پاش ئەو هەموو ماندووبوون و فیداکاری و ژمارە زۆرەی شەهیدانی بە هۆی ستەمکارییەکانی بەشار، کەچی لە حکومەتی تازەی ئەحمەد شەرع بەشداری پێ نەکراوە و لە ڕاگەیاندنی دەستوورەکەش هیچ شتێکی بەڵگەنەویست و دڵنیایی نابینرێت بۆمان، کە ئەمەش بارودۆخی خراپ و نەخوازراوی لێ دەخوێندرێتەوە.

*** هەست دەکرێت لە دوای کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ مەزڵووم عەبدی، جۆرێك لە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان پەیەدە و**



**ئەنەکەسە و هێزەکانی سووریای دیموکرات هەیە. ئایا بارودۆخی هێزەکانی کورد لە ڕۆژئاوا تا چەند بەرەو پێشەوە چووە؟**

- هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی ڕۆژێکی مێژوویی و پڕشنگدار بوو لەلای گەلی ڕۆژئاوی کوردستان، بە دڵخۆشی و ئاهەنگ لەم ڕۆژەدا خەڵك هاتنە مەیدان، چونکە لای هەموو لایەکمان و گەلی ڕۆژئاوی کوردستان مەعلوومە سەرۆك بارزانی جگە لەوەی هەموو کات و لە پێشتریش داوای کردووە، ئێمە وەکو گەلی ڕۆژئاوا، لایەن و حزبەکان کێشەکانی ناوخۆ بە لاوە بنێین و بە یەکدەنگی و یەکدەستی بۆ ئامانجی گەلەکەمان کار بکەین. داواکاریی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەوەیە کە ئێمە دوور بین لە شەڕی یەکتری (کورد و کورد) وەکو کوردی باشوور نەکەوینە ناو ئەو نەهامەتی و براکوژیەی کە ڕووی دا. ئەو هاتنەی مەزڵووم عەبدی سەلماندی کە هەر جەنابی سەرۆك بارزانی مەرجەعی گەلی کوردە و ڕۆڵ و کاریگەریی گەورە و پڕ ئەنجامی لە چارەسەری کێشەکان هەیە، هەر لە پاش هاتنی مەزڵووم عەبدی لە (١٨ی ئاداری٢٠٢٥) ئێمە وەکو ئەنەکەسە و ئەنجومەنی نیشتمانی و پەیەدە و لایەنەکانی سەر بە پەیەدە و هەسەدە و یەکێتیی ئافرەتانی ئێمە و پەیەدەش پێکەوە دانیشتین و گفتوگۆیەکی باش کرا کە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی نوێنەرایەتییەکی کورد دەستنیشان بکرێت بۆ شام و چوون بۆ لای ئەحمەد شەرع، کە لەسەر دوو خاڵ قسە بکرێت، یەکێکیان ئەوەیە ئایا سیستەمی حوکمی سووریا چییە و چۆن دەبێت، خاڵی دووەمی داواکاری و گفتوگۆیەکە ئایا مافی کورد چۆن دەدرێت و چۆنە.

*** تورکیا دەیەوێت دۆناڵد ترەمپ بگەیەنێتە قەناعەت کە هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە و هێزەکانی تورکیا جێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا بگرێتەوە.ئایا ئەمریکا متمانە بە تورکیا دەکات و هێزەکانی لە ڕۆژئاوا دەکشێنێتەوە؟**

- ئەمریکا نەك بۆ تورکیا، بگرە بۆ هیچ وڵات و هێزێك، بەرژەوەندیی خۆی لە هیچ شوێنێك، بەتایبەتی لە سووریا لەق ناکات و دڵنیایی و متمانەی تەواوم هەیە، کە ئەمریکا پشتی کوردی سووریا بەر نادات و لە سووریا ناکشێتەوە. چونکە سووریا ناوچەیەکە تەماحی زۆر وڵاتانی لەسەرە، کە ئەو تەماحانەش زیاتر لە دژی بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیلە، لەلایەکی دیکەوە کشانەوەی ئەمریکا بەتایبەتی تەسلیمکردنی بە تورکیا، ئەوە لە دژی گەلی کوردی ڕۆژئاوی کوردستانە، ئەمەش لەو بارودۆخەی ئێستادا ڕوو نادات، چونکە بەو کارە ئەوا پڕۆسەی ئاشتیی تورکیا لەگەڵ کوردی باکوور و ڕۆژئاواش هەرەس دەهێنێت و خوێنێکی زۆر دەڕژێت.

**ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئەحمەد شەرع قبووڵ ناکەن، بارودۆخەکە بەرەو هەڵدێر و تیرۆر ببات**

**ئەحمەد شەرع لەگەڵ مەزڵووم عەبدی ڕێککەوتنی کردووە کە زیاتر لەسەر لایەنی سەربازییە، ئەمەش وادەکات کە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێستا و تا ئایندەیەکی دیکەش بە بێ شەڕ و کێشە بێت**



سەیدا یوسف موسلیم
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# کارێزمای سەرۆک بارزانی کاریگەریی گەورەی لە سەرخستنی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەبێت

**هاتنی شاندی دەم پارتی و هێنانی پەیامی ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی وەرچەرخانێکی گرنگە لە پرسی کورد لە تورکیا، بەڵام بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستە پەکەکە و ئەردۆگان هەنگاوی پراکتیکی بنێن و، بۆ گەڕانەوەی متمانە هەردوولا دەستبەرداری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان ببن. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەیدا یوسف موسلیم ئەنجام دا، کە بە مەزڵووم ئورفە ناسراوە و یەکێك لە کادیر و ئەندامانی پێشووی پەکەکە بووە.**

*** شاندی دەم پارتی پەیامی ئاشتیی ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و، سەرۆك بارزانی پشتگیریی ناوەڕۆکی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، کە ئامانج لێی چارەسەر ئاشتییانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا. ئایا سەردانی شاندی دەم پارتی بۆ لای سەرۆك بارزانی چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- هاتنی ئەو شاندەی دەم پارتی و هێنانی پەیامی فەرمیی ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی، دیرۆکی و زۆر گرنگە، چونکە ناردنی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆك ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆجەلان بۆی ڕوون بووەتەوە کە کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەتایبەتی لە باکوور لەگەڵ تورکیا بە پرۆسەی ئاشتی دەبێت و، ڕۆڵی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەبێت سەرۆك بارزانی پێی هەڵسێت. هاتنی شاندەکە و هێنانی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ لە لایەن ئۆجەلانەوە بڕیاری لەسەر درابوو، ئەمەش سەلماندی سەرۆك بارزانی بە تێڕوانینی ئۆجەلانیش مەرجەعی گەلی کوردە، لەلایەکی دیکەوە بۆ هەموو کوردان و بۆ ئۆجەلان و پەکەکەش دەرکەوتووە کە ئەزموونی سەرکەوتووی باشووری کوردستان کە زیاتر لە (٣٤)ساڵە بە سەرۆکایەتی و بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، جەنابی سەرۆك بارزانی بە کار و کردەوە و دیبلۆماسییەت و ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و شۆڕشگێڕیی خۆی لە ناوچەکە و هەموو دنیا بەگشتی و بەتایبەتی کاریگەری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کاریگەریی زۆر و قورس بەهێزی لە چارەسەری کێشەکاندا هەیە. هەرچەندە لە دامەزراندنی پەکەکەوە ئەوە ئۆجەلان و چەکدارەکانی بوون کە دژایەتی و دوژمنایەتیی بەرچاوی پارتی و بارزانی-یان کردووە، بەڵام ئەو پەیامەی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی پاش ٤٠ ساڵ لە چەکدارییان و زیاتر لە (٢٥)ساڵی ئۆجەلان لە زیندانی دەوڵەتی تورکیا، ئەمە دەرەوێنێتەوە و پەشیمانبوونەوەی ئۆجەلان و پەکەکەشی تێدا ڕوون و ئاشکرایە لەو دوژمنایەتییەی بەبێ هۆکار هەیانبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارێزمایی و لێهاتووی و پێشچاوڕوونی و ئاشتیخوازی و خەمخۆریی جەنابی سەرۆك بارزانی لە چارەسەری کێشەی گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دنیادا. هەروەها دەتوانین بڵێین مێژوو هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە و بەشێوەیەکی بەڵگەنەویست دەردەکەوێت، لە پەیامەکەی ئۆجەلانەوە ڕاستەوخۆ بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی دووبارە ئەوەمان پێ دەڵێت کە

هیچ کار و هەوڵ و چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بەتایبەتی باکووری کوردستان و ڕۆژئاواش بەبێ سەرۆك بارزانی ناکرێت، چونکە بارزانی تا ئێستاش تەنیا خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان دەزانێت و لە هەموو مەراسیم و یادەکاندا بە شانازییەوە ئاماژە بەوە دەکات، خۆی ئامادەیە لە هەر شوێن و پارچەیەکی کوردستان پێویست بێت، خۆی بۆ تەرخان بکات و تا دوا هەناسەی خۆی بە فیداکاری کوردستان و گەلەکەی دەزانێت، هەر بۆیە بەشداری و کاریگەریی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو پرۆسەی ئاشتییەی کە نیاز وایە لە نێوان تورکیا و پەکەکە ئەنجام بدرێت، جێگای ئومێد و دڵخۆشی و گەشبینییە.

*** ئۆجەلان بە فەرمی داوای کردووە کە پەکەکە چەك دابنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت. سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە بە زارەکی پێشوازییان لەم پەیامە کردووە، ئایا پەکەکە بە کردەیی ئەم پەیامەی ئۆجەلان جێبەجێ دەکات؟**

- بێگومان پەکەکە و سەرکردە و چەکدارەکانی بە پراکتیکییش پابەندی پەیامەکەی ئۆجەلان دەبن، چونکە بۆ ئۆجەلان و پەکەکەش پاش زیاتر لە (٤٠) ساڵە دەرکەوتووە کە کات و سەردەمی چەکداری نەماوە بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بەڵکو لە هەموو دنیا دەرکەوتووە کە ئێستا سەردەمی دیالۆگ و گفتوگۆ و ڕێگەی ئاشتییە، کە دەتوانرێت چارەسەری گرفت و کێشەکانیان بکات. لە لایەکی دیکەوە پەکەکە بۆیان دەرکەوتووە لە ڕێگەی چەکدارییەوە تەنیا زیانمەند دەبن، بەتایبەتی لە بەکوشتندانی لاوەکانی گەلەکەمان و ناتوانن بە شەڕ هیچ لەگەڵ سوپای تورکیا بەدەست بهێنن. هاوکات لە ئێستادا هاوکێشەی هێز و چەك لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و هێزی سەربازیی تورکیا زۆر جیاوازە، پەکەکە بە شێوەیەکی زۆر تەقلیدی و لاواز بەرانبەر بەو هێز و چەکە سەردەمییانە و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی لەشکری تورکیا هیچی پێ ناکرێت، بۆیە ئەو پرۆسەی ئاشتییە لایەنێکی باشە بۆ ڕزگاربوونی چەکدارانی پەکەکە لە شەڕ، لە لایەکی دیکەوە لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکە و ئەو ماوەیەی ئۆجەلانیش لە زیندان بووە، هەموو جووڵە و هەڵسوکەوت و کارێکی چەکدارانی پەکەکە و سەرکردەکانیان بەپێی قسە و فەرمانی ڕاستەوخۆی ئۆجەلان بووە، هەر بۆیە دڵنیام کە پەکەکە ڕازییە بە چەکدانان و هەڵوەشانەوەی وەکو حزب، بەڵام بۆ سەلامەتیی گیان و ژیانیان مەرجی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی دەخوازن.

*** با بێینە سەر کاریگەریی دەم پارتی لە ناو تورکیا، ئایا کوردی باکوور، دەم پارتی بە نوێنەری خۆیان دەزانن؟ دیارە بێجگە لە دەم پارتی، ڕێکخراو و کۆمەڵەی دیکەی کوردیش لە تورکیا هەن و پشتگیریی هەڵوێستەکەی دەم پارتی دەکەن بۆ ئاشتی، ئایا ڕۆڵ و کاریگەیی دەم پارتی و سەڵاحەدین دەمیرتاش بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە بۆچوونی من دەم پارتی ناتوانێت نوێنەرایەتیی تەواوی کوردی باکوور بکات، چونکە حزب و لایەن و کۆمەڵەی جۆراوجۆری دیکەی کوردی لە باکوور هەن و هەر یەکەشیان ڕۆڵی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینن، لە لایەکی دیکەوە بۆ باکووری کوردستان و خەڵکەکەی دەرکەوتووە ئەوەی لەسەر ڕێبازی باوکی ڕۆحیی کورد مەلا مستەفا نەبێت، ناتوانێت نوێنەرایەتیی تەواو و سەرکەوتوو بگێڕێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەم پارتی وەکو لایەنێك کە بە ئاشکرا کار دەکات، ئەوە ژمارەیەك کورسی لە پەرلەمانی تورکیا هەیە، تا ئاستێکیش پەیوەندییان لەگەڵ قەندیل و پەکەکە دروست کردووە، بۆیە دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان تورکیا و پەکەکە، ئەگەرچی سەڵاحەددین دەمیرتاش نەك تەنیا لە باکوور، بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ دەم پارتی و لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، کەسێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر و خۆشەویستی گەلی کوردە و دەتوانێت و ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشەوەبردن و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتییەکە، هەموو ئەمانە ئەو کات دەبێت کە نیازی حکومەت و دەوڵەتی تورکیا ڕاست بێت بۆ هەنگاونان و گەیشتن بە ئاشتی، ئەگینا تورکیا مەبەستی نەبێت و بۆ دەرفەت وەرگرتن بێت بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆیان دەیانەوێت، وەکو چەندین جاری دیکە کە لە مێژوودا

**هاتنی شاندەکە و هێنانی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی ڕاستەوخۆ لە لایەن ئۆجەلانەوە بڕیاری لەسەر درابوو، ئەمەش سەلماندی سەرۆک بارزانی بە تێڕوانینی ئۆجەلانیش مەرجەعی گەلی کوردە**

**پەکەکە بە شێوەیەکی زۆر تەقلیدی و لاواز بەرانبەر بەو هێز و چەکە سەردەمییانە و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی لەشکری تورکیا هیچی پێ ناکرێت، بۆیە ئەو پرۆسەی ئاشتییە لایەنێکی باشە بۆ ڕزگاربوونی چەکدارانی پەکەکە لە شەڕ**

**پەکەکە ڕازییە بە چەکدانان و هەڵوەشانەوەی وەکو حزب، بەڵام بۆ سەلامەتیی گیان و ژیانیان مەرجی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی دەخوازن**

ئەو هەنگاوانە لەگەڵ کورد نراوە، لە پاشان تورکیا پەشیمان بووەتەوە بە بیانووی جۆراوجۆر، پرۆسەی ئاشتی سەرناکەوێت و بارودۆخی خراپ و خوێناوی و نەتەوەپەرستی بەرانبەری گەلی کوردی باکوور دروست دەبێتەوە.

*** ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە تورکیا پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ دووبارە بوونەوەی بە سەرۆک کۆمار، بۆ ئەمەش دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانیی هەیە، ئەمە بێجگە لە شکۆی سەرۆک بارزانی کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، لە ئێستادا وەك مەرجەعی هەموو کورد سەیر دەکرێت. ئایا مەرجەعییەتی سەرۆك بارزانی تا چەند دەبێتە زامنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کورد لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان؟**

- مەبەست لەو پرۆسەی ئاشتییە، پێش هەموو شتێك لە لایەن دەوڵەت باخچەلی دەستپێشخەری کراوە، نەك ئۆجەلان، بەڵام لە دەرەوەی حکومەتی تورکیا ئەوە دەوڵەتی تورکیا چەندین ساڵە لە گفتوگۆدایە لە زیندان لەگەڵ ئۆجەلان، بۆ ئەوەی چەکدارانی پەکەکە واز لەو شەڕ و خوێنڕێژیە بێ ئەنجامە بهێنن کە زەرەر و دەرهاوێشتەی خراپ و ناسەقامگیریی بۆ بارودۆخی ناوخۆی تورکیا و سیاسەتی نێودەوڵەتییان دروست کردووە، بەڵام من وای دەبینم، ئەردۆغان ئەم جارە هەرچی بکات، ناتوانێت ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار، بە هۆکاری جۆراوجۆر، لە لایەکی دیکە ئەگەر ئەردۆغان بیەوێت کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمار بکاتەوە، دەبێت دەنگی کوردی باکوور بۆ خۆی ڕابکێشێت، کە ئەمەش بە دوو کار دەبێت، یەکەم پێکهاتنە لەگەڵ ئۆجەلان و نەمانی پەکەکە، دووەم دەبێت بۆ دیاریکردن و دداننان بە مافی کورد و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی باکووری کوردستان دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە، کە تێیدا ئەوەی کورد دەیەوێت، جێگیر بکرێت، کە ئەمەش کار و ماوەیەکی درێژخایەنی پێویستە و دەتوانم بڵێم یەکێك لەو مەرجانەی کە لەلایەن ئەردۆغانەوە ئەستەمە جێبەجێ بکرێت، دداننانە بە مافی گەلی کورد، کە ئەمەش وا دەکات پرۆسەی ئاشتییەکە ساردی تێدا دروست ببێت، بەڵام ئەوەی وای کردووە کە ئەردوگان پابەندی بێت، ئەو پەیوەندییە بەهێز و کاریگەر و سەرکەوتووەیە کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کورد لەگەڵ ئەردۆغان هەیەتی و ڕێزی جەنابی سەرۆك لە تورکیا تا ئەوپەڕی گەورەیی هەستی پێ کراوە و ناتوانرێت نکۆڵیی لێ بکرێت، کە هەر ئەمەشە وای کردووە، قەبارەی بازرگانی و ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بەرەوپێشەوەتر بچێت، هەروەها کاریگەریی نێودەوڵەتییش لەسەر ئەردۆغان هەیە، کە کێشەی کورد چارەسەر بکات.

*** ئەگەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بوو، لەسەر هەموو ئاستەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارە کوردییەکانی تورکیا پەیوەندییەکان دەچێتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووتر، ئاسانتر کوردی تورکیا دێنە هەرێم و کوردی ئێرەش ئاسانتر دەچینە شارەکانی تورکیا، ئایا ئەمە نابێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی پرسی کورد بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر؟**

- ئەو سنوورەی کە ماوەی سەد ساڵە لە نێوان کوردانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دروست کراوە، دەستکردی دوژمنانی گەلەکەمان بووە، بێگومان بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیا و پەکەکە ئەو سنوورەی لە نێوان پارچەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا هەیە، ناڵێم نامێنێت بەڵکو زۆر کاڵ دەبێتەوە و کەلتوور و فەرهەنگی گەلەکەشمان لە هەر چوار پارچەدا هاوبەش و یەکە، بۆیە هاتوچۆکردن لە نێوان خەڵکی باشوور بۆ باکوور و بە پێچەوانەشەوە زۆر ئاسان دەبێت و پەیوەندیی باشتر و بەهێزتر لە نێوانماندا دروست دەبێت. لە لایەکی دیکەوە لە ئاهەنگ و یادی نەورۆزی ئەمساڵدا جەنابی سەرۆك بارزانی بە ناردنی نوێنەری خۆی و پەیامەکەی، مەرجەعییەت و کاریزمایی خۆی بۆ گەلەکەمان سەلماند و بووە هۆکارێکی ئاسوودەیی و بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی پارچەکانی کوردستان، ئەو ئاهەنگە بە نوێنەرایەتیی سەرۆك بارزانی و خوێندنەوەی پەیامەکەی وای کرد، دڵنیایی و متمانەی زیاتر گەشە بکات بۆ هەنگاونان بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و باکووری کوردستان.

**دەم پارتی ناتوانێت نوێنەرایەتیی تەواوی کوردی باکوور بکات، چونکە حزب و لایەن و کۆمەڵەی جۆراوجۆری دیکەی کوردی لە باکوور هەن و هەر یەکەشیان ڕۆڵی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینن**

**ڕێزی جەنابی سەرۆک لە تورکیا تا ئەوپەڕی گەورەیی هەستی پێ کراوە و ناتوانرێت نکۆڵیی لێ بکرێت**

**بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیا و پەکەکە ئەو سنوورەی لە نێوان پارچەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا هەیە، ناڵێم نامێنێت بەڵکو زۆر کاڵ دەبێتەوە**



## دیدەن کەمال:

# دەمەوێت لە ڕێگەی ڤیدیۆ و پۆستەکانمەوە وزەی ئەرێنی و هەستی گەشبینی ببەخشمەوە

لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم و فراوانبوونی دونیای سۆشیال میدیا، ژمارەیەکی زۆری خانمانی کورد بەهۆی پەیج و ئەکاوەنتەکانیان و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەهرە و تواناکانیان دەخەنەڕوو، ئەوان کابانی و دەسترەنگینی و لێهاتوویی خۆیانیان کردووە بە دەستکەوت و سەرچاوەی داهات. دیدەن کەمال خانمە بلۆگەرێکی بە توانا و بە ئەزموونی شاری سلێمانییە، هاوکات نووسەر و شرۆڤەکارێکی بە توانای بواری ئابوورییە و تاوەکو ئێستا چەندین توێژینەوە و ڕاپۆرتی لە بواری ئابووری ئامادەکردووە، نووسین و توێژینەوەکانی لە زۆربەی ماڵپەرەکان بڵاوکراونەتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دیدەن کەمال لە نەورۆزی ١٩٩٤ لە هەڵەبجە لەدایك بووە و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی/ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بەشی دارایی و بانکی تەواو کردووە. هەوڵیداوە لە ڕێگەی پەیجەکانی سۆشیال میدیاوە سوود بە چواردەوری خۆی بگەیەنێت و لە سۆنگەی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە ببێتە ڕێنماییکار و ڕێنیشاندەری هەوادارانی. لە دیدارێك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران باس دەکات.

«هەرچەندە خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە بەڵام تا ئێستا دانەمەزراوم، لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٧ وەك کچێکی بلۆگەر دەرکەوتم، ئەوکات هەم پیشەکە لای ئافرەتان کەم بوو هەم بلۆگەری حیجابمان کەم بوو، دوای چەندین جار هاککردن و سووتاندنی ئەکاونتەکانم و چەندین ڕووداوی ناخۆش بەڵام هێشتا بەردەوامم و کار دەکەم، لە ڕێگەی ئەکاوەنتەکانمەوە پەیامی پەرەپێدانی تواناکانی خود و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردی بڵاودەکەمەوە، دەمەوێت لە ڕێگەی ڤیدیۆ و پۆستەکانمەوە گەشبینی و دەروونرووستی لە ناخی بینەرەکانم دروست بێت، من کاتێك بڕیارمدا ئەم کارە بکەم بینیم بۆشاییەکی گەورە لە سۆشیال میدیا بۆ دەرکەوتنی ئافرەتان هەیە، سوپاس بۆ خوا ئێستا ڕەوتی کارکردنی خانمان زۆر پێشکەوتووە، بە خۆشحاڵییەوە زۆربەی ئافرەتان کار دەکەن، کە ئەوەش جێگەی شانازییە بۆ کوردستان و خۆیان و خانەوادەکانیشیان».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا کارکردنی ئافرەتان تا چەند پێویستە ئەو گوتی: «ئەگەر باسی کارکردنی ئافرەتان بکەم بە گشتی زۆرینەی خانمان پڕ بەهرە و لێهاتوو و داهێنەرن، لای خانمان دوو جۆر ئابووری سەربەخۆ بوونی هەیە، جۆری یەکەم ئەو کەسە بە توانا چالاکانەن کە لە هەر بوارێکدا کار بکەن چ ئۆنلاین بێت یان کاری دەرەوە بێت ئەوا بە جوانترین و وردترین شێوە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن وکۆمەڵگە بەرەو پێش دەبەن، ئەوان لە بەڕێوبردنی ژیان بە کارکردنیان یارمەتیدەری باوك و برا و هاوسەرن، خاوەن کەسایەتی و داهاتی سەربەخۆی خۆیانن و جێگەی ڕێز و پێزانین و دەستخۆشین. جۆری دووەمیان کە ژمارەکەیان کەمە بەداخەوە بێ بەهرەن، جەستە و ڕووخساریان وەك کاڵایەك بەکار دەهێنن و هۆکاری بڵاو بوونەوەی خوە ناشیرین و خراپەکانی کۆمەڵگەن».

**بە خۆشحاڵییەوە زۆربەی ئافرەتان کار دەکەن، کە ئەوەش جێگەی شانازییە بۆ کوردستان و خۆیان و خانەوادەکانیشیان**

دیدەن کەمال دەربارەی کارەکانی خۆی دەڵێت: «ئەگەر باسی کارکردنی خۆم بکەم هەم وەك دایکێك و هەم وەك بلۆگەرێك زۆر دڵخۆش و ئاسوودەم، سوپاس بۆ خوا دایکی دوو کوڕی جوانم کاکە ئەحمەد تەمەنی سێ ساڵە و کاکە ئەرینیش تەمەنی یەك ساڵە، کارەکەمم خۆشدەوێت و ئەوانەی من دەناسن دەزانن لە کاتی کارکردن لەگەڵ کەسانی چواردەورم زۆر ئاسانکاری دەکەم و زۆر دڵخۆش دەبم کاتێك کەسێك بتوانێت لە ڕێگەی منەوە پەرە بە کار و پرۆدێکتەکانی خۆی دەدات، بە گشتی هەرکارێك هیلاکی و ماندوو بوونی خۆی هەیە و منیش بەو ماندووبوونە دڵخۆشم، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم دەرفەتە».

**ئافرەتان بە کارکردنیان یارمەتیدەری باوك و برا و هاوسەرن، خاوەن کەسایەتی و داهاتی سەربەخۆی خۆیانن و جێگەی ڕێز و پێزانین و دەستخۆشین**

دیدەن کەمال لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بواری ئابووری و بواری کارکردنت تاچەند بە یەکترەوە پەیوەندیدارن؟ ئەو گوتی: «دوو پیشە و دوو بواری جیاوازن، بواری ئابووری ئەو بوارەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندوومە و ئێستاش بەردەوامم لە وەرگرتنی زانیاری و خۆپێگەیاندنم لەو بوارە، تا ئێستا چەندین کۆرسم وەرگرتووە و لە ئێستادا لە کۆرسی خوێندنی مارکێتینگم، ماوەیەکیش لە کەناڵی فاڵکۆن پێشکەشکاری بەرنامەی ئیکۆنۆمی بووم، بەڵام سۆشیاڵ میدیا زۆر جیاواز ترە، بێگومان بوارە ئابوورییەکە یارمەتیدەرم دەبێت تا کارەکانم بە شێوەیەکی ئەکادیمی بکەم».

**لە کاتی کارکردن لەگەڵ کەسانی چواردەورم زۆر ئاسانکاری دەکەم و زۆر دڵخۆش دەبم کاتێک کەسێک بتوانێت لە ڕێگەی منەوە پەرە بە کار و پرۆدێکتەکانی خۆی دەدات**

# مامۆستایانی زانکۆ هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی بۆڵۆنا پرۆسێس دەکەن



**لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پرۆسەی بۆلۆنا لە ناوەندەکانی زانکۆ جێبەجێ دەکرێت، سەرەتا لە ٢٧ وڵاتی ئەورووپی ئەو پرۆسەیە جێبەجێکرا، ئەمڕۆش ٤٥ وڵاتی جیهان بە مەبەستی یەکخستنی خوێندن لە هەموو ئەورووپا ئەو پرۆسەیە جێبەجێ دەکەن. هاوکات لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش هەمان سیستەم و پرۆسە جێبەجێ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین ئایا پرۆسەی بۆلۆنا پرۆسێس بەراورد بەسیستەمی پێشوو پێشبینی چ جیاوازی و کاریگەرییەکی لە داهاتوودا لێدەکرێت و چاوەڕێ دەکرێت تا چەند سیستەمەکە سەرکەوتوو بێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



سەرەتا پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، هێما بۆ ئەوە دەکات «بۆلۆنیا پرۆسێس یان پێواژۆی بۆلۆنیا لە ئێستادا لە زۆرێك لە زانکۆکانی کوردستاندا کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم بەرنامەیە وابەستەیە بە تایپ و تیۆرێکی دیاریکراوی میتۆدییەوە، کە لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیادا دەستپێکردووە. دەکرێت لێرە لە کوردستانیش ئەزموون بکرێت. بەڵام هێندەی ئێمە ئاگادار بین، کە وا چوار بۆ پێنج ساڵە لە زانکۆی سلێمانیدا جێبەجێدەکرێت، جێگەیەکی ئەوتۆی نەگرتووە. چونکە بۆلۆنیا بۆ زانکۆیەك گونجاوە کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- مامۆستا لەو ڕاستییە تێبگات کە بەڵێ قوتابی سەنتەرە، چونکە ئامانج لە پرۆسەکە قوتابیانن. ئەبێت لە زەمینە و زیهنی قوتابیدا، ئازادی فێربوون، خواستی فێربوون، وەك مافێکی ڕەوا ڕێگەی بکرێتەوە و نابێت نەریتی پۆلیسی و سەپاندن و سنوور و کۆت و بەندی پەروەردەیی بوونی بمێنێ. هەڵبەتە ئەم ئەندێشەیە هێشتا ئەزموون نەکراوە. چونکە پەروەردەی زارەکی مامۆستایان، لەودیو کلاسیکەوەیە.

٢- بۆلۆنیا پرۆسێس بۆ کۆمەڵگەیەك دەبێت کە سیکۆلار و دیموکرات بێت، بەداخەوە لێرە لۆژیکی ناباو هێشتا لە لوتکەی ئەزموونکردندایە.

٣- دەبێت ساڵنامەیەکی چەسپاو هەبێت. ئێمە دەزانین وا دە ساڵە لە زانکۆکانی سنووری سلێمانیدا بەردەوام نزیکەی نیوەی ساڵی خوێندن بایکۆت بووە و قوتابی بووەتە قوربانی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان. لە ڕەوشێکی وادا بۆلۆنیا بوونی نامێنێ».

د. ماجید خەلیل لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:

«جیاوازییەکە لەوەدایە خوێندن بەشێوەی کۆرس نابێت، بەڵکو دەبێتە دوو سیمستەر و وانەیەك تا کۆتایی ساڵ ناخوێندرێت، بەڵکو دەکرێت لە سیمستەرێکدا شوێنی بکرێتەوە، هاوکات بایەخی زۆر بە پرۆجێکت و پراکتیك و کاری مەیدانی دەدرێت، کە دیسانەوە هەم لەڕووی کوالیتی بینا و هۆڵ و تەکنەلۆژیای نوێوە نەمانتوانیوە ئەو ئەرکە بگرینە ئەستۆ، هەمیش بۆلۆنیا دەرفەت دەڕەخسێنێ کە بواری گەندەڵی لە پرۆسەی خوێندندا زیاتر زەمینەی بۆ بڕەخسێ، چونکە کۆنترۆڵی سەر قوتابی و مامۆستا کەمتر دەبێتەوە.

بۆیە بە لە پێش چاوگرتنی دابەزینی ئاستی قوتابیانی زانکۆ، دەرکەوتووە کە فیدباکێکی



د. ماجید خەلیل :

**بۆڵۆنیا پرۆسێس بۆ کۆمەڵگەیەک دەبێت کە سیکۆلار و دیموکرات بێت، بەداخەوە لێرە لۆژیکی ناباو هێشتا لە لوتکەی ئەزموونکردندایە**



تەرزە حوسێن:

**ڕەنگە سەرەتای هەموو پرۆسەیەک کەموکوڕی هەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی تاسەر لەسەر یەک سیتەمی خوێندن بەردەوام بین**



د. بەهزاد تاهیر:

**ناکرێت سیستەمێک هاوردە بکرێت کە تاوتوێ نەکرابێت و بەبێ بەرنامە و ئامادەکاری و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بەسەر مامۆستا و قوتابیدا بیسەپێنن**

دروست بۆ ئەم پێواژۆیە لە گۆڕێدا نییە و ناتوانێت سەرکەتوو بێت».

تەرزە حوسێن مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە سیستەمەکە دەناسێنێت «سیستەمی بۆڵۆنیا (ECTA) کورتکراوەی European Credit Transfer and Accumulation System واتا: سیستەمی ئەورووپی بۆ گواستنەوە وکۆکردنەوەی کۆشش.

ئەو سیستەمە لە ٥٠ وڵاتی ئەورووپی و ڕووسیا و تورکیا و چەند وڵاتێکی ئاسیا وئەفریقیا بە کوردستانیشەوە بەکاری دەهێندرێت.

زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی سیستەمی وەرزی (سیمستەر) دەکەن، لەسەر بنەمای کرێدیت (ECTS) و خوێندکار هەر ساڵێکی ئەکادیمی زانکۆ دابەش دەبێت بەسەر دوو وەرزی ئاسایی، کە بریتین لە وەرزی پایزە (Fall Semester) و وەرزی بەهارە (Spring Semester). ماوەی هەر وەرزێك (٢٠) هەفتە دەبێت بۆ ئەنجامدانی سەرجەم چالاکییەکانی خوێندن و تۆمارکردن و تاقیکردنەوە، بە مەرجێك ماوەی خوێندن لە (١٤) هەفتە کەمتر نەبێت.

چوارچێوەی بنچینەیی پرۆسەی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای پێواژوی بۆڵۆنیا ( Higher Education Framework)

چوارچێوەی بنچینەیی بریتییە لە ئاستی بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا لە زانکوکانی هەرێمی کوردستان کە لەسەر بنەمای (ECTS) کرێدیتە و تێیدا پیناسەی لیهاتوویی (Qualifications) لە ڕووی دەرەنجامەکانی فێربوونەوە (Learning Outcomes) دیاریدەکرێت. بەگشتی چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان جگە لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیك لەسەر بنەمای چوارچێوەی گشتگیری خوێندنی باڵای وڵاتانی ئەوروپی (Overarching Framework of Qualifications of the European Higher Education Area ) دیاری دەکرێت بو هەر ئاستێکی خوێندن. بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

- ئاستی کورت مەودا (Short Cycle): بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی دبلۆمی ECTS 120 Diploma Degree کرێدیتە. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

- ئاستی یەکەم (First Cycle): بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی بەکالۆریوس Bachelor›s Degree کە پێك دێت لە ٢٤٠ یەکە (ECTS) جگە لەو بەشانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا دیاری دەکرێن و پێویستیان بە کرێدیتی زیاترە بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری پسپۆڕییەکەی پێدەبەخشرێت.

- ئاستی دووەم (Second Cycle): خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر دەگرێتەوە

- ئاستی سێیەم (Third Cycle): خوێندنی دکتۆرا دەگرێتەوە.

سیستەمی کرێدت: هەر وانەیەك کرێدتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەلایەن بەشەکانەوە دادەنرێت.

پرۆگرامی خوێندن: پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی هەموو ئەو مۆدیۆلانە لەخۆ دەگرێت، کە تایبەتن بە وەرزەکانی خوێندن و لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی خوێندن (Learning Outcomes) بۆ هەر ئاستێکی پرۆگرام دادەڕێژرێن.

تەرزە حوسێن سەبارەت بە ئاستی جیاوازییەکانی ئەم سیستەمە بە سیستەمی پێشوو گوتی: «جیاوازی سیستەمی بۆڵۆنیا لەگەڵ سیستەمی پێشوو لە ڕووی ناوەڕۆك وشێوازی خوێندی وانەکان وتاقیکردنەوە جیاوازە، دەتوانم بڵێم ئەم سیستەمە لە ڕووی ئەکادیمی باشترە چونکە قوتابی ئاشنا دەکات بەشێوازی نوێی وانە چونکە تەنیا مامۆستا سەنتەر نییە بەڵکو مامۆستا و قوتابی پێکەوە ئەو زانستەی پێیانە دەیگەیەنن، ئەم سیستەمە وادەکات قوتابی هەوڵی زیاتر بدات لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لە بوارەکەی خۆیدا، لە ڕێگەی چالاکییەکان دەتوانێت ئەو زانستەی پێیەتی بیگەیەنێتە هاوڕێکانی و دەرگایەکی دیکەی خوێندن بەڕووی هاوپیشەکانی بکاتەوە و لە ڕێگەی سایتە زانستییەکان بەشێوازی نوێی زانست ئاشنا بێت، بەشێکی زۆری خوێندنەکە بە شێوەی پراکتیکی دەبێت، بەشداری کرداری قوتابیان لەناو هۆڵەکانی خوێندن هاندانێکە بۆ بەرەوپێشچوون و برەودان بە بیرۆکەی زانستی تاك».

گوتیشی: «دەکرێ سیستەمەکە وەکو وڵاتان جێبەجێبکرێت و هەموو ڕێگە زانستییەکان لەگەڵ ژینگەی کوردستان گەشەپێبدەین، دڵنیام لەوەی لە داهاتوودا دەتوانین لەناو زانکۆکانی کوردستان لە ڕێگەی مامۆستا و قوتابیان بیرۆکەی داهێنەرانە و پێشکەوتووخوازانە بۆ بەرەوپێشچوونی لایەنی ئەکادیمی لە بوارەجیاوازەکان جێبەجێبکەین، ئەمەش تەنیا بە مامۆستایان و قوتابی ناکرێت بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵا و حکومەت گرنگی زیاتر بەم پرۆسەیە بدرێت

و شێوازە نوێیەکانی لەگەڵ ژینگەی کوردستان ئاشنا بکرێت، پێویستە ساڵانە گرووپی نوێی دەستەی باڵای ئەم پرۆسەیە سەردانی وڵاتان بکەن تاکوئەبدێتی تازەی زانست و پرۆسەکە بهێننەوە کوردستان و لەگەڵ ژینگەی زانکۆکانی هەرێم بیگونجێنن .

ڕەنگە سەرەتای هەموو پرۆسەیەك کەموکوڕی هەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی تاسەر لەسەریەك سیستەمی خوێندن بەردەوام بین، بەڵکو لەگەڵ کرانەوەی جیهان دەبێت ئێمەش هەنگاوی تازە بنێین لە بواری پەروەردە و زانکۆکان .

د. بەهزاد تاهیر ماموستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەبارەت بە هەمان باس ئاماژە بەوە دەکات «سیستەمی خوێندنی بۆڵۆنا کە چەند ساڵێکە لە چەند زانکۆیەکی کوردستان جێبەجێ کراوە و ئێستا هەندێ زانکۆی تر لە قۆناغی جێبەجێ کردندان، باشی و خراپی خۆی هەیە بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین و بەراوردی بکەین بە سیستەمی پێشوو، پێویستە بزانین کە جێبەجێ کردنی هەر سیستەمێك لەسەر هەر توێژێکی کۆمەڵگە پێویستی بە دروستکردنی زەمینە و ئامادەکاری هەیە.

من وەك خۆم کە لە چەند زانکۆیەکی کوردستان وانە دەڵێمەوە کە ئەو سیستەمە جێبەجێ دەکەن، پێم وایە کە بۆ ئەو سیستەمە هیچ ئامادەکاری و دیراسەیەك نەکراوە و جێبەجێکردنی لە کوردستان دەیان کێشەی هەیە. ئەو سیستەمە کە لە ئەورووپا و بە دیاریکراوی لە ئیتاڵیاوە هێنراوەتە کوردستان، لەگەڵ تایبەتمەندی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ناگونجێت، لە بەر زۆر هۆکار لەوانە زۆری ژمارەی قوتابی لە ناو هۆل کە نابێت ژمارەیان لە ٢٥ بۆ ٣٠ قوتابی زۆرتر بێت، بەڵام لە کوردستان ئەو ڕێژەیە یەکجار زۆرە، هەندێك جار ڕێژەکە دەگاتە نزیکەی ٧٠ قوتابی لە ناو هۆڵێکدا و بەمەش ناتواندرێت وەك پێویست سیستەمەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمەکە بریتییە لە بەشداری پێکردنی هەموو قوتابیان لە ناو هۆڵ، کە ئەمەش لەو حالەتەدا ناتواندرێت جێبەجێ بکرێت.

سەرەڕای ئەمەش سیستەمەکە لە ناو هۆڵ پێویستی بە کۆمەڵێك کەرەستە و ئامێر هەیە، تاکو بتواندرێت وەك پێویست جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە هەبوونی کۆمپیوتەر و هێڵی ئەنتەرنێت و کۆمەڵێك پێداویستی دیکە کە بۆ هۆڵەکە دابین نەکراوە، تەنانەت قوتابیان شارەزایی پێویستیان بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمەکە نییە. کێشەیەکی گەورەتر لە جێبەجێکردنی سیستەمەکە بریتییە لە ناکارامەیی و ناشارەزایی ماموستایان لە تەکنەلۆژیا و هۆشیاری لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێویست، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سیستەمەکە وەك پێویست جێبەجێ نەکرێت و تەنیا وەك ناو بۆڵۆنا بوونی هەیە و ماموستاکان زۆربەیان هەر لە سەر شێوازە کلاسیکیەکەی خۆیان بەردەوامن، چونکە شارەزا نین و ڕاهێنانیان پێنەکراوە و بەشێکی زۆریان گوێ نادەنە بابەتەکە و ئەگەر ڕاهێنانیشیان پێ بکرێت هەر نایانەوێت یان ناتوانن سیستەمەکە بەکاربێنن.

لە ڕووی کولتووری و تێگەیشتنی قوتابی و ماموستا و کۆمەڵگە بۆ سیستەمەکە، کێشەکە گەورەترە کە هەم ماموستا لەگەڵیدا ڕانەهاتووە و شارەزا نییە، هەم قوتابی بە مەبەستی فێربوون نەهاتووەتە زانکۆ و سیستەمەکە بە جۆرێکە کە قوتابی دەتوانێت بە بێ خوێندن و ماندوو بوون نمرەی پێویست بهێنێت بۆ دەرچوون. سیستەمەکە کۆمەڵێك ئەرکی ماڵەوە و سیمینار و ڕاپۆرت و چالاکی تێدایە کە زۆربەی قوتابیان خۆیان ئەنجامی نادەن، یان بە پارە ئامادەی دەکەن یانیش هاوکاری لە کەسانی دیکە وەردەگرن».

د. بەهزاد تاهیر سەبارەت بە ئەرکەکەی وەکو ماموستایەکی زانکۆ ئەوە دەخاتەڕوو» من وەك خۆم کە هەوڵمداوە سیستەمەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەم، ڕووبەڕووی نارەزایەتی قوتابی بوومەتەوە، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێم دەڵێن کە هیچ ماموستایەك سیستەمەکە جێبەجێ ناکات و تۆش جێبەجێی مەکە، چونکە ئێمەی قوتابی لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە کێشەمان هەیە و ناتوانین هەموو ئەرکەکان وەکو پێویست ئەنجام بدەین، کەواتە ئەگەر ماموستایەکیش بیەوێت سیستەمەکە جێبەجێ بکات، بەربەستی بۆ دێتە پێش.

بە گشتی دەتوانم بڵێم هەر سیستەمێك پێش جێبەجێکردنی بە سەر هەر توێژێکدا پێویستە بزانین کە ئایا ئەو توێژە تا چەند ئامادەیە و تایبەتمەندی جێبەجێ کردنی سیستەمەکەی تێدایە. ناکرێت بەرپرسانی بواری پەروەردە و فێرکردن سیستەمێك هاوردە بکەن کە تاوتوێ نەکرابێت و بەبێ بەرنامە و ئامادەکاری و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بەسەر ماموستا و قوتابیدا بیسەپێنن، کە تەواوی پرۆسەی خوێندن بخاتە بەر داهاتوویەکی نادیار کە خۆشیان نازانن بەرەو کوێ دەڕۆن و ئاکامەکانی چی دەبن.

**بە لە پێش چاوگرتنی دابەزینی ئاستی قوتابییانی زانکۆ، دەرکەوتووە کە فیدباکێکی دروست بۆ ئەم پێواژۆیە لە گۆڕێدا نییە و ناتوانێت سەرکەتوو بێت**

**ئەم سیستەمە لە ڕووی ئەکادیمی باشترە چونکە قوتابی ئاشنا دەکات بەشێوازی نوێی وانە چونکە تەنیا ماموستا سەنتەر نییە بەڵکو ماموستا و قوتابی پێکەوە ئەو زانستەی پێیانە دەیگەیەنن**

**ناکارامەیی و ناشارەزایی ماموستایان لە تەکنەلۆژیا و هۆشیاری لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێویست، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سیستەمەکە وەک پێویست جێبەجێ نەکرێت و تەنیا وەک ناو بۆڵۆنا بوونی هەیە**

ئالین بۆ گوڵان:

# گرنگیدان بە فۆلکلۆری کوردی و پاراستنی ئەرکی هەموومانە



**لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار، خانمە هونەرمەندی کورد ئالین، گۆرانییەکی فۆلکلۆری کۆنی بە ناوی "شێخانی" پێشکەش بە هەوادارانی کرد. ئەم گۆرانیە لە تێکست و ئاوازی فۆلکلۆری کۆنی باکووری کوردستانە. گۆرانییەکە لە قەڵای هەولێر بە سەرپەرشتی دەرهێنەری گەنج ڕێناس میران وێنەگیراوە.**

دەربارەی ئەم گۆرانیە ئالین لە لێدوانێکیدا وتی: لە پاڵ خۆشەویستیم بۆ گۆرانی و سروودە نیشتمانییەکان، من یەکێکم لە حەزلێکەرانی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی و هەمیشە هەوڵ دەدەم سوود لەم سامانە هونەری و نەتەوەییە بەنرخە وەربگرم. ئێمەی کورد لە ڕووی هونەرییەوە خاوەنی سامانێکی گەورەین لە فۆلکلۆری پتەو و ڕەسەن کە لەلایەن هونەرمەندە گەورەکانی پێش ئێمەوە پێشکەش کراوە و لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە زیندوویی ماوەتەوە. ئەم



فۆلکلۆرە هۆکارێک بووە بۆ بەردەوامیی ململانێ و خەباتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافەکانمان لە ڕێگەی هونەر و گۆرانییەوە بە شێوەیەکی گشتی.
هەر بۆیەش، لە هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی پێشوومدا، کەلەپووری هونەریی کۆن و ڕەسەن پشکی شێری بەرکەوتووە لەو بەرهەمانەی کە پێشکەشم کردوون.
ئالین هەروەها وتی:
من لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام دەبم بۆ ژیاندنەوەی کەلەپووری ڕەسەنی کوردی لە ڕێگەی ئەو گۆرانیانەی کە پێشکەشیان دەکەم. پێویستە لەسەر هونەرمەندە گەنجەکان و هەموو هونەرمەندانی کورد سوود لەم کەلەپوورە وەربگرن و بیژێننەوە، چونکە ئەمە ئەرکی هەموو لایەکمانە و وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەم کەلەپوورە هۆکاری سەرەکیی پاراستنی ناسنامە و زمانی کوردی بووە و هەیە بە درێژایی سەردەمەکان، سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و کارەساتانەی کە گەلی کورد تووشی بووە و تێیدا دوژمنان هەوڵیان داوە زیان بە زمان و کەلەپوورە ڕەسەنەکەمان بگەیەنن.
سەبارەت بەوەی بۆچی لە ماوەیڕابردوودا زۆربەی بەرهەمەکانی بە سینگڵ پێشکەش کردووە ئالین وتی:
تەکنۆلۆژیا و بارودۆخی ئێستا وای لە هەموو هونەرمەندان، بەتایبەتی هونەرمەندانی کورد کردووە، کە گۆرانی تاک (سینگڵ Single) پێشکەش بکەن، چونکە بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی گۆرانی پێویستی بە کات و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و هەروەها پشتیوانیی ماددی هەیە، کە بۆ تەواوکردنی پرۆژە هونەرییەکان زۆر گرنگە. بەڵام بەداخەوە، لە سەرەتای کاروانی هونەریمەوە تا ئێستا، هیچ کەسێک یان هیچ لایەنێک ئەو پشتیوانییە ماددییەیان پێشکەش نەکردووم کە بۆ پێشکەشکردنی گۆرانییەکان پێویستە.
هەموو بەرهەمە هونەرییەکانم و ئەو کارانەی لە درێژایی ئەم ساڵانەدا پێشکەشم کردوون، لەسەر ئەرک و خەرجیی تایبەتی خۆم بوون.
من لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام دەبم، چونکە خۆشەویستی و حەز و خولیام بۆ گۆرانیی کوردی، هونەری کوردی و نەتەوەی کورد، هاندەر و پاڵنەری سەرەکیی منە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەم و گۆرانیی کوردی بە جەماوەری کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا بێ هیچ جیاوازییەک، هەروەها بۆ هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن. چونکە من هەموو پارچەکانی کوردستان بە نیشتمانی خۆم دەزانم، هەموو شارێکی کوردی لە هەر پارچەیەکدا بێت بە شاری خۆم دادەنێم، و هەموو کوردێکیش بە جەماوەر و خۆشەویستانی خۆم دەزانم، کە شایستەی هەموو ڕێز و پێزانینێکی منن.
لە ماوەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک گۆرانیم بە شێوەی تاک (سینگڵ) پێشکەش کرد. گۆرانیی (شێخانی) یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە پێشکەش بە جەماوەرم کردووە. کە گۆرانییەکی میللیی دەڤەری بۆتانە، هیوادارم بە دڵی جەماوەرەکەم بێت و جێگەی ڕەزامەندییان بێت.
دواتر باسی لە دۆخی هونەری کوردی کرد و وتی:
بە بڕوای من، هونەری کوردی هەنگاوی زۆر و گەورە بەرەو پێشەوە دەنێت، و ئەمەش لەو بەرهەمە هونەرییانەدا دەردەکەوێت (ڕەنگ دەداتەوە) کە هونەرمەندان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی تردا پێشکەشی دەکەن.
ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پێویستە گرنگیی زیاتر بەم بەرهەمانە بدریت و وتی:
ئەم بەرهەمە هونەرییانە بەڵگەن لەسەر خۆشەویستیی هونەرمەندانی کورد بۆ ناسنامەی کولتووری و کەلەپوورییان، و بۆ زمان و هونەرەکەیان، و پێش هەموو شتێک، بۆ گەل و نیشتمانەکەیان. بۆیە دەبینین کە ئەم هونەرمەندانە ڕێگای هونەریان بە هەموو شێوازەکانییەوە هەڵبژاردووە بۆ بەرگریکردن لەم ناسنامەیە، و لە مافە نەتەوەیی و مێژووییەکانی گەلی کورد، و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافانە.
پاراستنی ناسنامەی کولتووری و کەلەپووری دەبێت بە پاراستنی زمانی کوردی و کەلەپووری کوردی و کولتووری کوردی دەست پێ بکات. و مۆسیقا بە سەرکەوتووترین هۆکار (یان ئامراز) لەم بوارەدا دادەنرێت.»





خانمه هونەرمەند نزار محەمەد بۆ گوڵان:

# منیش دەپرسم بۆچی تەنها لە مانگی ڕەمەزان دراما هەیە

خانمە ئەکتەری شۆخ و شەنگ نزار محمەد تا ئێستا بەشداری چەندین کاری هونەری فیلم و دراما و شانۆ کردووە دانیشتووی پشدەرە و دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

*** چۆن ئاشنایەتیت درووست بوو لەگەڵ هونەر ؟**

- هەرلەسەردەمی قوتابخانەوە خولیام هەبووە بۆ هونەر و نواندن و شانۆ کە لە قوتابخانە چەندین شانۆ و کاری هونەریمان ئەنجامدا بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵی ٢٠٢١ هاتمە ناو دونیای هونەر و نواندن.

*** لە ئێستادا خەریکی درامایەکی تازەیت ئەم درامایە باس لە چی دەکات و چ رۆڵێکت دراوەتێ؟**

- وەکوو گروپی هونەری دوارۆژکە خۆم سەرپەرشتی دەکەم وابریارە پازدە بۆ بیست برگەی چیرۆکی بالۆڵ تۆمار بکەین لە نوسین و سیناریۆی هێدی چنارەیی دەبێت لەوێدا وێرای رۆڵی سەرەکیم کاری دیزاین و راکوارم گرتۆتە ئەستۆ.

*** بۆچی دراماکان تەنها لە مانگی رەمەزان بەرهەم دەهێنرێت و پەخش دەکرێت ؟**

- منیش هەمان پرسیارم هەیە کە بۆچی تەلەفزیۆنەکان تەنها لەو مانگەدا گرنگی بە دراما دەدەن وەڵامەکەی لە دیدی منەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەگەرێتەوەو کە سەپۆرتی ئەو پرۆژانە ناکات .

*** سەرەتای دەرکەوتنت تاوەکوو ئێستا لەکاتی وێنە گرتن هیچ دەرهێنەرێك هەبووە دڵی تۆی شکاندبێت؟**

- لەهەموو کارێك قورسایی و بگرە ناخۆشی خۆی هەیە جدیەت هەبووە ئەویش بۆ جوانتر کردنی کارەکانمان ئەگەرنا وەکوو دڵ رەنجاندن نەخێر .

*** دەرهێنەر رۆڵی سەرەکی دەدات بە کەسی لێهاتوو و بەتوانا یاخود تەنیا رووخساری جوان ؟**

- بەهۆی ئەوەی خانمان کەمتر لەناو بواری دراما و فیلمسازیدان دەرهێنەر ناتوانێت تەرکیز بخاتە سەر ئەو لایەنە ئەوەی بۆی مەبەستە پێکهێنانی کارەکەیەتی ئەگەرنا بەپێی رۆلەکە لەوەیە چەند ئەکتەر بگۆریت تاوەکوو بزانیت لەگەڵ کام کەسایەتییە دەگونجێت واتا هەلبژاردن و رۆڵ دەگەرێتەوە سەر لێهاتویی نەك روخسار تەنها ئەو فیلمانە نەبێ کە رۆڵی سەرەکی لای ئافرەتێکە ئەویش گرنگە بیر لە کۆنتراسێکی زاڵ بکرێتەوە کە بەر لەناوەرۆك سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا کێش کات .

*** لەکاری هونەری چ شتێك زۆر تورەت دەکات؟**

- بێ پلانی و خۆهەڵواسین بە کارێکەوە کە هی تۆنییە و دەتەوێت بەزۆر خۆتی تێدا بگونجێنیت.

*** خەونی تۆ چییە لە کای هونەریدا ؟**

- بەشداری کردن لە فیلمی ئاست بەرزی جیهانی ناساندنی رووە گەش و جوانەکەی میللەتی کورد جگە لە ئەنفال و لێدان و پێکدادان بە گەلانی جیهان .

*** لەنێو هونەرمەندان رکابەری یەکتر هەیە لەگەل خانمە هونەرمەندەکانی دیکە؟**

- لەوانەیە لە شوێنی دیکە هەبێت بەڵام لە ناو گروپەکەی ئێمە وەکوو چەند دەستە خوشکێکین هەمیشە هاوکار و پالپشتی یەکترین واتا تەواوکمەری یەکترین .

*** لەکاتی رۆڵ گێران ترسی چیت هەیە ؟**

- کاردانەوەی کۆمەڵگا بەهۆی ناتێگەیشتویی بێت یاخود مەبەستبێ دەبێ هەمیشە بە ئاگادارییەوە مامەلە لەگەل واقیعدا بکەین و رۆڵ ببینین .

*** کێ بەهاوخەم و دڵسۆزی خۆت دەزانیت لەکاری هونەری؟**

- خێزانەکەم چونکە هەمیشە پاڵپشتی تەواوی منن لە کاری هونەری هەرچەندە رێگری و رەخنەی زۆر هاتۆتە بەردەمم، بەڵام هەمیشە دلسۆزو پشتگیریم بوونە.

*** حەز لە چ رۆڵێک دەکەیت ؟ هەروەها ئەو رۆڵە چییە کە ناتەوێت بەرجەستەی بکەیت ؟**

لە رۆڵەکانمدا زیاتر حەزدەکەم کاریگەریم هەبێت واتا ئەو دیمەنەی کە رۆڵی تێدا دەبینم پێم خۆشە گەیاندنی پەیامێك بێت ئەگەر رۆڵەکەم کەم و بچوکیش بێت وە هیچ شێوەیەك نامەوێت رۆلێکی نەخوازراوببینم کە پێچەوانەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بێت و ئافرەت وەکوو کاڵا نیشان بدات.



# سوباهی ئەلهۆییێن چیا ل بەرامبەری دروستکرنا دیرۆکێنە

بڕیارە سبەی سێشەممە ١٥ی نیسان کاتژمێر (٧)ی شەو بەکاتی کوردستان لە یاریگەی دهۆکی نێودەوڵەتی یاری کۆتایی (هاتن) خولی یانە پاڵەوانەکانی کەنداو لە نێوان هەردوو یانەی (دهۆک) و (قادسیە)ی کوێتی ئەنجام بدرێت، کە یاری چوون بەبێ گۆڵ لە نێوان هەردوو یانە لە کوێت تەواوبوو.

ئەم یارییە مێژووییە و بۆ یەکەم جارە یانەی دهۆک وەکو نوێنەری کوردستان و عێراق بەشداری لەم پاڵەوانێتییە دەکات و بگاتە یاری کۆتایی دوای ئەوەی توانی لە گەورە یانەکانی کەنداو بباتەوە.

بۆ ئەم یارییە سەرجەم یاریزانەکانی ئەلهۆییێن چیا لە ئامادەباشیدانە و بەپەرۆشن بۆ تۆمارکردنی مێژوو و ببنە یەکەم یانەی کوردستانی پالەوانێتییەک لە دەرەوەی عێراق بە دەستبهێنن.



## ● سەرۆک بارزانی هیوای سەرکەوتن بۆ یانەی دهۆک دەخوازێت

پێش دەستپێکی یاری چوون، کە لە کوێت بەڕیوەچوو سەرۆک بارزانی، پەیوەندی بە یانەی دهۆک کرد و پاڵپشتیی خۆی بۆ یانەکە لە یاریی کۆتایی جامی کەنداو بەرامبەر یانەی قادسیەی کوێتی ڕاگەیاند.

سەرۆک بارزانی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆک گوتی: لە نزیکەوە بینەری یاریی نێوان قادسیە و دهۆک دەبێت و هیوای سەرکەوتن بۆ یانەی دهۆک دەخوازێت.

سەرۆک بارزانی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە گەورانەی لە یانەی دهۆک کرد، کە بەدەستیهێناون و توانیوویەتی بگاتە یاریی کۆتایی جامی کەنداو.

سەرۆکی یانەی دهۆک و ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەکە لە کاتی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ئامادەبوون و بە چەپڵەڕێزان و دڵخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازییان لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆک بارزانی و پاڵپشتییەکەی بۆ یانەکەیان کرد.

## ● سەرۆکی حکوومەت پاداشتی یانەی دهۆک دەکات

د.عەبدولڵا جەلال سەرۆکی یانەی دهۆک سوپاسی ڕێزدار مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان-ی کرد، کە پاڵپشتییەکی گەورەی سەرجەم یانەکانی کوردستان بەگشتی و یانەی دهۆک بەتایبەتی کردووە و هەردەم پاڵپشت و پشتگیری یانەکە بووە بە تایبەتی لە کاتی بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی جامی کەنداو.

هەروەها سەرۆکی یانەی دهۆک ئاشکرای کرد، کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریاری داوە لە ئەگەری بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە پاداشتی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران دەکات، ئەمەش مۆراڵی یاریزانەکانی بەرزکردووە و دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ تیپەکە، تا بتوانن سبەی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ دهۆکییەکان یەکلایی بکەنەوە.

چاوەڕوان دەکرێت سبەی ژمارەکەی زۆری بەرپرسی حزبی و حکوومی لە کوردستان و عێراق و بەرپرسانی یەکێتی کەنداوی عەرەبی بۆ تۆپی پێی ئامادەی یاری کۆتایی ببن و مەراسیمێکی ناوازە بۆ پاڵەوانی پاڵەوانێتییەکە ڕێکبخرێت.

## ● یاری کۆتایی

وا بریارە ڕۆژی دوو شەممە ١٤ی نیسان لە شاری دهۆک کۆنگرەی هونەری یارییەکە و کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بۆ هەردوو ڕاهێنەر و یاریزانێکی سەرەکی هەردوو یانەی دهۆک و قادسیە ئەنجام بدرێت و هەروەها هەردوو یانە لە یاریگەی دهۆکی نێودەوڵەتی دوایین یەکەی مەشقی خۆیان ئەنجام دەدەن و پێشبینی دەکرێت هەردوو یانە مەشقەکانیان بە داخراوی بێت تەنیا (١٥) خولەکی سەرەتا بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان کراوە بێت.

یاریگەی دهۆک شوێنی زیاتر لە (٢٣) هەزار هاندەر دەبێتەوە و ئەم ژمارەیە شوێنی هەموو هاندەرەکان نابێتەوە، کە چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیەکی زۆری هاندەران لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕوو لە شاری دهۆک بکەن بۆ پاڵپشتنی لە یانەی دهۆک نوێنەری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە کارگێری یانەی دهۆک چەند شاشەیەکی گەورە لە شوێنە جیاجیاکانی شاری دهۆک دادەبندرێت، کە دیارتریان پارکی ئازادی دەبێت.





## دەستەی ناوبژیوانی یاری کۆتایی

لێژنەی ناوبژیوانانی پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی کەنداو دەستەی ناوبژیوانی یاری هاتن-ی کۆتایی پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی کەنداو لە نێوان هەردوو یانەی دهۆک و قادسیە کوێتی ئاشکرا کرد، کە پێکهاتووە لە:

- قاسم ئەلغانمی (سوڵتان نشینی عوممان) (ناوبژیوانی ناوەراست).
- ناسر بوسعیدی (سوڵتان نشینی عوممان) (یاریدەدەری ناوبژیوانی یەکەم).
- حەمەد ئەلغافری (سوڵتان نشینی عوممان) (یاریدەدەری ناوبژیوانی دووەم).
- حوسێن ئەلشوێخ (بەحرێن) (ناوبژیوانی چوارەم).
- خەمیس ئەلمەری (قەتەر) (ناوبژیوانی ڤار).
- مشاری ئەلشمری (قەتەر) (یاریدەدەری یەکەمی ناوبژیوانی ڤار).
- سەڵاح ئەلجناحی (سوڵتان نشینی عوممان) (یاریدەدەری ناوبژیوانی یەدەگ).
- عەلی سەماهیجی (بەحرێن) (هەڵسەنگێنەری ناوبژیوانان).

## دهۆک چۆن گەیشتە یاری کۆتایی

یانەی دهۆک لە کۆمەڵەی یەکەم شانبەشانی یانەکانی نەسری ئیماراتی و زوفاری سوڵتان نشینی عومان و ئەهلی سەنعا-ی یەمەنی یاریکرد و توانی لە کۆمەڵەکەی بە پلەی دووەم سەربکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێڕین بە کۆکردنەوەی (٩) خاڵ و لە یاری پێش کۆتایی لە هەردوو یاری چوون و هاتن بە ئەنجامی گۆڵێکی خاوێن لە یانەی ئیتفاقی سعودی بردەوە.

ئەنجامی یارییەکانی یانەی دهۆک بەمشێوەیە بوو:

دهۆک – ئەهلی سەنعا (یەمەن) ٢-٠ (کەریم دروێش، زولفقار یونس).

زوفار (سوڵتان نشینی عوممان) – دهۆک ١-١ (شەرقی بەحری)




دهۆک – نەسر (ئیمارات) ٢-٢ (یانیک زاکری، ڕۆبن ئەکوا).
نەسر (ئیمارات) – دهۆک ٢-١ ( پاشانگ عەبدوڵڵا)
ئەهلی سەنعا (یەمەن) – دهۆک ٠-٣ (بەیار ئەبوبەکر، پیتر گۆرگیس، یانیک زاکری)
دهۆک – زوفار (سوڵتان نشینی عومان) ١-١ (ئیبراهیم غازی)
یاری پێش کۆتایی
ئیتفاق (سعودیە) – دهۆک ٠-١ (مارلۆن)
دهۆک – ئیتفاق (سعودیە) ١-٠ ( پیتر گۆ ر گیس ) .

**● خەڵاتە داراییەکانی پاڵەوانێتییەکە**

یەکێتیی کەنداوی عەرەبی بۆ تۆپی دوای وەستانی ئەم پاڵەوانێتییە بۆ ماوەی دە ساڵ بە بەهێزەوە و خەڵاتی دارایی گەورە پاڵەوانێتییەکەی دەستپێکردووە، کە سەرنجی سەرجەم یانەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت تاوەکو بەشداری لەم ۆاڵەوانێتییە بکەن بەهۆی خەڵاتە داراییە گەورەکانی.

- ■ پلەی یەکەم بەبڕی (٣) ملیۆن دۆلار خەڵات دەکرێت.
- ■ پلەی دووەم بەبڕی (١) ملیۆن دۆلار خەڵات دەکرێت.
- ■ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە (٣٠٠.٠٠٠)$ سێ سەد هەزار دۆلار وەردەگرێت.
- ■ گەیشتن بە چوار گۆشەی زێڕین (١٠٠.٠٠٠)$ سەد هەزار دۆلار خەلات دەکرێت.
- ■ بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێک بڕی (٣٠.٠٠٠)$ سی هەزار دۆلار تیپەکە خەڵات دەکرێت.
- ■ هەر یاریکردنێک لە دەرەوەی یاریگەی خۆت بڕی (٣٠.٠٠٠)$ سی هەزار دۆلار دەدرێتە یانەکە.
- ■ باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکە بەبڕی (٥٠.٠٠٠)$ پەنجا هەزار دۆلار خەلات دەکرێت.
- ■ باشترین گۆڵپارێزی پاڵەوانێتییەکە بەبڕی (٥٠.٠٠٠)$ پەنجا هەزار دۆلار خەلات دەکرێت.
- ■ گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە بەبڕی (٥٠.٠٠٠)$ پەنجا هەزار دۆلار خەلات دەکرێت

جێگەی باسە تا ئێستا یانەی دهۆک لەم پاڵەوانێتییە بڕی (٦٧٠.٠٠٠)$ شەش سەد و حەفتا هەزار دۆلاری وەکو پاداشت و خەلات وەردەگرێت.

**● مێژووی پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی کەنداو**

یەکەم پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی کەنداو لە ساڵی ١٩٨٢ دەستپێکرد و تا ساڵی (٢٠١٥) بەردەوام بوو بەهۆی لاوازی ئاست و نەبوونی خەڵاتی دارایی گەورە پاڵەوانێتییەکە تا ساڵی (٢٠٢٤) وەستێندرا دوای دانانی پلان و خەڵاتی گەورە پاڵەوانێتییەکە دەستی پێکردووە و ئەمە یەکەم جارە یانەیەک لە عێراق بەشداری لەم پاڵەوانێتییە بکات و لە یەکەم بەشداریکردنیدا توانیان بگەنە یاری کۆتایی.

پاڵەوانەکانی ئەم پاڵەوانێتییە بەمشێوەیە:

- ■ شەباب(ئیمارات)، ئەهلی (سعودیە)، ئیتفاق (سعودیە) (٣) جار نازناوەکەیان بەدەستهێناوە.
- ■ قادسیە (کوێت)، عەرەبی (کوێت)، هیلال (سعودیە)، نەسر (سعودیە)، شەباب (سعودیە)، کازمە (کوێت) (٢) جار نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

نەسر (ئیمارات)، بەنی یاس (ئیمارات)، وەسڵ (ئیمارات)، مەحرق (بەحرێن)، جەزیرە(ئیمارات)، ئیتحاد (سعودیە)، عەین (ئیمارات)، سەد (قەتەر)، فەنجا (سوڵتان نشینی عومان) (١) جار نازناوەکەیان بەدەستهێناوە.



رۆیا مستەفا ڕاهێنەری لەشجوانی:

# سەختییەکانی ئەم ڕێگایە نەک هەر بێزارم ناکات، بەڵکو پاڵنەرێکە بۆ بەهێزتر بوونم

سەنتەری شارەکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هۆڵەکانی وەرزشی تێیاندا زیاتر دەبێت، ئافرەتانی ئیدارە سەربەخۆ و قەزا و ناحیەکانی کوردستانیش لە ئێستادا زیاتر ڕوو لە وەرزشی لەش ڕێکی و لەشجوانی و هێزی لەش دەکەن، ئەم یارییانە لە گەشەسەندن دایە،
خانمانی شارەکانی کوردستان گرنگیی زۆر بەم وەرزشە دەدەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، لە ئێستادا ژمارەیەك هۆڵی وەرزشی لە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران کراونەتەوە و ئەم هۆڵانەش خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشەدا، یەکێك لەو خانمە ڕاهێنەرانەش «ڕۆیا مستەفا»یە، کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕاهێنەری لەشجوانییە و پێشتری یاریزانی هونەری جەنگیی کۆنفوتوا بووە، ڕۆیا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی سۆرانە، دەرچووی کۆلێژی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکانە لە زانکۆی سۆران، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد.

*** چۆن بواری ڕاهێنەری لەشجوانیت هەڵبژارد؟**

- هەمیشە حەزم لە وەرزش و ژیانێکی تەندروست بووە، بۆیە بڕیارم دا بەم ئاراستەیە درێژە بە خوێندن بدەم و پسپۆڕیی پەروەردەی وەرزشیم لە زانکۆ هەڵبژارد. دوای کۆلێژ، بینیم کە ڕاهێنەری لەشجوانی باشترین ڕێگەیە بۆ من کە هەم زانیارییەکانم بەکار بهێنم و هەمیش یارمەتیی کەسانی دیکە بدەم تا ببنە باشترین. بینینی پێشکەوتنی وەرزشوانانی هۆڵەکەم و ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی کە وەرزش لەسەر ژیانیان، پاڵنەرێکە بۆ من و زیاتر شانازی بەو کارانە دەکەم کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەم.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە لەشجوانی وەرزشێکی زەحمەتە، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە زۆر حەزم لە چالاکیی جەستەیی و وەرزش بوو، بۆیە سەختییەکانی ئەم ڕێگایە نەك هەر بێزارم ناکات، بەڵکو پاڵنەرێکە بۆ بەهێزتر بوونم، لەگەڵ ئەوەشدا، هەست بە ڕەزامەندییەکی باوەڕپێنەکراو دەکەم کاتێك دەبینم کە دەتوانم یارمەتیی کەسانی دیکە بدەم بۆ تێپەڕاندنی ئەم سەختییانە و گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

*** پێشکەوتن وسەرکەوتنی ئەم وەرزشە لەچیدا دەبینیت؟**

- پێشکەوتن و سەرکەوتن لە لەشجوانیدا تەنیا پەیوەندیی بە هەبوونی جەستەیەکی ماسوولکەیی، یان دابەزاندنی کێشەوە نییە. سەرکەوتن بۆ من واتە توانای بەردەوامبوون و بەهێزتربوون لە دوێنێ و هەستکردن بە باشتربوونی دەروونی و جەستەیی، کاتێك دەبینم یاریزانانی هۆڵەکەم نەك تەنها لە ڕووی جەستەییەوە دەگۆڕدرێن، بەڵکو متمانەیان بەخۆیان هەیە و وزەی زیاتریان دەبێت و شێوازێکی ژیانی تەندروستتر دەگرنەبەر، ئەمە بە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە دەزانم.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە ئاستی کچان بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان؟**

- ڕەنگە لەشجوانی وەك هەندێك وەرزشی دیکە بو ئافرەتان نەناسراو بێت، بەڵام خۆشبەختانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کچان ئارەزووی ئەم وەرزشە دەکەن و دەچنە ناوییەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەشجوانی تەنیا پەیوەندیی بە ڕواڵەتەوە نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر تەندروستی و هێزی جەستەیی و متمانە بەخۆبوون هەیە. هەمیشە هەوڵم داوە ئەم تێڕوانینە بگۆڕم بە پەروەردەکردن و پاڵنانی خەڵك کە لەشجوانی تەنیا بۆ کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەر کەسێك، بە کچانیشەوە، دەتوانێت سوودی لێ ببینێت.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەك هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە چەندین یانەی مۆدێرن تێیاندا دامەزراون. لە ڕابردوودا ئەم وەرزشە لەلای پیاوان زیاتر بەناوبانگ بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە لایەن ئافرەتانیشەوە پێشوازیی لێ دەکرێت. سەرەڕای کەمیی ڕاهێنەری باش و سنووردارکردنی کولتووری، ئارەزووی لەشجوانی لە گەشەکردندایە و پێشبینی داهاتوویەکی گەش بۆ دەکرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- بۆ هاندانی خانمان بۆ بەشداریکردن لە لەشجوانیدا، دەتوانین چەندین شێوازی جۆراوجۆر بەکاربهێنین:

١- پەروەردە و هۆشیاری: ئەنجامدانی وۆرك شۆپ و کۆبوونەوەی ڕاهێنان بۆ زانینی سوودەکانی لەشجوانی، بۆ تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی خانمان، کە چۆن ئەم وەرزشە دەتوانێت یارمەتییان بدات لە متمانە بەخۆبوون و هێزی جەستەیی.

٢- ناساندن و پیشاندانی وەرزشوانانی سەرکەوتووی ئافرەتان لەم بوارەدا دەتوانێت پاڵنەر بێت. لەوانەیە خانمانی دیکە پاڵنەریان هەبێت کاتێك دەبینن هاوتەمەنەکانیان سەرکەوتوون لەو وەرزشەدا.

٣- کەمکردنەوەی بەربەستە کولتوورییەکان: بە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆیی و کولتوورییەکان، پێویستە وردە وردە تێڕوانینەکان بگۆڕین و نیشانی ئافرەتان بدەین کە لەشجوانی هەڵبژاردنێکی تەندروست و گونجاوە بۆ هەموو کەسێك.

٤-پەرەپێدانی دامەزراوە وەرزشییەکان بۆ ئافرەتان: دابینکردنی ئامراز و ئامێری وەرزشی گونجاو بۆ ئافرەتان لە یانەکان و ناوەندە وەرزشییەکان و (social media)دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ هاندانیان.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو وەکو کچە ڕاهێنەرێك؟**

- پلانی من وەك ڕاهێنەرێك ئەوەیە کە هەمیشە فێر بم و تواناکانم نوێ بکەمەوە، بۆ ئەوەی باشترین ڕاهێنان پێشکەش بە قوتابییەکانم بکەم. من دەمەوێت نەك تەنیا ڕاهێنانی جەستەیی کاریگەر بەڵکو ڕاوێژکاری دەروونییش پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن هاوسەنگیی تەواو جەستەیی و دەروونی بەدەست بهێنن. پلانم ئەوەیە کە وانەکانی لەشجوانی بە شێوەی ئۆنلاینیش ئەنجام بدەم بۆ ئەو کەسانەی کە دەستیان بە هۆڵەکانی وەرزش ناگات، جگە لەوەش پلانم هەیە بەشداریی لە خولی نوێکردنەوەی ڕاهێنەرایەتیدا بکەم، بۆ ئەوەی هەمیشە لە نوێترین زانیاریدا بم و باشترین شێوازەکان بۆ قوتابیەکانم دابین بکەم، هەروەها پلانم هەیە لە زانکۆ درێژە بە خوێندن بدەم بۆ ئەوەی زانیاری زانستیم لەگەڵ ئەزموونی پراکتیکیدا بەرەوپێش ببەم و ببمە ڕاهێنەرێکی باشتر.



*** ئافرەتان زیاتر بۆچ مەبەستێك زیاتر سەردانتان دەکەن، لەش ڕێکی یان وەرزشکردن؟**

- زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دێنە هۆڵی وەرزشی، بەزۆری بۆ دابەزاندنی کێش و باشترکردنی تەندروستیی جەستەیی دێن، بەشێکی زۆریان لەلایەن پزیشکەکانیانەوە ئامۆژگاری کراون کە دەست بکەن بە وەرزشکردن بەهۆی کێشەی تەندروستی وەك بەرزی پەستانی خوێن، شەکرە، یان ئازاری جومگەکان، کە بەهۆی زیادبوونی کێشەوە دروست دەبێت.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

-خێزانەکەم هەمیشە پشتگیرییان کردووم، سەرەتا کەمێك نیگەران بوون چونکە ڕاهێنەرایەتی ئیشێکی زەحمەتە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بینییان کە ئەمە تەنیا کارێك نییە بۆ من، بەڵکو خولیای ڕاستەقینەیە، لەوەتەی پێشکەوتنم لەم بوارەدا بەدەست هێناوە، پشتگیری و هاندانیان زیادی کردووە و ئەمڕۆش بە تەواوی پشتگیریی بڕیارەکەم دەکەن، متمانە و پشتیوانیی خێزانەکەم بۆ من زۆر گرنگ بووە و پاڵنەرێك بووە بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەسەر ڕێگەکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەمووە خزمەتەی لە شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدات بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزش.

# فووتەی زیرەک ئەرکەکان ئاسانتر دەکاتەوە




لە سەردەمی دیجیتالی و تەکنەلۆژیای نوێدا، هەموو شتێك بەرەو ئاسانكاری ڕۆیشتووە، تەنانەت كار گەیشتۆتە فووتەش (میتر).. میترپێو تایبەت نییە بە ئەركی ئەندازیاری بۆ هەموو شتێك دەبێت. چ ئەندازیاری بێت، چ جلدرو، چ دارتاشی و....تاد. لەو سەردەمەدا فووتە هەر بریتییە نییە لە پارچەیەك چ لە تەنكە بێت یا لاستیك، بەڵكو فووتەی لەیزەری و فووتەی زیرەكیش بەرهەمهاتووە.

فووتەی زیرەكی neorulergo یەكێكە لەو فووتانە. زۆر بچووكە بەقەد دوو پەنجە دەبێت. بەڵام وردترین و دەقیقترین ئامێری ئەندازە پێوانە. شوێنەكە لاربێت، خوار بێت و بەرز و نەوی بێت ئەو هەر ئەركی پێوان دەكات. بەكارهێنەر چۆنی ویست بەو جۆرە بۆی دەپێوێت، ملمتر، سانت، میتر، یارد، ئینج... لەسەر ئامێرەكە شاشەیەكی بچووك هەیە و ئەندازەكە نیشان دەدات. وەك ئامیری حاسیبەش وایە دەكرێت بەشێك لەوەی پێواویە كەم بكاتەوە یا ئەندازەیەكی پێوە زیاد بكات. قەڵەمێكی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ دەستنیشانكردنی شوێنی پێوانەكە. لە ڕێگای بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی پرۆگرامێكی تایبەت بەخۆیەوە زانیارییەكانی تایبەت بە پێوانەكە هەڵدەگیردرێن.

# مایكرۆفۆنێكی بچووك بە توانایەكی زۆر







لە جیهانی ڕاگەیاندندا بەتایبەتی ڕاگەیاندنی بینراو و سوشیال میدیادا، مایكرۆفۆن ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت. ئەگەر بۆ چەند دەیەیەك لەمەودوا بگەڕێینەوە، دەبینین مایكەكان زۆر گەورە و زەبەلاح بوون و تواناكانیشیان زۆر نەبوو. تەنانەت ئێستاش كاتێك كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی دەبەسترێت بە دەیان مایكی گەورە دادەنرێن. مایكرۆفۆنی جۆری Godox Magic XT1 هەم قەوارەی بچووكە و هەم كێشی كەمە و هەم بێ وایەرە. تواناكەی ٢,٤ گیگاهێرتزە. مەودای شەپۆلەكەی ٢٠ كیلۆ هێرتزە. مەودای دووری مایكرۆفۆن لە ئامێری گەیەنەر ٢٠٠ مەترە. هەركاتێك شەحن بكرێتەوە هەتا ١٦ كاتژمێری بەردەوام شەحنی دانابەزێت. كاتێكیش شەحن دەكرێتەوە پێویستی بە ئامێری شەحنكردنەوەی تایبەت نییە هەر لە خودی گەیەنەرەكەدا شەحن دەبێتەوە. خۆی پێكهاتووە لە دوو مایكرۆفۆن و گەیەنەرێك. كێشی مایكەكان تەنیا ٨ گرامە.



# کاتژمێرێکی ناوازەی سەر مێز





ئامێری Vobot mini dock کاتژمێرێکی سەر مێزە، بەڵام جیاوازە لەگشت ئەو کاتژمێرانەی لەسەر مێز دادەنرێن. کۆمپانیای بەرهەمهێن دەڵێت ئەرکی حەوت ئامێر ئەنجام دەدات. کاتژمێری سەر مێزە، ڕۆژمێری ڕۆژانەیە کە دەتوانی وەبیرهێنەرەوەی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەش بێت. کەش و هەوا نیشان دەدات، لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و بەردەوام زانیارییەکانی تایبەت بە بزنس و نرخی بۆرس و دراوەکان نیشان دەدات. وەك پاوەربانکێکی بەهێز بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکان سوودی لێوەردەگیرێت تەنانەت ئامێری لاپتۆپیش. بەکارهێنەری شارەزا دەتوانێت پرۆگرامی نوێی بۆ بنووسێ. جگە لەوەش دەتوانرێت وەك ئامێری گەمەکردنی دیجیتالی سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەکرێت وەك ئەلبۆمی دیجیتالی سوودی لێوەربگیرێت و وێنە و فیلم نیشان بدات.




# فلاش میمۆری پەنجەمۆر

فلاش میمۆری بۆ هەڵگرتن و ڕاگواستنی داتاکان لە ڕیزی باشترین بژاردەکان دێت. چونکە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم بەکارهێنانی زۆر سەخت نییە. کێشەی فلاش میمۆری ئەوەیە کاتێك ون ببێت یا بدزرێت بە ئاسانی دەتوانن دەستیان بە زانیارییەکانی ناو فلاش میمۆرییەکە بگات. ئێستا دەکرێت بە هۆی دانانی کۆدی نهێنی لەسەر فلاش میمۆری بە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

فلاش میمۆری جۆری EAGET FU60 فلاش میمۆرییەکە لە قەوارەکانی هەڵگرتنی داتا ٣٢ هەتا ١٢٨ گیگابایت، چوارچێوەی فلاشەکە لە ئەلەمینیوم دروستکراوە، جیاوازی لەگەڵ فلاش میمۆرییەکی ئاسایی ئەوەیە شوێنی پەنجە مۆری هەیە، واتە بە پەنجەمۆری بەکارهێنەر نەبێت ناکرێتەوە. کێشی تەنیا ٢٠ گرامە. خێراییەکی زۆری هەیە لە گواستنەوەی داتاکاندا.




# سوودەکانی خەنە بۆ قژێکی تەندروست و جوان

خەنە وەك یەكێك لە باشترین پێكهاتە سرووشتییەكان تەندروستی و سەرنجڕاكێشی دەبەخشێتە قژ، لێرەوە ئاشنای سوودە سەرسوڕهێنەرەكانی خەنە ببە.

**١-** بەهێزکردنی قژ و ڕێگریکردن لە هەڵوەرین: خەنە بە یەكێك لە باشترین چارەسەرە سرووشتییەكان دادەنرێت كە یارمەتیی بەهێزكردنی بێخی تاڵەكانی قژ دەدات، كار لەسەر خۆراكپێدانی پێستی سەر و چالاككردنی سووڕی خوێن دەكات، ئەمەش كێشەی هەڵوەرینی قژ كەم دەكاتەوە و گەشەی بەهێز دەكات.

**٢-** نەرمكردنی قژ و باشتركردنی شێوەی: خەنە یارمەتی نەرمكردنی قژ و زیادكردنی كشان و جوانییەكەی دەدات، ئەمەش وا دەكات ئاسانتر دابهێنرێت، هەروەها بەشدارە لە كەمكردنەوەی ئاڵسكان و وشكی، كە دیمەنێكی تەندروستتر و خاوتر بە قژ دەبەخشێت.

**٣-** پێدانی ڕەنگێكی سرووشتی و سەرنجڕاكێش بە قژ: خەنە بە شێوەیەكی سەرەكی وەك بۆیەیەكی سرووشتی بەكاردێت، كە ڕەنگێك بە قژ دەبەخشێت لە نێوان سووری تۆخ و مسی، دەكرێت لەگەڵ پێكهاتەی دیكە تێكەڵ بكرێت، وەك زەردەچەوە یان قاوە، بۆ دەستكەوتنی پلەی ڕەنگی جیاواز كە لەگەڵ هەموو زەوقێكدا بگونجێت.





# چۆنیەتی ڕزگاربوون لە بۆنی ماسی لە بەفرگردا؟

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا، چەند بیرۆکەیەکیماڵەوە خراونەتەڕوو کە یارمەتیت دەدەن لە نەهێشتنی بۆنە ناخۆش، بەتایبەتی بۆنی ماسی لە بەفرگردا.

١- خواردنەکان لە بەفرگر دەربهێنە، چونکە ئاسانترین ڕێگە بۆ پاککردنەوەی بەفرگر ئەو کاتەیە کە بەتاڵ بێت، گرنگە (فریزەر) یش پاك بکەیتەوە.

٢- بۆ پاراستنی خواردن لە کاتی کارکردن، دەتوانیت لە بەفرگرێکی دیکەدا هەڵیبگریت، ئەگەر هەبێت، یان لەگەڵ کیسەی بەفر دایبنێیت، یان لە دەرەوە دایبنێیت ئەگەر کەشوهەوا بەشی پێویست سارد بێت.

٣- سیمی بەفرگرەکە لە کارەبا دەربهێنە و دڵنیابە لەوەی دەرگاکانی بە کراوەیی بهێڵیتەوە، تاکو سەهۆڵەکەی ناوی بە تەواوی بتوێتەوە، ئەگینا لەوانەیە کەڕوو بکات.

٤- دەست بە پاککردنەوەی بەفرگرکە بکە، سەتڵێك پڕ بکە لە ئاوی گەرم، نزیکەی پێنج قەترە لە شلەی قاپ شتن (زاهی) تێبکە، پاشان ئاوەکە بە باشی تێك بدە تاکو کەف دەکات. ئیسفەنجێك یان پەڕۆیەك نوقمی ئاو و سابوونەکە بکە، دواتر ئاوە زیادەکەی بگوشە و بەباشی بەفرگرەکە بەم گیراوەیە پاك بکەرەوە.

# چۆنیەتی گونجاندنی خشڵە پەمەییەکان لەگەڵ بەردی ڕەنگاوڕەنگ لەم وەرزەدا



١- گونجاندن لەگەڵ جلوبەرگی بەهارە: دەکرێت ئەم خشڵە پەمەییانە لەگەڵ جلوبەرگی گەشی بەهارە بگونجێندرێن، وەك عەزیە ناسکەکانی لە ڕەنگی پاستێلی کاڵ یان ڕەنگە گەشەکانی وەك پەمەیی کاڵ و شینی ئاسمانی.


٢- لەگەڵ جلوبەرگی ئێواران: بۆ دەرکەوتنێکی شیکی ئێواران، دەکرێت پارچە خشڵە پەمەییەکان لەگەڵ عەزیەی ئاهەنگ، بە ڕەنگی ڕەش یان ڕەنگە تۆخەکان لەبەر بکرێن. ئەمەش جیاوازییەکی تایبەت لە نێوان ڕەنگی خشڵ و جلوبەرگەکەدا دروست دەکات.

٣- خشڵی چین چین: دوودڵ مەبە لە لەبەرکردنی چەندین پارچە خشڵ لە یەك کاتدا، وەك گونجاندنی ئەنگوستیلەیەکی پەمەیی لەگەڵ بازن و گوارەی دیاری هەمان کۆمەڵە (سێت).

٤- تێکەڵکردنی بەردی گرانبەها: دەتوانیت خشڵە پەمەییەکان لەگەڵ بەردی گرانبەهای ڕەنگاوڕەنگی دیکە وەك زومرود یان یاقووت تێکەڵ بکەیت.

٥- خشڵ وەك دیزاینی تاك: ئەگەر حەزت لە سادەییە، دەتوانیت تەنیا یەك پارچە لەم خشڵانە هەڵبژێریت، وەك ملوانکەیەکی پەمەیی شیك یان گوارەیەکی تایبەت، ئەمە جوانی و شیکییەك دەبەخشێت بەبێ ئەوەی زیادەڕەوی لە دەرکەوتنەکەتدا بکات.







# دۆزینەوەی گەورەترین پێکهاتەی ئەندامی لەسەر مەریخ

توێژەران لەسەر کەشتیی گەڕۆکی کیوریۆسیتی سەر بە ناسا گەورەترین پێکهاتەی ئەندامیان دۆزیوەتەوە لەسەر هەسارەی سوور، ئەم دۆزینەوەیە کە ڕۆژی دووشەممە لە گۆڤاری Proceedings of the National Academy of Sciences بڵاو کراوەتەوە، دەری دەخات کە کیمیای پێش ژیان prebiotic لەوانەیە لەسەر مەریخ زیاتر پێشکەوتوبوبێت لەوەی پێشتر تێبینی کرابوو. ئەم دۆزینەوانە بەهێزتر دەبن و پێمان دەڵێن کە ئەگەر ژیان لەسەر مەریخ هەبوایە، دەتوانرا نیشانە کیمیاییەکان بپارێزرێت لەسەر ڕووی هەسارەکە سەرەڕای چەندین ساڵ بەرکەوتنی بە تیشکدانەوە و ئۆکساندن لەسەر ڕووی هەسارەکە. زانایان نمونەی بوونی بەردێك لە ناوەوەی سامپڵی کیریۆسیتی شی کردەوە لە تاقیگەی بچووکی کیوریۆسیتی mini-lab لە مەریخدا و ئاوێتەکانی decane، undecane و dodecane دۆزییەوە.





## یاسا

**کوشتنی هاوسەر**

کە کەسێك ژنی و چەند کەسێك لە کەسوکاری ژنەکەی بکوژێت و سوربوون (اصرار) و کەوتنەشوێن (ترصد) لەگەڵ کردەوەکە هەبێت و مەبەستی کوشتنی هەمووان بوبێت، ئەوا گونجاندنی یاسایی (التکییف القانونی) بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە سەرەتا کردەوەکە بە تاوان دادەنرێت نەك کەتن، هەروەها کردەوەکە دەچێتە ژێر ڕکێفی مادە (٤٠٦) لە یاسای سزاکانی عێراقی/ هەموارکراو، بە دیاریکراوییش بڕگەی یەکەم و هەردوو خاڵی (أ) و (و) مەشمول دەبن بە دۆخی ڕووداوەکە و سزای یاسایی کەسی بکەریش لەم حاڵەتەدا دەبێتە لەناوبردن بە هەڵواسین تاوەکو مردن (إعدام شَنقاً حَتی المَوت) بەڵام لەبەرئەوەی سزای لەناوبردن لە هەرێمی کوردستان ئێستا جێبەجێ ناکرێت، هەرچەندە سزاکە لە چوارچێوەی یاسا هەر ماوە، بۆیە کەسی بکوژی حوکمدراو بە سزای لەناوبردن، دەبێت تەواوی ماوەی ژیانی لە چاکسازی بەسەر ببات، بە جۆرێك لە جۆرەکان سزاکەی وەك زیندانیکردن لە ماوەی ژیانی (سجن مدی الحیاه)ی لێ دێت.

دەقی مادە (٤٠٦) لە یاسای ناوبراو:- ١/ بە لەناوبردن (اعدام) سزا ئەدرێت، ئەوەی کەسێکی کوشت بە مەبەست لەم دۆخانەی خوارەوە: ئەگەر کوشتنەکە پێداگری پێشینە یان بەشوێنەوەبوونی لەگەڵدا بێت، ئەگەر کوشتنەکە بە بەکارهێنانی مادەیەکی ژەهراوی، یان تەقەواری یان تەقەمەنی ڕووی دابێت، ئەگەر کوشتنەکە بەهۆی هاندەرێکی بەد یا بەکرێ بووبێت، یان ئەگەر تاوانکار ڕێگەی دڕندانەی لە ئەنجام دانی کارەکە بەکار هێنا، ئەگەر کوژراو لە بنەچەکانی بکوژ بێت.

دەقی مادە (٤٠٦) لە یاسای ناوبراو:- ١/ بە لەناوبردن (اعدام) سزا ئەدرێت، ئەوەی کەسێکی کوشت بە مەبەست لەم دۆخانەی خوارەوە: ئەگەر کوشتنەکە پێداگری پێشینە یاخود بەشوێنەوەبوونی لەگەڵ دابێت، ئەگەر کوشتنەکە بە بەکارهێنانی مادەیەکی ژەهراوی یاخود تەقەواری یان تەقەمەنی ڕوویدا بێت، ئەگەر کوشتنەکە بەهۆی هاندەرێکی بەد یا بەکرێ بووبێت یان ئەگەر تاوانکار ڕێگای دڕندانەی لە ئەنجام دانی کارەکە بەکارهێنا، ئەگەر کوژراو لە بنەچەکانی بکوژ بێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە خەریکبوونی مرۆڤ دەکات بە سۆشیاڵ میدیایەوە، وەك ئەوەی منداڵی ساوا وایە یاری بە گەمە و بووکۆڵە بچووکەکان دەکات و خۆی پێوە خەریك دەکات.



## دیمەنە سەیرەکان

**قژی دەستکردی سرووشتی**

ئەو قژە دەستکردەی لەوڵاتانی جیهان دەفرۆشرێ، زۆربەی قژی کچ و ژنە هندییەکانە بەهۆی هەژارییەوە ناچاردەبن بە چەند ڕوپێیەك بیفرۆشن، وێنەکەش پەرستگای تامیلە لە هیندستان.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕەنگە هەندێك گرفتی تەندروستیت بۆ دروست ببیت، بەتایبەتی لە ڕووخسارتدا، ئاگاداری خۆت بە، لە ژیانی تایبەتیتدا هەموو شتێك بە خواستی تۆیە، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت لە کۆتایی ڕۆژەکەت لەگەڵ خۆشەویستانت، لەلایەنی پیشەییەوە ئەگەر بیر لە گۆڕینی پیشەکەت دەکەیتەوە، ئۆفەرێکی زۆرباش دێتە بەردەمت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەپێناو تەندروستیت دوور بکەوەرەوە لە سترێس و دڵەڕاوکێی زۆر، دەنا تووشی شەکەتی و کەمخەوی دەبیت، کێشە داراییەکانت چارەسەر دەبن، تەنیا پێویستە بڕیارەکانت بە وردی بدەیت، لە ژیانی تایبەتیت هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

دوور بکەوەرەوە لەوەی خۆت سەرقاڵ بکەیت بە کێشەی کەسانی دیکەوە، لەلایەنی پیشەییەوە ئەو کێشانەت چارەسەر دەبن کە ماوەیەکی زۆرە نیگەرانیان کردوویت، هەروەها وریای بڕیارەکانت بە و لە ژێر فشاری کەسانی دیکەدا بڕیار مەدە، تەندروستیی دەروونت زۆر باشە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


لەلایەنی داراییەوە چەند گرفتێك دێتە بەردەمت، باشترە هەندێك پارە هەڵبگریت بۆ کاتی پێویست، ئەندامانی خێزانت زۆر دڵخۆشن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر تۆ هەیە و کەمتر هەست بە سترێس دەکەیت، دەربارەی لایەنی تەندروستیت زیاتر ماندوو دەبیت، لە پاڵ پیشەکەتدا کات بۆ خۆت تەرخان بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەدوای ماوەیەکی زۆر کاتت دەبێت بۆ خۆت، دەتوانیت لەگەڵ خۆشەویستان و هاوڕێکانت کۆ ببیتەوە، ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، ئەوا کەسێکی تایبەت دەبینیت، لە گرفتە داراییەکانت ڕزگارت دەبێت، لەڕووی تەندروستییەوە هەست بە باشتربون دەکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێك هەڵوێستی ناخۆش ببیتەوە، بەڵام دەبێت متمانەت بە خۆت هەبێت و لەدەستی نەدەیت، چونکە توانات هەیە زاڵ ببیت بەسەر ئەم کەشەدا بەمەرجێك ڕێگە نەدەیت تووشی شڵەژان بیت، هەموو کێشە و گرفتەکان کۆتاییان دێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر هانی تۆ بدات کە گۆڕانکاری بکەیت.



## پەند و وتە

سوقراتی فەیلەسووفی یۆنانی، لە شاری ئەلۆپیس لە یۆنان لە دایکبووە و لە ساڵی ٣٩٩ پێش زایین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەڵەی مرۆڤەکان دەڵێ: «مرۆڤەکان لە هەموو شتێکدا زێدەڕۆیی دەکەن، تەنیا لە هەڵەکانیان نەبێت، کە هەمیشە داکۆکی دەکەن و بەهانە بۆ هەڵەکانیان دەدۆزنەوە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند ئاسکێکی بچووک هەن، کە بەیەکەوە خەوتوون و سەریان لە جەستەی یەکتر کردووە، هەوڵدە ژمارەی ئاسکەکان بزانیت.

بۆ زانیاریت

## تەلەسکۆپی ڕادیۆیی چۆن کاردەکات؟

ئامێرێکی تایبەتمەندە کە تیشکی ڕادیۆیی دەگرێت کە لە تەنە ئاسمانییەکانی وەك ئەستێرە و گەلەئەستێرە و سحرەکانەوە دەردەچێت. ئەم تیشکانە بەشێکن لە سپێکتریمی کارۆموگناتیسی، و هەمان جۆری هاوبەشن لەگەڵ ئەو سیگنالانەی کە لە ڕادیۆ و ڕادارەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام درێژترن لە ڕووناکی بینراو، ئەمەش ڕێگە دەدات بە لێکۆڵینەوە لەو دیاردانەی کە بە بەکارهێنانی تەلەسکۆپی بینایی نابینرێن.ئەم جۆرە تەلەسکۆپە ڕێگە دەدات بە دۆزینەوەی زانیاری ناوازە دەربارەی گەردوون، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە دیاردەکانەوە هەیە کە بە چاوی ڕووت نابینرێن. تەلەسکۆپی ڕادیۆیی لە چەند پێکهاتەیەکی بنەڕەتی پێك دێت: Reflector، کە قاپێکی گەورەی کانزاییە و تیشك کۆدەکاتەوە و لەسەر خاڵێکی دیاریکراو چڕ دەکاتەوە. وەرگر کە تیشك دەگۆڕێت بۆ سیگناڵی کارەبایی، هەروەها ئامێری گەورەکەر کە سیگناڵە لاوازەکان بەرز دەکاتەو، هەروەها سپێکترۆمێتەر هەیە، کە سیگناڵەکان جیا دەکاتەوە بۆ فرێکوێنسی جیاوازەکانیان، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد، لە کۆتاییدا، تۆمارکەری داتا، کە داتاکان هەڵدەگرێت بۆ شیکاری دواتر. پرۆسەی کارکردن بە کۆکردنەوەی تیشك لە ڕەنگدانەوەی و تەرکیزکردنی لەسەر وەرگری ڕادیۆ دەست پێ دەکات. ئەم سیگنالانە دەگۆڕدرێن بۆ سیگناڵی کارەبایی و پاشان لە ڕێگەی شیکارکەری سپێکتراڵەوە گەورە دەکرێن بۆ شیکاری، ئەم شیکارییە زانیاری لەسەر تایبەتمەندییەکانی تەنە ئاسمانییەکان وەك پێکهاتەی کیمیایی و جووڵەیان دەدات، نەرمەکاڵای کۆمپیوتەر بەکار دێت بۆ گۆڕینی ئەم سیگنالانە بۆ وێنە یان نەخشە کە دابەشبوونی گەردوونی ئەم تیشکانە نیشان دەدات.



فیلم

## Sumala - سومالا



فیلمێکی سەرکێشی و فەنتازیایە، باس لە ئافرەتێك دەکات کە مامەڵە لەگەڵ ئەهریمەن دەکات تا منداڵی پێ بدات، پاشان دوو منداڵی جمکەی دەبێت، یەکێك بە ناوی کومالا کە دەژی و ئەوەی دیکەش بە ناوی سومالا کە دەکرێت، سومالا دەبێتە دێوێك و بە دوای ئەو کەسانەوە دەبێت کە دەیانەوێت کومالای خوشکی ئازار بدەن، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و ٥٠ خولەکە، لە دەرهێنانی ڕیزال مانتۆڤانی، نووسینی ڕۆکی سورایا، لە نواندنی: لونا مایا، ماکایلا ڕۆس، داریوس سنتاریا، ئەناندا جیۆرج.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کۆبونەوەی گرنگ دەبێت و بەشداری لە کاری گرنگدا دەکەیت و ڕەنگە بەرپرسانی گەورە ببینیت، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی هەیە لەڕووی پیشەیی و کارکردنتەوە، پشتیوانی لە خۆشەویستەکەت گرنگە، بەڵام دەبێت زیاتر لۆژیکی بیت و پشت بەخۆت ببەستیت، ئاگاداربە لە زۆر خۆری زیانی تەندروستی دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

یەکێك لە هاوپیشەکانی بەهەمو هێزێکیەوە هەوڵ دەدات وێنەی تۆ ناشرین بکات لەکارەکەت، بەڵام ئەنجامی کارەکانت هەمووان تووشی سەرسوڕمان دەکات، چونکە بە جددی و وردییەوە کارت بۆ کردووە، هێندە گرفتەکان ئاڵۆز مەکە، چونکە تۆ ناتوانیت بەبێ خۆشەویستەکەت بژیت و لێی دوور بکەویتەوە، لەڕوی تەندروستییەوە چالاك دەبیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

چالاکانە کار دەکەیت و زانیاری نوێ وەردەگریت و ئاڵوگۆڕی دەکەیت، ڕەنگە بەشداریی کارێکی هاوبەش بکەیت لەگەڵ یەکێك لە هاوپیشەکانت، خۆشەویستەکەت بەو هەڵبژاردنانەی دەیخاتە بەردەم ئاسوودەت دەکات، ئەمەش یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی هەندێك گرفت تێپەڕێنیت و دڵخۆش بیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


پێویستە بە هەندێك لە کار و چالاکی و ئەرکەکانتدا بچیتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی گومانت لێی هەیە و بوونەتە هۆی نیگەرنیت، تووشی سەرسوڕمان مەبە کاتێك لەڕووی سۆزدارییەوە تووشی هەندێك دەمەقاڵێ دەبیت، هەوڵ بدە هەمیشە نێوانێك بهێڵەرەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەشێکی خۆش و ئارام دەبێت و ڕزگار دەبێت لە هەندێك پەستانی کار و ئەرکی زۆر، لە هەمانکاتدا ڕۆژێکی خۆش و گونجاو دەبێت، بەپێی توانا هەوڵ بدە هێندە ڕووبەڕوو مەبەرەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، بەتایبەت ئەگەر هەست دەکەیت هەڵوێستی تۆ لاوازە، هەوڵ بدە بەهێمنی کێشەکان چارەسەر بکەیت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەرگیز مەترسە لەوەی ڕای خۆت دەربڕیت، چونکە هەڵەکردن ئاساییە و هێندە کاریگەریی خراپی نییە لەڕووی کارکردنەوە، زوتر ڕووبەڕووی خۆشەویستەکەت ببەرەوە لەوەی دەتەوێت باسی بکەیت باشترە لەوەی دوای بخەیت، ڕەنگە تووشی هەستیاری ببیت بەهۆی لاوازی بەرگریتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـــ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan April 14, 2025 Issue,No.1458

